# چیرۆکی ژیان

هاوڕێ کێخوا عەبدەی سماقوڵی

٢٠٢٤

ناوی کتێب: چیرۆکی ژیان
نووسەر: هاوڕێ کێخوا عەبدەی سماقوڵی
پێداچوونەوە: زامدار ئەحمەد
دیزاینی ناوەوە: سۆران تاودەر
دیزاینی بەرگ: ئیبراهیم ساڵح
چاپی یەکەم ٢٠٢٤
تیراژ: ١٠٠٠ دانە

چاپخانەی شەهاب - هەولێر

ژمارە سپاردن: ٢٠٢٤/٨٣٩ - هەولێر / هەرێمی کوردستان

# ناوەرۆک


| | | | |
|---|---|---|---|
| KURDISH STORY & LIFE STORY | 5 | ٥ | چیرۆکی کوردی و چیرۆکی ژیان |
| FARM DOG AND WOLF | 8 | ٨ | سەگی کێڵگە و گورگ |
| Bad actions for good | 10 | ١٠ | کردەوەی خراپ بۆ باش |
| Always be careful | 13 | ١٣ | هەمیشە ئاگادار بە |
| Learning lessons | 15 | ١٥ | وانە فێربوون |
| The nobility and the poor | 17 | ١٧ | دەرەبەگایەتی و چینی هەژار |
| The wealth of poor men | 19 | ١٩ | سامانی پیاوە هەژارەکان |
| A hungry fox got stuck in a tree hole | 21 | ٢١ | ڕێوییەکی برسی لە کونە دارێکدا... |
| Hospitality with Fu Fu Food | 23 | ٢٣ | میوانداری بە خواردنی فوو فوو |
| Takya and Shekhani Ghana | 25 | ٢٥ | تەکیە و شێخانی غانا |
| Ghana and President Park | 28 | ٢٨ | غانا و پارکی سەرۆک |
| Three Fish Friends and a Fisherman | 30 | ٣٠ | سێ ماسی هاوڕێ و ماسیگرێک |
| Your value and worth | 32 | ٣٢ | بەها و نرخی خۆت |
| Two poor boys | 34 | ٣٤ | دوو کوڕی هەژار |
| An old man and a telephone | 36 | ٣٦ | پیرە پیاوێک و تەلەفۆنێک |
| The Angry Boy | 38 | ٣٨ | کوڕێکی تووڕە |
| Cape Town | 40 | ٤٠ | کیپ تاون |
| A trip to South Africa | 42 | ٤٢ | گەشتێک بۆ باشووری ئەفریقا |
| A Glass of Milk | 45 | ٤٥ | پەرداخێک شیر |
| Strong and Arrogant | 48 | ٤٨ | بەهێز و لەخۆبایی |
| Brave Mountain People | 50 | ٥٠ | خەڵکی بوێری شاخ |
| Lonely at Home | 53 | ٥٣ | تەنیایی لەماڵەوە |
| My Time is Coming | 55 | ٥٥ | کاتی منیش دێت |
| An Angry Snake and the Carpenter | 57 | ٥٧ | مارێکی تووڕە لە دارتاشێک |
| Really friend | 59 | ٥٩ | هاوڕێی بەڕاستی |
| PEACOCK AND RABBIT | 61 | ٦١ | تاوس و کەروێشک |
| A Bear and Two Friends | 64 | ٦٤ | ورچێک و دوو هاوڕێ |
| Good Friendship | 66 | ٦٦ | هاوڕێیەتی باش |
| Bad Company | 68 | ٦٨ | کۆمپانیایەکی خراپ |
| A Man and a Cat | 70 | ٧٠ | پیاوێک و پشیلەیەک |
| Dinner of a Son and Father | 72 | ٧٢ | ئێوارە خوانی کوڕ و باوکێک |
| An Old Man, a Bride, and a Son | 74 | ٧٤ | پیرە پیاوێک و بووک و کوڕ |
| Stubborn Males | 77 | ٧٧ | نێری سەرسەخت |

| | | | |
|---|---|---|---|
| A Flower for My Mother | 79 | ٧٩ | گوڵێک بۆ دایکم |
| Ship and Friendship | 81 | ٨١ | کەشتی و هاوڕێیەتی |
| Rabbits in the Kingdom Garden | 84 | ٨٤ | کەروێشکەکان لە باخچەی... |
| The Bicycle | 86 | ٨٦ | پایسکیلەکە |
| Hidden Treasure | 89 | ٨٩ | گەنجینەی شاراوە |
| 1 Pound of Butter | 92 | ٩٣ | یەک کیلۆ کەرە |
| A Soldier›s Story | 94 | ٩٤ | چیرۆکی سەربازێک |
| Strange birds with two heads | 97 | ٩٧ | باڵندەی سەیروسەمەرەی دوو سەر |
| Big Dreams | 100 | ١٠٠ | خەونی گەورە |
| A Clever Wolf | 102 | ١٠٣ | گورگێکی زیرەک |
| Dark Shadow›s Message .. | 105 | ١٠٥ | پەیامی سێبەری تاریک... |
| Understanding | 108 | ١٠٨ | تێگەیشتن |
| Health is a Great Wealth | 110 | ١١٠ | تەندروستی سامانێکی گەورەیە |
| A climber and a leash | 113 | ١١٣ | شاخەوان و گوریسێک |
| Useless Friendship | 115 | ١١٥ | هاوڕێیەتی بێ کەڵک |
| A Rich Man and His Son | 117 | ١١٧ | پیاوێکی دەوڵەمەند و کوڕەکەی |
| Feelings live on an island | 119 | ١١٩ | هەستەکان لە دوورگەیەک دەژین |
| Crystal Ball | 121 | ١٢١ | تۆپی بلووری |
| A Farmer and His Wife | 125 | ١٢٥ | جووتیارێک و هاوسەرەکەی |
| A Loyal Mother | 127 | ١٢٧ | دایکێکی دڵسۆز |
| Trees and Tourists | 129 | ١٢٩ | درەخت و گەشتیار |
| The Three Cows | 131 | ١٣١ | سێ مانگاکە |
| Wolf and Lamb | 134 | ١٣٤ | گورگ و بەرخ |
| A Greedy Boy | 137 | ١٣٧ | کوڕێکی تەماحکار |
| Three Boys and a Camel | 140 | ١٤٠ | سێ کوڕ و حوشترێک |
| The Kingdom of Lies | 143 | ١٤٣ | مەملەکەتی درۆ |
| A Strange Thief in a Garden | 145 | ١٤٥ | دزێکی نامۆ لە باخچەیەکدا |
| A Stubborn King | 148 | ١٤٨ | پاشایەکی عیناد و کەلە ڕەق |
| A Clever Crab and a Bird | 151 | ١٥١ | قرژاڵێکی زیرەک و باڵندەیەک |
| Pigeons and Ants | 154 | ١٥٤ | کۆتر و مێروولە |
| Think before you make... | 156 | ١٥٦ | پێش بڕیاردان بیر بکەوە! |
| The Struggle of Life | 159 | ١٥٨ | خەباتی ژیان |
| Dig a hole for others, ... | 162 | ١٦٠ | چاڵ بۆ خەڵک هەڵکەنێ.... |
| A kilo and a half.. | 165 | ١٦٣ | کیلۆ و نیوێک گۆشت لە ... |
| The Golden Window | 168 | ١٦٥ | پەنجەرەی زێڕین |

# چیرۆکی کوردی و چیرۆکی ژیان

چیرۆک ژانرێکی بەرچاوی نێو ئەدەبیاتی میللەتانە، هەر لە کۆنەوە، لەگەڵ دروست بوونی مرۆڤ بە شێوەی زارەکی و دەماودەم گێڕدراوەتەوە، بەڵام نووسینەوە و یاداشت کردنی چیرۆک بۆ قۆناغەکانی دواتر دەگەڕێتەوە.

هاوشێوەی میللەتانی دیکە، کوردیش خاوەن چیرۆک بووە، دەیان و سەدان چیرۆک بە شێوەی زارەکی لە باپیرانەوە بە کوڕ، نەوە، نەتیجە، نەدیدە و نەبیرە گەیشتووە، بەڵام نووسینەوەی چیرۆک لە نێو کورددا مێژوویەکی کۆنی نییە، ئەوەی بەردەستە و باوە، چیرۆکی (لە خەوما)ی جەمیل سائیبە، کە بە یەکەم چیرۆکی نووسراوە لە مێژووی کورد دادەنرێت، کە لە ساڵانی ١٩٢٥–١٩٢٦ بە چەند بەش لە ڕۆژنامەکانی ژیانەوە و ژین بڵاوی کردووەتەوە... ئەگەرچی توێژەرانی ئەو بوارە، جاروبار باس لە بابەتێک دەکەن بە ناوی (چیرۆک) کە ساڵی ١٩١٣ لە لایەن فوادی تەمۆ لە ژمارە یەک و دووی گۆڤاری ڕۆژی کورد نووسراوە و بڵاو کراوەتەوە، واتە بەکارهێنانی چەمکی چیرۆک لە نووسیندا بۆ ئەو کاتە دەگەڕێننەوە.

لەوە بەدواوە، بە تێپەڕبوونی کات و لەگەڵ گەشەکردن و بایەخدان بە ڕۆژنامەوانی کوردی، بڵاوکردنەوەی چیرۆک لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان بەرچاو دەکەون، لەمەوە دەکرێت بڵێین بە هۆی درەنگ بڵاوکردنەوەی گۆڤار و ڕۆژنامە، یاخود بە هۆی نەبوونی نووسینەوە، چیرۆکیش بڵاونەکراوەتەوە.

لە ڕاستیدا چیرۆک هەڵگری چەند پەیامێکی جیاوازە؛ هەر لە پەیامی کۆمەڵایەتی ڕا تا دەگاتە پەیامی سیاسی، فەرهەنگی،

کولتووری و مێژوویی، ئەگەرچی هەندێک جاریش لێکدانەوەی جیاواز بۆ پەیامی چیرۆکەکە کراوە. دەکرێت بە کورت و پوخت بڵێین: چیرۆک گێڕانەوەی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ڕابردووە، گەلێک جاریش تێکەڵ بە ئەفسانە کراوە.

لە قۆناغی ئێستادا چیرۆک برەوی پێ دراوە، ژمارەی چیرۆکنووسان لە زیادبووندان، تەنانەت بەشێک لە ڕووداوە تراژیدیاکانی ڕابردووی مێژووی کورد بە شێوەی چیرۆک نووسراوە و بڵاوکراوەتەوە، ئەمەش جێی دڵخۆشی و شادمانییە.

کتێبی چیرۆکی ژیان لە نووسینی هاوڕێ کێخوا عەبدەی سماقوڵی، ٦٧ چیرۆکی هەمەڕەنگ، هەمەلایەنە و فرەبابەتی لەخۆگرتووە، بەشێک لە چیرۆکەکان لە زمانی بێگانەوە وەرگیراوە، بەو مانایەی هەڵقوڵاوی کولتوور و فەرهەنگ و دابونەریتی میللەتانی دیکەیە، بەڵام وەرگێڕ بە دەستکارییەوە چیرۆکەکانی وەرگرتووە و تا ڕادەیەک لەگەڵ مێژوو و فەرهەنگ و کولتووری کوردی بەیەکەوە گرێ داوە. لە لایەکی دیکەوە هاوڕێ کێخوا عەبدە چەند سەفەرێکی بۆ کیشوەری ئەفریقا و غانا کردووە، لەو نێوەدا بەشێک لە دیمەنی ئەو شوێنانەی بە چیرۆک باس کردووە. لە کۆتاییشدا بە ڕستەیەک پوختە و پەیامی چیرۆکەکەی خستووەتە ڕوو.

سەرەڕای گرنگی و تۆمارکردن و بڵاوکردنەوەی ئەم چیرۆکانە، هاوکات لایەنێکی دیکەی بەپێزی ئەم کتێبە ئەوەیە کە لە بەرامبەر دەقە کوردییەکە دەقی ئینگلیزیش دانراوە، دەکرێت ئەمەش بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی سوودی لێ وەربگیرێت.

بە شێوەیەکی گشتی چیرۆکەکان پەیامە بۆ ژیان، خۆشەویستی، خاک و نیشتمان، دڵسۆزی و ڕاستگۆیی، خێزان

و هـاوڕێ و... هتـد. هەڵبـەت بەگوێـرەی پاشـخانەی کۆمەڵایەتـی و مێژوویـی و... خوێنـەران، دەکرێـت هـەر یـەک لـە چیرۆکـەکان خوێندنـەوە و پەیامـی دیکـە لـە خـۆ بگرێـت.

وێـڕای ماندوونەبـوون و دەستخۆشـی لـە کاک هـاوڕێ، هیـوای بەردەوامـی سـەرکەوتنی بـۆ دەخـوازم.

زامدار ئەحمەد
کۆیە
٢٦ی حوزەیرانی ٢٠٢٤

# سەگی کێڵگە و گورگ



سەگێک پاسەوانێکی زۆر باشی کێڵگەیەک بوو، ڕۆژێک تووشی گورگێکی برسی بوو، بەیەکەوە گفتوگۆیان کرد، لە ئەنجامدا بوونە هاوڕێی یەکتری.

گورگ پرسیاری لە سەگەکە کرد و گوتی: کاری تۆ لەم کێڵگەیە چییە؟

لە وەڵامدا سەگەکە گوتی: چاودێری و پاسەوانی ئەم کێڵگەیە دەکەم، لە بەرامبەردا ئاغاکەش بە باشی خۆراکم پێ دەدات، هەروەها سەگەکە ئامۆژگاری گورگەکەی کرد و گوتی: «تۆش بە ڕاستگۆیەوە کار بکە، وەستاکە بە باشی خۆراکت پێ دەدات»، گورگ بەمە ڕازی بوو، گوتی: باشە، ئەگەر ئاغا وەرم بگرێت، منیش حەز دەکەم ببمە پاسەوانی کێڵگەکەتان، دەتوانی بە ئاغاکەت بڵێیت: منیش وەک پاسەوانی کێڵگە دابمەزرێنم؟

لەو کاتەدا گورگەکە سەرنجی ملی سەگەکەیدا و گوتی: هاوڕێ بۆ نیشانەی زنجیر بە ملتەوە هەیە؟

لە وەڵامدا سەگەکە گوتی: لە ڕۆژدا زنجیر لە ملم دەکەن و دەم بەستنەوە، شەوانەش زنجیرەکە لێ دەکەنەوە بۆ ڕاو ئازاد دەکرێم.

کاتێک گورگ ئەمەی بیست تووشی شۆک بوو، گوتی: هاوڕێ من پەشیمان بوومەوە، نامەوێت لە کێڵگە دابمەزرێم، پێم باشە ئازاد و برسی بم، نەک کۆیلەی هەر کەسێک بم؛ بە ئارەزووی خۆی یاریم پێ بکات و ڕاوم پێ بکات.

ئەخلاقی ژیان پێمان دەڵێت: ئازادی و سەرفرازی بە برسییێتییەوە باشترە، نەوەک بتکەنە کۆیلە و بە زنجیر بتبەستنەوە، هەموو ڕۆژێکیش ئیهانە و سووکایەتیت پێ بکرێت.

۱۳ی شوباتی ۲۰۲٤

# کردەوەی خراپ بۆ باش



جارێـک پاشـایەکی زۆر دڕنـدە و نادادپـەروەر هەبـوو، هەمیشـە تامـەزرۆی لـە چـاو سـوورکردنەوە، دڕندەیی، خۆبـەزل زانین، ئازاردان و کوشتن هەبوو، حەزی لە ڕاودونـان و برسـی کردنـی نەیارەکانـی دەکـرد، ویسـتی مردنـی خەڵکـی هەبـوو.

ڕۆژێـک هەموویانـی سـەرسـام کـرد و ڕای گەیانـد کـە: بڕیـاری داوە لاپەڕەیەکـی نـوێ و سـپی هەڵبداتـەوە و لـە هەمـوو جومگەکانـی ژیـان چاکسـازی بـکات.

بەڵێنیـدا چیـدی دڕندەیـی و نادادپـەروەری ئەنجـام نـەدات، خۆی نەرمونیان و باش بکات، ژیانی خەڵک خۆش بکات، پاشـا قسـەکانی خـۆی بەجێهێنـا، ئەوجـار بـە پاشـای نەرمونیـان ناسـرا.

چەند مانگێک دوای ئەو گۆڕانکارییە، یەکێک لـە وەزیرەکان هێندە متمانـە و ورەی بـەرز بوو، تا لـە پاشـا بپرسـێت چـی بـووە هـۆی گۆڕینـی دڵـی تـۆ؟ ئێسـتا وا نەرمونیـاز بوویـت و خەڵـک لێـت ڕازییە؟

پاشا وەڵامی دایەوە و گوتی: «کاتێک بە ناو دارستانەکاندا دەڕۆیشتم، چاوم بە ڕێوییەک کەوت، کە سەگێک ڕاوی دەنێت، ڕێوییەکە بۆ کونەکەی خۆی هەڵهات، بەڵام پێش ئەوەی سەگەکە قاچی بگرێت، بۆ هەتا هەتایە ڕێوییەکەمان لێ ون بوو.» دواتر سواری ئەسپەکە بووم و بەرەو گوندێک ڕۆیشتم، لەوێ هەمان سەگم بینی، کە بە پیاوێک دەوەڕێت، پیاوەکەش بەردێکی گەورەی هەڵگرت و بە توندی لە سەگەکەیدا و قاچی شکاند، ئینجا کابرا ڕۆیشت، بەڵام هێندەی نەبرد کە ئەسپێک لێیدا و ئەژنۆی شکا، بەم جۆرە کەوتە سەر زەوی و بۆ هەتا هەتایە کەمئەندام بوو، دواتر ئەسپەکە دەستی بە ڕاکردن کرد، کەچی ئەویش کەوتە ناو جەنگەڵێکەوە و قاچی شکا. بە بیرکردنەوە لە هەموو ئەو شتانەی کە ڕوویاندا، بیرم کردەوە کە خراپە بکەیت، خراپە دێتەوە ڕێت، کاری قێزەون، نادادپەروەری، چەوساندنەوە، زەبر و زەنگ و ماڵ وێرانکردن کاری خراپن، واتە بەر لەوەی ئازار بە دەوروبەرت بگەیەنی ئازار بە خۆت دەگات. کەواتە ئەگەر لە ڕێگای خراپ بەردەوام بم، بە دڵنیاییەوە خراپە بەسەرمدا دێت، لەبەر ئەوە بڕیارمدا هەڵسوکەوتی خۆم بگۆڕم.

ڕۆژێک وەزیرێک بەو پەڕی باوەڕەوە چوو تا کودەتا بە سەر ئەو پاشایەدا بکات و تەختی پاشایەتی بۆ خۆی وەربگرێت، بەڵام چونکە پاشا هەڵسوکەوتی خۆی گۆڕی بوو، کاری باشی بۆ وڵاتەکەی ئەنجام دەدا، خەڵک پشتیوانی دەکرد، کاکی وەزیر لە کاتی چوونی بۆ کودەتا لە بیرکردنەوەیەکی

قوولـدا بـوو، لەبـەر ئـەوە هەنگاوەکانـی بەردەمـی نەدەبینـی و کەوتـە خـوارەوە و شکسـتی هێنـا.

ئەخلاقی ژیان پێمان دەڵێت: کار و کردەوەی باش، خزمەت کردنـی خەڵـک و وڵات، لای خەڵکـت خۆشەویسـت دەکات، بـەم جـۆرەش لـە فەرمانڕەوایـی سـەرکەوتوو و تەمـەن درێـژ دەبیـت، چونکـە خەڵـک پشـتیوانییەکی بەهێـزی پاشـا دەبێـت، کـردەوەکان هەمیشـە ئـەو شـتانەمان پـێ دەداتـەوە کـە بـە دەوروبـەری دەدەیـن، ئەگـەر چاکـە لەگـەڵ ئەوانـی دی بکەیـن، چاکەمـان دێتـەوە پێـش، بـەڵام ئەگـەر خـراپ لەگـەڵ ئەوانـی دی بکەیـن، نـۆرەی ئێمـەش دێـت و خراپەکانمـان ئێمـەش ڕادەماڵێـت.

٩ی شوباتی ٢٠٢٤

# هەمیشە ئاگادار بە



سەردەمانێک شێرێکی زۆر پیر هەبوو، کە نەیدەتوانی هیچ نێچیرێک بۆ خواردن ڕاو بکات، لەبەر ئەوە لە دڵی خۆیدا گوتی: دەبێت شتێک بکەم بۆ ئەوەی گەدەم لە برسییەتی ڕزگار بکەم، ئەگەر نا لە برسان دەمرم.

بەردەوام لە بیرکردنەوەدا بوو، دواجار بیرۆکەیەکی بۆ هات و بڕیاریدا لە ناو ئەشکەوتەکەدا پاڵ بکەوێت و وا خۆی نیشان بدات کە نەخۆشە، دواتر هەر کەسێک، یان هەر ئاژەڵێک بۆ پرسیارکردن هاتە لای یەکسەر دەیکاتە نێچیر و دەیخوات.

شێرە پیرەکە، پلانە خراپەکەی خستە بواری جێبەجێکردنەوە، زۆرێک لە نێچیرەکان بوونە خۆراکی پیرە

شێر و خوران و کوژران. بەڵام خراپە تەمەنی کورتە.
ڕۆژێک ڕێوییەک بۆ سەردانی شێرە نەخۆشەکە هات، دیارە کە ڕێوی بە زیرەکی ناسراوە، لەبەر ئەوە ڕێوی لە دەمی ئەشکەوتەکە وەستا و سەیری دەوروبەری دەکرد، هەستی شەشەمی کاری کرد و گەیشتە واقیعەکە. ڕێوی لە دەرەوە بانگی شێرەکەی کرد و گوتی: کاکە شێر چۆنیت؟
شێرەکە وەڵامی دایەوە و گوتی: بە هیچ شێوەیەک هەست بە باشی ناکەم، پیر بووم، زۆر نەخۆشم و تەندروستیم باشی نییە، مام ڕێوی ئەوە بۆ نایە ژوورەوە؟
پاشان ڕێوی وەڵامی دایەوە و گوتی: کاک شیر زۆرم پێ خۆشە بێمە ژوورەوە، بەڵام کاتێک دەبینم هەموو کەس و ئاژەڵەکانی دیکە کە دێنە ناو ئەشکەوتەکە هیچیان ناگەڕێنەوە، پێت وایە ئەوەندە گەمژەم، کە بێمە ژوورەوە تا ئازاری منیش بدەی و لە ناوم ببەیت؟
دواتر ڕێوییەکە چوو هەموو ئاژەڵەکانی ئاگادار کردەوە، کە نەچنە ناو ئەشکەوتەکە، شێری فێڵباز پیلانی لەناوبردنی هەمووانی هەیە.
بەم شێوەیە کەس نەچووە لای شێرەکە، لەبەر ئەوە شێرەکە لە برسان تۆپی و لەناو چوو.
ئەخلاقی ژیان پێمان دەڵێت: هەمیشە چاوەکانت بە کراوەیی بهێڵەوە، پێش ڕۆیشتن ئاگاداری خۆت بە.

٨ی شوباتی ٢٠٢٤

# وانە فێربوون



ڕۆژێـک باوکـی خێزانێکـی زۆر دەوڵەمەنـد، کوڕەکـەی بـردە گەشـتێکی لادێ، تـا ڕاشـکاوانە نیشـانی بدات کـە خەڵکـی هـەژار و لادێ چـۆن دەژیـن.
بـاوک و کـوڕی دەوڵەمەنـد بـۆ لادێکـە سـەفەریان کـرد، یـەک دوو ڕۆژ و شـەو لـە کێڵگـەی خێزانێکـی هـەژار هـەژار مانـەوە.
دوای گەڕانەوەیـان لـە سـەفەرەکە، باوکەکـە لـە کوڕەکـەی پرسـی: سـەفەرەکە چـۆن بـوو؟
– کوڕ: باوکە زۆر نایاب بوو.
– بـاوک: بینیوتـە خەڵکـی هـەژاری لادێ چـۆن دەژیـن و ژیـان بەسـەر دەبـەن؟
– کوڕ: ئای، بەڵێ باوکە گیان.
– باوک: کەواتە پێم بڵێ، لە سەفەرەکەدا چی فێر بوویت؟

– کوڕ: بینیم ئێمە یەک سەگمان هەیە، ئەوان چوار سەگیان هەبوو، ئێمە حەوزێکمان لە ناوەڕاستی باخچەکەمان هەیە، ئەوانیش کانییەکیان هەیە کە کۆتایی نییە. ئێمە لە باخچەکەماندا لامپا و فانۆسمان هاوردە کردووە، ئەوان شەوانە ئەستێرەیان هەیە. ئێمە حەوشەیەکمان هەیە، ئەوان باخچەیان هەیە و هەمووی شتی تێدایە. ئێمە پارچە زەوییەکی بچووکمان هەیە بۆ ئەوەی لە سەری بژین، ئەوان کێڵگەیان هەیە، ئەوەندە گەورەیە کە بە چاو هەمووی نابینرێت. ئێمە خزمەتکارمان هەیە و خزمەتمان دەکەن، بەڵام ئەوان خزمەت بە کەسانی دی دەکەن. ئێمە خواردن دەکڕین، بەڵام ئەوان خواردنی خۆیان هەیە و تەنانەت دەی فرۆشیشن. ئەوان چێڵ، بزن، پەلەوەر، ماست و پەنیر و سروشتێکی جوانیان هەیە، کەچی ئێمە نیمانە. ئەوان لە ژیان ئاسوودە و بێ ترسن، بەڵام ئێمە لە ژیان دەترسین و ئاسوودە نین، هەروەها بە مەبەستی پاراستن ئێمە دیوارمان لە دەوروبەری موڵکەکەمان داوە، بەڵام ئەوان هاوڕێیان هەیە و دەیانپارێزن، کەواتە جیاوازییەکان زۆرن.

باوکی کوڕەکە بێدەنگ بوو.

پاشان کوڕەکە لە قسەکانی بەردەوام بوو و گوتی: باوکە گیان، تۆ زۆر شتت نیشانی مندا، زۆر شتت لێ فێر بووم، سوپاس کە نیشانتدام ئێمە چەندە لەوان هەژارترین.

ئەخلاقی ژیان: خۆشەویستی، یەکگرتوویی، خەمخۆری، ڕەزامەندی، تێکەڵاوی و دۆستایەتی، ئاسوودەیت پێ دەبەخشێت، خۆشگوزەرانی و سەروەت و سامانی لادێ ناز و نیعمەتە، بەر هەموو کەس ناکەوێت.

۷ی شوباتی ٢٠٢٤

# دەرەبەگایەتی و چینی هەژار



دەرەبەگایەتی، یان سیستەمی دەرەبەگایەتی، بە ئینگلیزی دەبێتە (feudalism)، کە لە نێوان پاشا و خانەدانەکان سیستەمێکی کۆمەڵایەتی بەرهەمهێنانی دەسەڵاتدارییە، لە سەر بنەمای موڵکایەتی تایبەتی بۆ زەوی لە لایەن دەرەبەگەکانەوە بنیاتنراوە، لەگەڵ بەکارهێنەرانی چینی جووتیار و هەژار.
کۆیلایەتی ڕاستەقینەش ئەوەیە، کە پابەندی کۆمەڵێک بیروبۆچوونی ڕزیو، خراپ و پووچ بیت و بۆ بەرژەوەندی دەرەبەگەکان بایەخی پێ بدەیت.
کۆیلایەتی ئەو ڕەوشەیە کە مرۆڤ تێیدا خاوەنی مرۆڤێکی دیکەیە، لەو کەسانە پێک هاتوون، کە بێ بەش بوون لە سەرجەم مافە مرۆڤایەتییەکان، کۆیلەکان بە کاڵا دادەنران و هیچ مافێکی سەرەتاییان نەبوو.
خۆمان دوای پیاوی زاڵم دەکەوین، هەر وەک بڵێی مەخلوقی ئەوین، هەر چیمان هەیە ئەو دەیبات و دەیخوات.

چینی زاڵم قەت حەزی بە پێشکەوتن و خوێندەواری و زانست و زانیاری نەبووە. هەمیشە پێی خۆش بووە خەڵکە هەژارەکە لە دەوری هەڵبسووڕێت بە پاشا، ئاغا، یا شێخ، گەورەم و ئەزبەنی و کۆمەڵێک ناوی دی بانگ بکرێن.
سەروەت و سامان و دەسەڵاتداری هەمیشە لای ئەو چینە زۆردارە بووە. پیاوی کۆیلە و زۆرداری پێ دروست کردووە و بەکاری هێناون، بۆ ئەوەی نەوە لە دوای نەوە پابەندیان بکەن و بۆ مەرامە تایبەتییەکانی خۆیان و بنەماڵەکانیان سوودیان لێ وەربگرن.
لە کاتی شەڕی نێوان هۆزەکان و تیرەکانی دی هەر ئەو چینە هەژارە بووەتە سووتماک و قوربانی بۆ ویستە تایبەتییەکانی ئەوان.
ئەو چینە زۆردارە بە شێوازی جیاجیا فەرمانڕەوایەتیان کردووە، هەر بەردەوامیشن و پەرەشی پێ دەدەن.
بە هیچ جۆرێک بیریان لە پێشکەوتنی وڵات و نەتەوەکەی خۆیان نەکردووەتەوە، تەنیا بیر لە خۆیان و بەرژەوەندی بنەماڵەکەیان دەکەنەوە، هەندێکیشیان وا پەروەردە کردووە، تەنیا بیری زوڕناژەنین و پێداهەڵدان بووەتە پیشەیان.
زۆربەی ڕۆژگارەکانیش کە پاشا، یان سەرۆکەکان مردوون، کوڕەکانیان وەک جێگرەوەی یەکەم دەستنیشان کردووە، شەڕیشیان لەو پێناوە کردووە و لەو کارەش هەر بەردەوامن.
هەر گەلێکیش لەم جۆرە حوکمڕانییە بەردەوام بێت، بێگومان وڵاتەکەی لە ئایندەدا هیچ ئاسۆیەکی ڕوونی نابێت.

٤ی شوباتی ٢٠٢٤

# سامانی پیاوە هەژارەکان



سام و ڕام دراوسێی یەکتری بوون، سام جووتیارێکی هەژار بوو؛ ڕامیش خاوەن سامان و خانوو بوو.
سەرەتا سام زۆر ئارام و دڵخۆش بوو، شەوانە هەرگیز خۆی بە داخستنی دەرگا و پەنجەرەی ماڵەکەیەوە سەرقاڵ نەدەکرد، خەوی قووڵ بوو؛ پرخەی دەنگی هەبوو، هەرچەندە پارەی نەبوو، بەڵام ئاشتیخواز، ئارام، ئاسودە و دڵخۆش بوو.
سەرەتا ڕام زۆر گرژ و تووڕە بوو، هەمیشە پێی خۆش بوو شەوانە دەرگا و پەنجەرەی ماڵەکەی دابخات، نەیدەتوانی بە باشی بخەوێت، هەمیشە بێزار بوو، ترسی لەوە هەبوو کەسێک دەرگا و پەنجەرەکان بشکێنێت و غەدری لێ بکات؛ یا پارەکانی بدزن، چونکە خاوەن سامان بوو، هەڵبەت ئیرەیی بە ئاشتیخوازییەکەی سامی دراوسێی دەبرد.

ڕۆژێـک ڕام تەلەفـۆن بـۆ سـام دەکات و سـندووقێکی پـڕ لـە پـارەی نەختینـەی پێدا و گوتـی: هاوڕێی ئازیـزم، من بە سـامانێکی زۆرەوە بەختـەوەرم، تۆش بە هـەژاری دەبینـم، لەبەر ئـەوە حـەز دەکـەم هاوکاریت بکـەم، فەرمـوو ئـەم پارە نەختینەیـە وەربگـرە و لـە خۆشـگوزەرانیدا بـژی.
سـام زۆر دڵخـۆش بـوو؛ بـە درێژایی ڕۆژەکـە دڵخـۆش بـوو، بەڵام کاتێـک شـەو داهـات، سـام وەک هەمیشـە چـووە سـەر جێگا، بـەڵام ئەمجـارە نەیتوانـی بخەوێـت، بۆیـە چـوو دەرگا و پەنجەرەکانـی داخسـت، کەچـی هـەر نەیدەتوانـی بخەوێـت، بـەردەوام چـاوی لـە سـندووقی پارەکـە بـوو، بـەم جـۆرە بـە درێژایـی شـەو تووشـی شـڵەژان و دڵەڕاوکێ بـوو.
کاتێـک ڕۆژ بـووەوە سـام سـندووقی پـارە نەختینەکـەی بـردە لای ڕام و سـندووقەکەی پـێ دایـەوە و گوتـی: هاوڕێـی ئازیـز مـن هـەژار و ئاسـوودە بـووم. بـەڵام پارەکـەت ئارامـی و ئاسـوودەیی لـێ سـەندمەوە، تکایـە قەبووڵـی بکـە و پارەکانـت وەربگـرەوە. مـن پـارەی تـۆم ناوێـت، لەوەتـەی پـارەی تـۆ کەوتووەتـە لام، ئارامـی و ئاسـوودەیم تێـک چـووە.
ئەخلاقـی ژیـان پێمـان دەڵێـت: پـارە ناتوانێـت هەمـوو شـتێک بەدەسـت بهێنێـت. فێـر بـە و بـەوە ڕازی بـە کـە هەتـە؛ هەمیشـە دڵخـۆش و ئاسـوودە دەبیـت.

٤ی شوباتی ٢٠٢٤

## ڕێوییەکی برسی لە کونە دارێکدا گیر بوو



ڕێوییەکی برسی بە دوای شتێک دەگەڕا تا بیخوات؛ زۆر برسی بوو، هەرچەندە ڕێوی هەوڵیدا نەیتوانی خواردن بدۆزێتەوە، لە کۆتاییدا چووە لێواری دارستانەکە و لەوێ بە دوای خواردندا گەڕا، لە ناکاو چاوی بە دارێکی گەورە کەوت، کە کونێکی تێدا بوو.

لە ناو کونەکەدا پاکەتێک هەبوو، ڕێوی برسی یەکسەر بیری لەوە کردەوە، کە ڕەنگە خواردنی تێدا بێت، بەمە زۆر دڵخۆش بوو. بازی بۆ ناو کونەکەدا، کە پاکەتەکەی کردەوە، بینی پارچەیەک نان، گۆشت و میوەی تێدایە!

خاوەنی خواردنەکە پیرە پیاوێک بوو، بەر لە دەست کردن

# میوانداری به خواردنی فوو فوو (Fu Fu)



لـه سـەردانێکم بـۆ غانـا (Ghana)، لـە کیشـوەری ئەفریقـا، زۆر شـتی جیـاواز و جۆراوجـۆرم بەرچـاو کـەوت.
بێگومـان هەمـوو نەتەوەیـەک، خاوەنـی کولتـوور، فەرهەنـگ، خـواردن، جلوبـەرگ، ئاهەنـگ گێـڕان و زۆر شـتی دی تایبەتـی خۆیانـن.
سـامویێل گوتـی: هاوڕێ حـەز دەکەیـت سـەردانی دایکـم و پـوورم بکەین؟ چونکە دایکم گوتـی: میوانەکە لەگەڵ خۆت بهێنە، مـن خواردنـی فـوو فووتـان بـۆ دروسـت دەکـەم.
منیـش گوتـم: پێـم خۆشـە، هەم خانەوادەکـەت و هەم ناوچەکـەش دەبینیـن.
بـەرەو شـاری ئەکـڕا (Accra) ڕۆیشـتین، کـە ٧٥ کیلۆمەتـر دوور بـوو. ئـەوان لـە گوندێکـی زۆر نـاوازە و جـوان دەژیـان، چووینـە ماڵـی دایکـی سـامویێل و پێشـوازی و حورمەتێکـی

باشیان گرتین.
دایکی گوتی: بە هاتنت دڵم خۆشم، لەبەر ئەوە خواردنی فوو فووم بۆ دروست کردوون، لە وەڵامدا گوتم: زۆر سوپاس، من زیاتر بەو سەردانە و دیدەنی ئێوە دڵ خۆشم.
یەکەم جارم بوو ئەو جۆرە خواردنانە ببینم، بە لامەوە شتێکی جیاواز بوو.
ئەم خواردنە ئەفریقییە بەناوبانگە، کە بە FU FU ناسراوە چییە؟
فوو فوو خواردنێکی سەرەکییە لە ئەفریقا، تەنانەت لە زۆرێک لە وڵاتانی ناوەڕاست و ڕۆژئاوای ئەفریقاشدا هەیە.
فوو فوو، بە تێکەڵکردن، وردکردن، یان تێکەڵکردنی سەوزەی نیشاستەیی، یان گەنم دروست دەکرێت، تا ڕێڕەوێکی هاوشێوەی یەکگرتوویی دروست دەکات، ئەم خواردنە زیاتر لەگەڵ شۆربای بامیەی ئەفریقی، یان شۆربای ئۆگبۆنۆ، یان شۆربای ماسی دەخورێت، بە لای ئەفریقییەکانەوە هەر ژەمێکی فوو فوو هەبێت، ئەوا ئەوان دڵخۆش و شادمان دەبن.
فوو فوو لە چی دروست دەکرێت؟
جۆرەکانی فوو فوو لە سەرانسەری ئەفریقادا دەبینرێن، لە سەوزەی نیشاستە، کە بە ئاسانی دەست دەکەوێت لە ناوچەکە دروست دەکرێن، بە شێوەیەکی باو لە ئاردی گەنم، ئاردی گەنمەشامی، ئاردی برنج دروست دەکرێت.
لە ڕاستیدا بە بینینی ئەم جۆرە کولتوور و فەرهەنگە جیاوازانە دڵم خۆش بووم.
تا بگەڕێین و لە ژیان بەردەوام بین، شتی ناوازە و جیاواز دەبینین.

٢٨ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤

بـه بڕینـی دار لـە دارسـتانەکە خواردنەکـەی لـەو کونـە دانابـوو، دەیویسـت لـە نیـوەڕۆدا بیخـوات.
ڕێوی بە خۆشـحاڵییەوە دەستی بە خـواردن کرد، دوای ئەوەی خواردنەکـەی تـەواو کـرد هەسـتی بـە تینوێتـی کـرد، بڕیاریـدا کونەکە بەجێبهێڵێت و لـە کانییـەک ئـاو بخواتـەوە، بـەڵام هەرچەند هەوڵیدا نەیتوانـی لـە کونەکـە دەربچێت، دەزانـی بـۆ؟
بەڵـێ، ڕێـوی ئەوەنـدە خواردنـی خـوارد بـوو، کـە ورگـی زۆر گـەورە بووبـوو، نەیدەتوانـی بـە ئاسـانی لـە کونەکـە بێتـە دەرێ.
ڕێوی زۆر دڵتەنگ بوو، بە خۆی گوت: خۆزگـە بەر لـە بازدان بۆ نـاو ئـەو کونـە کەمێک بیـرم کردبووایـەوە.
بەڵێ ئەمە ئەنجامی ئەنجامدانی کارێکە بە بێ بیر لێ کردنەوە.
وەک پەندە کوردیەکە دەڵێت: ئەگەر کاکە هی خۆت نەبوو، خۆ کادێن هی خۆتـە.
کەواتە ئاگاتان لە خواردن بێت، با تەندروستیتان باش بێت.

٣ی شوباتی ٢٠٢٤

# تەکیە و شێخانی غانا



لە ناو هەموو گەلانی دونیا دیاردەی ئایینی، کولتوور و دابوو نەریتی خۆیان هەیە. تەکیە و خانەقاش لە زۆربەی شار و گوندەکانی کوردستان بوونی هەبووە و هەیە.

لە کوردستان و بە تایبەتی لە کاتی جێبەجێ کردنی ئەرکە ئایینییەکان هەرگیز نەچوومەتە تەکیەکان. بەڵام لە مانگی ئەیلوولی ساڵی ٢٠١٨ بە گەشتێک چوومە وڵاتی غانا.

ساموێل و دایی، وەک دوو مرۆڤی جوان بوونە هاوڕێی گەشتەکەم. ساموێل گوتی: هاوڕێ حەز دەکەیت بچیتە تەکیەی ماڵی شێخ، کە هەموو ڕۆژانی هەینی لەو تەکیەیەدا ئەرکی ئایینی خۆمان جێبەجێ دەکەین و خەڵکێکی زۆر لەوێ کۆدەبنەوە و مەراسیمی ئایینی ئەنجام دەدەن. گوتم: بێگومان حەز دەکەم و پێم خۆشە ببینم، بزانم چ دەکرێت و چ دەکەن.

ڕۆژی هەینی ڕووەو شارۆچکەیەک ڕۆیشتین کە ٤٠ کیلۆمەتر لە ئەکرای (Accra) پایتەخت دوور بوو، ساموێل

چووە ژوورەوە، گوتی: یا شێخ پیاوێک لە سویدەوە هاتووە و دەیەوێت لە تەکیەدا بەشداری مەراسیمی ئایینی بکات. یەکێک لە دەستە ڕاستەکانی شێخ هات و پێشوازی لێ کردم، گوتی: بە خێر بێیت، من ناوم دایڤە، یاریدەدەری شێخم، بفەرموو، بەڵام لە کاتی جێبەجێ کردنی مەراسیمەکە نابێت وێنە بگریت و ڤیدیۆ تۆمار بکەیت، هەڵبەتە پێشتر مۆبایلەکەی خۆم بە ساموێل دابوو، تا چەند وێنەیەکم بۆ بگرێت.

خولاسە چووینە مەراسیمەکە و منیان بە شێخ ناساند و لە نێوان شێخ و یاریدەدەرەکەی دانیشتم، لەوێ ڕێزێکی زۆریان لێ گرتم.

مەراسیمەکە لە دەرەوەی بیناکە، لە ژێر ساباتێکی گەورەی جوان بەڕێوە دەچوو، بەڵام هەر چواردەوری کراوە بوو، دیزاینێکی جوانی هەبوو.

شێخ و دارودەستەکەی لە سەر قەنەفە و کورسی دانیشتبوون، خەڵکێکی زۆری هەژاریش، بە ژن و بە پیاوەوە لە ژێر ئەو ساباتە و لە سەر زەوی دانیشتبوون، هەر کەسێک مریشکێک، یان کەڵەشێر، قاز، عەلەشیش، گیسک و بەرخیان لەبەر دەم بوو، چونکە دانیشتنەکەیان بازنەیی بوو، ناوەڕاستیان بەتاڵ بوو.

یەکێکیش لە موریدەکانی شێخ لەسەر دۆشەکێکی جوان دانیشتبوو. یەک یەک بانگی خەڵکەکەی دەکرد، بە نموونە مریشکەکەی وەردەگرت، ئینجا تەقڵەیەکی بە مریشکەکە لێ دەدا و دەچووەوە شوێنی خۆی، کارەکەی بەردەوام بوو تا هەموو ئامادەبووان تەواو بوون.

دوای هەموویان خاوەن پەلەوەر و ئاژەڵەکان هەستانە سەر پێ، ملی مریشک و ئاژەڵەکانیان بە هەڵواسراوی گرت، تا گیانیان دەرچوو، لەو لاشەوە بە دەفە، مۆسیقا و کولتووری تایبەتییان کردیانە بەزمی خۆیان.

پاشان کە مریشک و ئاژەڵەکان مرداربوونەوە، هەر لەوێ

و بۆ ماڵی شێخ جێیان هێشت و خەڵکەکە گەڕانەوە ماڵی خۆیان. دواتر هەموو مریشکە مرداربووەکانیان سەردەبڕی و بەشێکیان بە ماڵە هەژارەکان دەدا و بەشێکی دیکەش بۆ تەکیە بوو.

خەڵک باوەڕی بە شێخ و تەکیە هەبوو، باوەڕیان وا بوو بەم شێوەیە دەرد و بەڵام و نەخۆشی دەڕوا، بە پێچەوانەوە شیفایان بێ دێ.

پێشتریش لای خۆمان ئەو دیاردە هەبوو، بەڵام لە ئێستادا بەو شێوە بەربڵاوەی ڕابردوو نەماوە و کەم بووەتەوە.

٢٦ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤

# غانا و پارکی سەرۆک



لە مانگی ئەیلوولی ساڵی ٢٠١٨ سەفەری وڵاتی غانام کرد، لەو گەشتەدا چوومە شاری ئەکرا (Accra) کە پایتەختی ئەو وڵاتەیە، هەر کەسێک سەردانی ئەم شارە بکات، دەبێت بچێتە دیدەنی ئەم پارکە جوانە، بە ناوی پارکی سەرۆک.

پارکی سەرۆک، گۆڕی سەرۆک و هاوژینەکەی لێیە، بەڵام گۆڕی سەرۆک بووەتە سیمبولی تەواوی پێکهاتەکانی وڵاتی غانا. سەرجەم چین و توێژ و پێکهاتەکانی وڵاتی غانا شانازی بە سەرۆکەکەیانەوە دەکەن، وەک سیمبول و ڕزگارکەری وڵات سەیری دەکەن. لەبەر ئەوە ناوازەترین و جوانترین پارکیان بۆ دروست کردووە، خەڵکی وڵاتەکە و تەواوی گەشتیاران بە فەخرەوە سەردانی دەکەن.

دکتۆر کوامێ نەکرۆما (DR KWAME NKRUMAH)، یەکەم سەرۆکی وڵاتی غانایە، ساڵی ١٩٠٩ لەدایکبووە، خێزانەکەی بە ڕەگەز خەڵکی میسرن. ساڵی ١٩٥٧ پاش هەوڵ و تێکۆشانی زۆری خەڵکی غانا بە سەرۆکایەتی کوامێ دژی

داگیرکاری ئینگلیزەکان سەربەخۆییان بەدەست هێنا، هەر لەم ساڵە کوامێ بووە یەکەم سەرۆکی وڵات، دوای کارە باشەکانی و خزمەتێکی زۆری وڵات، ساڵی ١٩٧٢ کۆچی دوایی کرد. گۆڕستان و پارکەکە وەک یادگارییەکی کوامێ نەکرۆما دەکەوێتە ناوەندی شاری ئەکرا. چەندین ساڵە لە تەواوی جیهانەوە خەڵک سەردانی ئەو پارکە دەکەن و سەرنجی گەشتیارانی بە لای خۆیەوە ڕاکێشاوە. ساڵانە نزیکەی ٩٨ هەزار کەس سەردانی دەکەن، جوودا لە جوانی پارکەکە بەشێکی بۆ ڕێزگرتن لە یەکەم سەرۆکی غانا و وەرگرتنی زانیاری لە بارەی ژیانییەوە سەردانی دەکەن.

پارکی سەرۆک یەکێکە لە ١٠ شوێنە سەرەکییەکانی وڵات، کە زۆرترین سەردانیکەر ڕووی تێ دەکات، چونکە پارکەکە گرنگییەکی کولتووری و مێژووی بێ ئەندازەی هەیە.

لە دیتنی پارکەکە تێر نابیت؛ لە نووسین لە بارەی پارکەکە تێر نابیت، لە دڵسۆزی خەڵکی وڵات بۆ پارکەکە و سەرۆکەکەی تێ ناگەیت.

سوپاسی ساموێڵ و دایی دەکەم، کە لەو گەشتەدا هاوکاری باش بوون، چونکە ئەوان ڕێنیشاندەر و هاوڕێیەکی بە ئەمەک بوون.

خۆزگە سەرکردەکانی ئێمەش لە قاڵبی تەسکی حیزبایەتی دەچوونە دەرێ، وڵاتیان ڕزگار دەکرد و مۆرکی نیشتمانی و نەتەوەیان وەردەگرت، تا هەموومان وەک سیمبولی وڵات و بیلبیلەی چاوەکانمان بیان پارێزین.

٢٣ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤

# سێ ماسی هاوڕێ و ماسیگرێک



ژمارەیەکی زۆر ماسی لە گۆمێکی گەورە دەژیان، لە کۆی سەرجەم ئەم ماسییانە تەنیا سێ ماسی بەیەکەوە بووبوونە باشترین هاوڕێی یەکتر، هەمیشە پێکەوە بوون، هەرگیز لای یەکتریان جێنەدەهێشت.

ڕۆژێک، ماسیگرێک سەردانی ئەم گۆمە دەکات، کاتێک ژمارەیەکی زۆری ماسی لێ دەبینێ، ماسیگرەکانی دیکە بانگ دەکات، تا بەیەکەوە ڕاوی ماسی بکەن، لەو کاتەدا سێ ماسییەکە نیگەران دەبن، ترسی ئەوەیان دەبێ کە لە لایەن ماسیگرەکانەوە بگیرێن و بکوژرێن.

ماسییەکی ژیر لە نێوانیان دەڵێت: «دەبێت گۆمێکی دی بدۆزینەوە و بە خێرایی لێرەوە بجوڵێین و ئێرە بەجێبهێڵین.» ماسییەکیان ڕازی دەبێت، ئەوەی دیکەش دوودڵ دەبێت، چونکە هەست دەکات ئەم گۆمەماڵی ئەوانە، دەڵێت: نابێت ترسنۆکانە

ڕەفتار بکەین، ئەم گۆمە ماڵی ئێمەیە، نابێت ئێرە بەجێبهێڵین.

دوو ماسییەکەی دی زۆر هەوڵ دەدەن، تا هاوڕێکەییان ڕازی بکەن، بەڵام شکست دەهێنن و ماسییەکە ڕازی نابێت، بە ناچاری بڕیار دەدەن لە ڕێگاکان جیا ببنەوە و بە دوای گۆمێکی نوێدا بگەڕێن، ڕۆژی دواتر ماسیگرەکان دەگەنە سەر گۆمەکە، لەو نێوەدا ئەو ماسییەی ئامادە نەبوو گۆمەکە بەجێبهێڵێ دەگیرێت و دەمرێت.

ئەخلاقی ژیان پێمان دەڵێت: یەکگرتوو بن، پشتیوانی یەکتر بن و یەک ڕێگا هەڵبژێرن کەس ناتوانی لێکتان جیا بکاتەوە، بەڵام یەکگرتوو نەبن و پشتیوانی یەکتر نەبن، دەبنە نێچیر و ڕاوکردنتان زۆر ئاسانە.

۲۲ی کانوونی دووەمی ۲۰۲٤

# بەها و نرخی خۆت



لە هۆڵێکی قوتابخانە کۆڕێک بۆ مامۆستایەک ڕێک خرا، تا قسە بۆ خوێندکاران بکات، مامۆستای قسەکەر بابەتێکی بۆ خوێندکاران باس کرد و بە بیست دۆلار هاتە ناو ناوەڕۆکی بابەتەکەوە، مامۆستای وتاردەر پرسی کێ ئەم ٢٠ دۆلارییەی دەوێت؟ بە بینینی بیست دۆلارەکە هەمووان دەستیان بەرز کردەوە و داوایان کرد، ئەمجارە ٢٠ دۆلارەکەی لوولدا و گەچراندی و جارێکی دیکە گوتی: ئێستا کێ حەزی دەکات ئەو ٢٠ دۆلارە وەربگرێت؟ بە هەمان شێوە هەموو ئامادەبووان دەستیان بەرز کردەوە و گوتیان: دەمانەوێت. لە پاشان مامۆستاکە ٢٠ دۆلارەکەی خستە ژێر پێڵاوەکانی و هەمان پرسیاری کردەوە، وەک پێشتر بە هەمان شێوە خوێندکاران گوتیان: دەمانەوێت.

لە کۆتاییدا مامۆستاکە گوتی: گرنگ نییە چی بە سەر ئەم بیست دۆلارە دێت، چونکە نرخ و بەهای خۆی لەدەست نادات و وەک خۆی دەمێنێتەوە.

ئەخلاقی ژیان پێمان دەڵێت: هەرچەندە بارودۆخی ژیان سەخت بێت، هەرگیز نابێت متمانە بە خۆمان لە دەست بدەین. هەرگیز نابێت بەهای ئێمە کاریگەری لەسەر سەختییەکانی ژیان هەبێت.

هەموو مرۆڤێک نرخی خۆی هەیە، متمانەبەخۆبوون کارێکی گرنگە و نابێت ئیرادەت لاواز بێت.

متمانەبەخۆبوون ئومێدی ژیانت بەهێز دەکات.

٢٢ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤

# دوو کوڕی هەژار



لە شاری نیویۆرکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، دوو کوڕی هەژار بە ناوی جۆن و بەیل هەبوون، جۆن و بەیل هاوڕێی نزیکی یەکدی بوون. لەبەر هەژاری و بێ پارەیی و بە مەبەستی بەدەستهێنانی بژێوی ژیان کار و کردەوەی نامۆیان دەکرد. بە نموونە لە نیویۆرک شەقامەکانیان پاک دەکردەوە، لە ناو سەتڵی زبڵ و خاشاک بە دوای شتی سەیر و سەمەرە و خواردندا دەگەڕان.


بەیانییەکی سارد، جۆن بە شەقامەکانی نیویۆرک دەسووڕایەوە، سێوێکی لە سەر زەوییەکە هەڵگرتەوە، جۆن پرسیاری لە بەیل کرد و گوتی: هاوڕێم ئەمڕۆ بۆ خواردنی شەوانەمان چیت دۆزییەوە؟

بەیل بە دڵەڕاوکێ و خەمێکی زۆرەوە وەڵامی دایەوە و گوتی: ئەمڕۆ هیچم دەست نەکەوت و هیچ خواردنێکم نەدۆزییەوە، جۆن سێوەکەی بە بەیلدا و گوتی: بەیل تۆ ئەم سێوە بخۆ. بەیل پارچەیەکی بچووکی لە سێوەکە کردەوە تا بیخوات و ئەوەی دی دایەوە بە جۆن. جۆ گوتی: نەخێر، زیاتر بخۆ و گازی زیاتری لێ بگرە. جۆن گوتی: من بەهێزم، بەرگەی برسێتی دەگرم، بەڵام تۆ لاوازی و بەرگەی برسێتی ناگریت. بەم قسانەی جۆن، بەیل ڕازی بوو و بۆ هەمیشە وەک هاوڕێیەکی باشی جۆن مایەوە. بەم جۆرە بوونە هاوڕێیەکی باشی یەکتر و بوونە پشت و پەنا.

سروشتی ژیان پێمان دەڵێت: لە کاتی برسییەتی و تەنگانە و ناخۆشی هاوڕێی باش و ڕاستەقینەت بۆ دەردەکەوێت.

١٦ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤

# پیرە پیاوێک و تەلەفۆنێک



پیرە پیاوێک شـەش کـوڕی هەبـوو، منداڵەکانـی زۆر خـۆش دەویسـت، پێـی خـۆش بـوو کوڕەکانـی تەلەفۆنـی بـۆ بکـەن و لـە هەواڵـی بپرسـن، لەبـەر ئـەوە تەلەفۆنێکـی کـڕی و چاوەڕێـی تەلەفۆنـی کوڕەکانـی بـوو.

باوکەکـە لـە شـارێکی دوور دەژیـا و بـاری دارایـی زۆر بـاش نەبـوو، لەبـەر ئـەوە نەیدەتوانـی سـەردانی کوڕەکانـی بـکات، خۆشـی نەیدەزانـی تەلەفـۆن بـۆ کوڕەکانـی بـکات. دوای چەنـد مانگێـک لـە کڕینـی مۆبایلەکـەی زەنگـی تەلەفـۆن لێـی نـەدا.

پیـرە پیاوەکـە لـە دڵەڕاوکێدا بـوو، هەمیشـە بـە خێرایـی دڵـی لێـی دەدا، ئـەو ڕاسـتییە تاڵـەی پـێ ناخـۆش بـوو. ڕۆژێـک پیـرە پیاوەکـە مۆبایلەکـەی بـردە دووکانێکـی مۆبایـل چاککردنـەوە، چونکـە بـاوەڕی وا بـوو کـە کێشـەیەک لـە مۆبایلەکەیـدا هەیـە، خـاوەن دووکانەکـە سـەیری مۆبایلەکـەی کـرد و بـەو پیـرە پیـاوەی

گوت: کە ئەم مۆبایلە هیچ کێشەیەکی نییە و بە تەواوی کار دەکات.

پیرە پیاوەکە بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە گوتی: ئەی بۆچی هەرگیز منداڵەکانم تەلەفۆنم بۆ ناکەن؟

پێویستە ئاگامان لە باوک و دایک و خۆشەویستانمان بێت، هاتووچۆ، سەردان و پەیوەندی دۆستانە و خۆشەویستی لە نێوانمان زیاتر بێت.

١٥ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤

# کوڕێکی تووڕە



کوڕێکی تازە پێگەیشتوو، زوو زوو تووڕە دەبوو، بەڵام تووڕەبوونەکەی زیاد لە پێویست بوو. کاتێک ئەم کوڕە دەچووە هەر شوێنێک، هەر یارییەک، یان هەر سەردانێک تووڕەییەکەی خۆی دەردەبڕی.

ڕۆژێک باوکی کیسەیەک بزماری پێدا و پێی گوت: لە کاتی تووڕەبووندا بزمارێک لە پشتی سیاجەکەدا داکوتە. ڕۆژی یەکەم کوڕەکە ٣٧ بزماری لە ناو سیاجەکە داکوتابوو، لە کاتی داکوتانی بزمارەکان چەکوچ بەر نینۆکی دەکەوت، ئەمەش ئازاری پێ گەیاند و وردە وردە نینۆکەکانی کەمی کرد و هەڵدەوەرین، بۆیە بڕیاریدا کۆنترۆڵ کردنی خۆی و ڕاگرتنی تووڕەیی ئاسانترە لەوەی ئەم بزمارانە دابکوتێ.

بەم جۆرە کوڕەکە توانی کۆنترۆڵی تووڕەیی خۆی

بکات، لە پاشان ئەمەی بۆ باوکی باس کرد، لە بەرامبەردا باوکی گوتی: لێرە بەدواوە پێویستە ڕۆژانە بزمارێک لەوانەی داتکوتاوە دەربهێنیت، ڕۆژان تێپەڕی و بزمارەکانی هەموو دەرهێنا، کوڕەکە بە باوکی گوت: ئێستا هەموو بزمارەکانم دەرهێناوە و هیچ نینۆکێکیشم نەماوە.

دواتر باوکەکە دەستی کوڕەکەی گرت و بەرەو سیاجەکەی برد و گوتی: کوڕم باشت کردووە، بەڵام سەیری کونەکان بکە، هەرگیز وەک جارانی لێ نایەتەوە، تۆش کاتێک کە تووڕە دەبوویت، ئاسەواری تووڕەبوونەکەت وەک کونی ئەو سیاجە هەر دەمێنێتەوە.

نموونە: ڕۆژێک تۆ چەقۆیەکت وەشاند و لە پشتی کەسێک، یان لە پیاوێکتدا، لە کاتی دەرهێنانی، دەبێت بڵێیت ببوورن، یا سوڵح دەکەن، بەڵام برینەکە هەر لە شوێنی خۆی دەمێنێتەوە و ئاسەواری خراپ جێ دەهێڵێت.

گرنگ ئەوەیە تۆ زوو تووڕە نەبیت، بڕیار لە سەر شتێک نەدەیت کە پەشیمان ببیتەوە، ئەو کاتە بە هەزار لێبووردن چارەسەر نابێت و ئاسەواری خراپ بەجێ دەهێڵێت.

١٤ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤

# کیپ تاون



بەگوێرەی ئاماری ساڵی ٢٠٢٣ دانیشتووانی باشووری ئەفریقا (٦٠,٤١٤,٤٩٥) ملیۆن کەس بوو، گەورەترین شاری ئەو وڵاتە ناوی جۆهانسبێرگ (Johannesburg)ە. دووەم گەورەترین شاری وڵاتەکەش ناوی کیپ تاونە (Cape Town) و ئاماری ساڵی ٢٠٢٣ دەری دەخات کە ڕێژەی دانیشتووانی ئەو شارە (٤،٩٨٠،٠٠٠) ملیۆن کەسە.

کیپ تاون شارێکی جوان، خاوێن و دڵگیرە، جوانییەکەی بێ ئەندازەیە. سێ بەشی شارەکە ئاوە و زنجیرە چیا و شاخ و تەپۆڵکەکان ئەم شارەیان جوانتر کردووە. هەرچەند لەو شوێنانە بمێنیتەوە بێتاقەت نابیت، پیاسەی ئێوارانی کەنار دەریا و بینینی باڵندەکان، نەورەسەکان و شەپۆلی دەریا سەرسامت دەکات. یاریگا ناوازەکەی تۆپی پێی شاری کیپ تاون و پارکە جوانەکان؛ بوونی چەندین وێنە و پەیکەری نیلسۆن ماندێلا و

شـتی هەمەڕەنگـی دی شـارەکەیان جوانتـر کـردووە. لـە لایەکـی دیکـەوە گەورەیـی شـار و زۆری چـڕی دانیشـتووان خۆشـییەکی دی بـە شـارەکە بەخشـیوە، هـاوکات فـرە نەتـەوە، فـرە ئاییـن و کولتـوورە هەمەڕەنگـەکان بەشـێکی دیکـەی جوانییەکانـن. هەموویـان بـە یەکـەوە وەک بـرا و گوڵـی ڕەنگاوڕەنـگ دەژیـن، ئەمـەش سـیما و ڕوخسـاری شـارەکەیان جوانتـر کـردووە.

سـەرەڕای ئەمانـە ٤٠٪ی دانیشـتووانی شـارەکە سـپی پێسـتن؛ ٦٠٪ی خەڵکەکـەی دیکـە ڕەش پێسـتن. لـە ٥٪ی شـارەکە مووسـڵمانن و ٩٥٪ی دانیشـتووانەکەی دیکـە ئایینەکانـی دیکـەن، دوازدە ئایینزا لەو شارە دەژین، مزگەوت و کەنیسـە و پەرستگای هەمـوو ئایینەکانـی تێدایـە.

لـە کۆتایـی مانگـی ئەیلوولـی سـاڵی ٢٠١٤ سـەردانی ئـەو شـارەم کـرد و ١٧ ڕۆژ تێیدا مامـەوە، لەبـەر ئـەوە دەڵێم: ئەگـەر سـەیری وڵاتانـی دی ئەورووپـاش بکەیـت، هەمـان ڕوخسـاری کیـپ تاونـی وەرگرتـووە.

خۆزگـە لای خۆشـمان بـە هەمـان شـێوەی شـارە جوانەکـەی کیـپ تـاون ئـەو جیاکارییـە نەدەمـا، هەموومـان بەیەکـەوە وەک چەپکـە گوڵـە یەکترمـان خـۆش دەویسـت و هیـچ جیاکارییەکـی حیزبـی و ئایینـی و نەتەوەیـی بوونـی نەدەمـا.

١٤ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤

# گەشتێک بۆ باشووری ئەفریقا



ئەگەرچی مرۆڤ ژیانی هەمووی چیرۆکە، بەڵام چیرۆکەکان جیاوازن. بە شێوەیەکی گشتی بەر لەوەی گەشت بۆ هەر وڵاتێک بکەم، لە ڕێگەی فەیسبووک، یان ئینستاگرام چەند هاوڕێیەک پەیدا دەکەم، تا شارەزای ناوچەکە بم و ئاشنایەتیان لەگەڵ پەیدا بکەم، تا لە گەشتەکەم هاوکار و هاریکارم بم، هەڵبەتە پرسیاری ئەوە دەکەم کە ئەمانە کێن و لەگەڵ کێ دەژین و منداڵیان هەیە، یان نا؟ تا بە دەستی بەتاڵ نەچم و دیاری لەگەڵ خۆم ببەم.

کیپ تاون (Cape Town) شارێکی جوان و هەمەڕەنگە، سپی پێست و ڕەش پێست بەیەکەوە دەژین، هەروەها چەندین نەتەوە و ئایینی جیاوازی تێدایە، وڵاتێکی یەکجار دڵڕفێنە، میوانیان لە لا خۆشەویستە.

لە ٢٠ی ئەیلوولی ساڵی ٢٠١٤ بەرەو باشووری ئەفریقا

گەشتم کرد، مانگی تشرینی یەکەم لەو وڵاتە سەرەتای بەهارە، من یەکەم گەشتم بوو بۆ کیشوەری ئەفریقا. لەو وڵاتەش کیپ تاونم هەڵبژارد، لە سویدەوە تا شوێنی مەبەست ١٦ کاتژمێری خایاند.

لە ستۆکهۆڵمەوە گەشتەکەم بۆ شاری دوبەیی لە ئیمارات دەست پێ کرد، کە شەش کاتژمێر و نیوی خایاند، لە دوبەی تا کیپ تاون نۆ کاتژمێر و بیست خولەکی خایاند، واتە کۆی گشتی نزیکەی ١٦ کاتژمێر لە ڕێگا بووم.

ئێوارەی ڕۆژی ٢١ی ئەیلوول گەیشتمە شاری کیپ تاون و چوومە هۆتێل. خاوەنی هۆتێلەکە زۆر پیاو بوو، ڕێزی گرتم و گوتی: تۆ مێوانی لای ئێمە بەڵام ئامۆژگاریت دەکەم بە تەنیا مەڕۆ بۆ ئەملاوئەولا، خودانەخواستە با تووشی خەڵکی خراپ نەبیت و ڕێگریت بۆ دروست نەبێت، پێم باشە هەر کاتێک چوویتە دەرەوە، با کارمەندێک، یان دوو کارمەندی ئێمەت لەگەڵ بێت، ئەو قسانە منی دڵخۆش کرد، واتە پشتیوانییەکی باشم بۆ پەیدا بوو.

دیارە من حەزم لە گەڕان بوو، دەمویست شوێنی خۆش و سروشتی جوان ببینم، میک و جۆن دوو کارمەندی هوتێل بوون و بوونە هاوڕێی گەشتەکەم، هەم خەڵکی ناوچەکە بوون، هەم شارەزاش بوون، خواردن و بووس زۆر هەرزان بوو.

میک گوتی: هاوڕێ حەز دەکەیت بچین بۆ تەویلەی ئاژەڵان؟

من گوتم: زۆر حەز لە بینینی ئاژەڵان دەکەم، بەڵام چ جۆرە ئاژەڵێکی لێیە؟

میک گوتی: تەنیا بەراز و کودەرە بەرازی لێیە.

ئـەو کاتـە ئینگلیزییەکـەم بـاش نەبـوو، لەبـەر ئـەوە نـاوی بـەرازم نەدەزانـی، لەبـەر ئـەوە نـاوی ئەسـپ، کـەر، مانـگا، مـەڕ، مەیمـوون، بـزن، مامـز، کەڵەشـێر و زۆر ئاژەڵـی دیکـەم هێنـا، بـەڵام گوتـی نـا، ئەوانـە نییـە، گوتـم ئاژەڵـی ماڵییـە، یـان ئاژەڵـی کێوی؟ میـک گوتـی: ئاژەڵـی ماڵییـە و لای ئێمـە گۆشتیشـی دەخورێـت، خولاسـە نەمزانـی، بـەڵام گوتـم: بـا بچیـن.

مـن و میـک و جۆن بـە سـێ قۆڵـی وەک بـرا چووینـە شـوێنی مەبەسـت، شـوێنەکە گەورەتریـن تەویلـەی بـەرازان بـوو، دەیـان یەکانـە و مالـۆس و کـودەرە بـەراز لـەم تەویلەیـە بەخێـو دەکران.

چەندی بگەڕێیت شتی سەیر و سەمەرە زیاتر دەبینی.

١٣ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤

# پەرداخێک شیر




کوڕێکی هەژار بە مەبەستی فرۆشتنی کەلوپەلی جۆراوجۆر ئەو دەرگا بۆ ئەم دەرگا؛ ئەم کۆڵان بۆ ئەو کۆڵان دەگەڕا، تا بژێوی ژیانی دابین بکات، بەم شێوەیە پارەی پەیدا دەکرد بۆ ئەوەی پارەی قوتابخانەکەی و بژێوی ژیانی پەیدا بکات.

ڕۆژێک وەک پیشەی هەمیشەیی ماڵ بە ماڵ دەگەڕا، هەستی بە برسێتی و لاوازییەکی زۆر کرد. هەستی کرد ناتوانێت چەند هەنگاوێکیش بڕوات، بڕیاریدا لە ماڵێک داوای خواردن بکات، لە دەرگاکەیدا، کاتێک کچێکی گەنج و جوانی بینی سەری سوڕما، بە دوودڵییەوە داوای پەرداخێک ئاوی لە کچەکە کرد.

کچە گەنجەکە لە بارودۆخی ئەو کوڕە گەنجە تێ گەیشت؛ زانی برسییەتی، پەرداخێکی گەورەی شیری پێشکەش

کرد، کوڕەکە بە نیگایەکی سەرسووڕهێنەرەوە زۆر بە هێواشی شیرەکەی خواردەوە. ئینجا کوڕەکە لە بەرامبەر پێدانی ئەو پەرداخە شیرە ستایشی کچەکەی کرد و گوتی: لە بەرامبەر ئەو شیرەدا قەرزداری تۆمە، نرخی شیرەکە چەندە؟

لە وەڵامدا کچەکە گوتی: من هیچ پارەیەکم ناوێت، شیرەکە بەخشیشی منە بۆ تۆ.

کوڕەکە لە دڵەوە سوپاسی کچەکەی کرد و شوێنەکەی بەجێ هێشت.

ساڵان تێپەڕی، کچە گەنجەکە گەورە بوو و نەخۆش کەوت، تووشی دەگمەنترین جۆری نەخۆشی دەمار بوو، زۆرێک لە پزیشکە بە ئەزموونەکان لە بارودۆخەکەی سەریان سوڕما، لە کاتێکدا ئەو نەخۆشخانەی کچەکەی تێدا بوو، پێشکەوتووترین ئامێری تێدا بوو، بەڵام نەتوانرا چارەسەری نەخۆشییەکەی بکەن.

لە لایەن نەخۆشخانەوە بانگهێشتی دکتۆرێکی پسپۆڕی بەناوبانگی دەمار کرا، تا پشکنینی بۆ بکەن، کەچی دکتۆرە شارەزاکەش نەیتوانی چارەسەری ئەم نەخۆشییە بکات، لە بەرامبەردا کچەکە کۆڵی نەدا، ماندوو نەبوو و خۆڕاگر بوو، دوای چەند مانگێک توانرا نەخۆشییەکەی چارەسەر بکرێت.

هەمووان ستایشی پزیشکەکەیان کرد، بەڵام کچەکە تەواو نیگەران بوو، لەوەی کە پارەی تەواوی بۆ نەخۆشخانە و دکتۆرەکە پێ نییە، خێزانەکەی تەنیا پارەیەکی کەمیان هەبوو، کە بە هیچ شێوەیەک نەیاندەتوانی کرێی مانەوە و نەخۆشخانەی چەند مانگ بدەن.

دواجـار پـارەی نەخۆشـخانەی کچەکـە درا، ئـەوەی پـارەی نەخۆشـخانەکەی دابـوو، ئـەو کـوڕە هەژارە بـوو، کـە بـە کرێکاری کاری دەکـرد و کـۆڵان بـە کـۆڵان بـۆ شـت فرۆشـتن دەگـەڕا، ئـەو پاداشـتەش لـە بەرامبـەر ئـەو پەرداخـە شـیرە بـوو، کـە کاتـی خـۆی وەری گرتبـوو.

لـە ئەنجامـدا ئـەو کـوڕ و کچـە بوونـە هاوژینـی یەکتـری و خۆشـترین ژیانیـان بـەڕێ کـرد و بوونـە بەختەوەرتریـن خێـزان.

ئەخلاقـی ژیـان ئاوایـە: ئەمـڕۆ تـۆ چاکەیـەک پێشـکەش دەکەیـت، لـە ئاینـدە بـۆت دەبێتـە گەورەتریـن خێـر و نیعمـەت و خۆشـی. نەوەکانـی داهاتـووش چـاوت لـێ دەکـەن و ستایشـی هەڵوێسـتەکانت دەکـەن.

١٣ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤

# بەهێز و لەخۆبایی



دارێکی جوان و باڵا بەرز لە دارستانێکدا هەبوو، سەرەڕای باڵا بەرزییەکەی دارەکە زۆر بەهێز بوو، لە تەنیشت دارە بەرزەکە دارێکی بچووکیش هەبوو. دارە بەرزەکە گوتی: من زۆر قۆز و بەهێزم، کەس ناتوانێت شکستم پێ بهێنێت، چونکە ناوازە و بەهێزم، لە بەرامبەردا دارە بچووکەکە وەڵامی دایەوە و گوتی: هاوڕێی ئازیز، غروور و لەخۆبایی و خۆبەگەورەزانین زیانی هەیە، چونکە بەهێزەکانیش ڕۆژێک سەنگیان لار دەبێت و دەکەوێت.

دارە گەورەکە قسەکانی دارە بچووکەکەی پشتگوێ خست و لە ستایش کردنی خۆی بەردەوام بوو، گشت دارەکانی دیکە

ڕقیان لە دارە باڵا بەرزەکە بوو، چونکە خۆی پێ گەورە بوو.
ڕۆژێک بایەکی بەهێز هەڵی کرد و دارە گەورەکەی بە توندی هەژاند، هەروەها کاتێک باران دەباری دارە گەورەکە بە تەواوی شپرزە دەبوو، گەڵاکانی نائومێد دەبوون، سەرەڕای ئەوەش دارە باڵا بەرزەکە وازی لە لووتبەرزی خۆی نەهێنا.
لە لایەکی دیکەوە دارە بچووکەکە بە نزمییەوە کڕنۆشی دەبرد و بە سروشتی ژیانی خۆی شوکر بوو، کەچی دارە باڵا بەرزەکە هەر گاڵتەی پێ دەکرد.
ڕۆژێک زریانێکی بەهێز ڕووی لە دارستانەکە کرد، زریان و ڕەشەبا وردە وردە بەهێزتر دەبوو، لەو کاتەدا دارە قەپۆز برندەکە بەرگەی نەگرت و کەوتە خوارەوە و بووە زبڵدانی مێژوو، ئەگەرچی بە هەموو تواناوە هەوڵیدا ڕاست بمێنێتەوە بەڵام نەیتوانی، کەواتە قەپۆز برند کۆتایی هات.
کاتێک هەموو شتێک ئارام بووەوە، دارە بچووکەکە هەر وەک خۆی مابوو، سەیری دەوروبەری کرد، دارە باڵا بەرزەکە کەوتووە و زەلیل بووە.
ئەخلاقی ژیان پێمان دەڵێت: لەخۆبایی بوون و قەپۆز برندی دادی هیچ کەسێک نادات، خزمەت کردن، پێشکەوتن، ئاوەدانی و کاری باش بەرەو پێشەوەت دەبات. چونکە تا بەهێز و گەورە بیت، پێویستە خزمەت و کاری باش بکەیت، تا خۆشەویستتر بیت، هەموو خەڵک شانازیت پێوە بکات.
کورد پەندێکی هەیە دەڵێت: «هەر کەسێک دیواری کەوتە لێژی، کەس چی باشی بۆ نابێژێت».

١٢ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤

# خەڵکی بوێری شاخ



سـاڵی جارێـک جـۆن و هاوڕێکانی دەچوونـە بەرزاییەکانـی شـاخ، جارێـک بڕیارانـدا ڕووو لـە بەرزاییەکانـی ئەلـپ بکـەن لـە سویسـرا. ئـەو گرووپـە گەیشـتنە شـوێنە بەناوبانگەکـەی شـاخ لـە بەرزاییەکانـی ئەلـپ لـە سویسـرا، لـەوێ سـەریان سـوڕما کاتێـک بینییـان خەڵکێکـی زۆر بـە سـەر شـاخەکە سـەردەکەون.

جـۆن و هاوڕێکانـی خۆیـان ئامـادە کـرد، جلوبەرگـی سـەرکەوتنیان لەبـەر کـرد؛ پێداویسـتییەکانی ئامـادە کرد و لە چەند کاتژمێرێـک گەیشـتن بـە لووتکـەی شـاخەکە. دوای گەیشـتنیان بـەو شـوێنە، بڕیاریانـدا بـۆ مـاوەی چەنـد ڕۆژێـک لـەوێ کەمپیـن بکـەن و بمێننـەوە.

پاشـان جـۆن شـاخێکی دی بینـی کـە تەنیـا چەنـد کەسـێک

هەوڵی سەرکەوتنیان دەدا، بە هاوڕێکانی گوت: لە جیاتی ئەوەی لێرە بمێنینەوە، با بچین و ئەو شاخەش تاقی بکەینەوە و سەربکەوین، بەم شێوەیە جەستەمان چالاکتر و بەهێزتر دەبێت.

لە وەڵامدا هاوڕێیەکی گوتی: بە هیچ شێوەیەک گوێم لە خەڵک نەبووە باسی ئەو شاخە بکەن، پێ دەچێت سەرکەوتن بەسەر ئەو شاخە قورس بێت و تەنیا چەند کەسێک توانیویانە بگەنە سەر شاخەکە.

ئەو کەسانەی گوێیان لەو گفتوگۆیە بوو، گاڵتەیان بە جۆن کرد و گوتیان: ئەگەر سەرکەوتن ئەوەندە ئاسانە، بۆچی لێرە کەمپینتان کردووە و لێرە ماونەتەوە؟ جۆن بە بیستنی ئەو قسانە بە تەواوی دەفع بوو، گوتی: ئاڵنگاریی دەکەم و بە تەنیا دەچمە سەر شاخەکە، دەستی بەڕێ کردن کرد و لە دوای دوو کاتژمێر گەیشتە سەر لووتکەی شاخەکە، ئەو کەسانەی ئەو دیمەنەیان بینی دەستیان کرد بە چەپڵە لێدان و پێشوازییان لە جۆن کرد.

جۆن بەو سەرکەوتنە دڵخۆش بوو، لە سەر لووتکەوە دیمەنە جوانەکانی سروشتی بە جوانی دەبینی.

دواتر لەگەڵ خەڵک گفتوگۆی کرد، لێیان پرسی: لە کاتی سەرکەوتنت بۆ سەر لوتکەی شاخەکە، هەستت بە ئەستەمی کرد؟ قورس بوو؟ چونکە خەڵک بە کەمی دەگەنە سەر ئەم لووتکە شاخە. لە وەڵامدا گوتی: ئەگەر هەوڵ بدەن، دەتوانن بگەنە سەر هەموو لووتکە شاخێک، تەنیا هەوڵدان بە هەموو شتێکت دەگەیەنێت.

لەو کاتەدا شاخەوانێکی دێرین دەستی بە قسە کرد

و گوتـی: خەڵـک دڵخۆشـن بـەو شـتانەی بـە ئاسـانی دەزانـن، هەرگیـز بیر لـەوە ناکەنـەوە کـە توانـای بەدەسـتهێنانی زیاتریـان هەیـە. بۆ نموونـە: ژمارەیـەک لـە خەڵـک نایانەوێت کـە مەترسـی لـە سـەر ژیانیـان دروسـت بێت، پێیـان وایـە ئێمـە لـەو ڕێگەیـەوە مەترسـی بۆ سـەر ژیانمـان دروسـت دەکەیـن، لـە کاتێکدا ئـەوەی پێشـتر هەمـان بـووە لـە دەسـتی نادەیـن. کەواتـە بۆ گەیشـتن بـە لوتکەیەکـی بـەرزی شـاخ، یـان هەر شـتێکی نـوێ پێویسـتە هەوڵـی خـۆت بدەیـت. ژمارەیەکـی زۆر لـە ئێمـە هیـچ بوێرییـەک نیشـان نـادەن و بـە درێژایـی ژیـان بەشـێکن لـە قەرەباڵغـی و لـە شـوێنی خۆیـان دەوەسـتن. گرنگـە بـەردەوام بـە خەندەوە بـاس لـەو کەسـە بوێرانـە بکەیـن و بـە بەختـەوەر ناویـان ببەیـن.

جـۆن بـە بیسـتنی ئەمـە سوپاسـی ئـەو شـاخەوانە دێرینـە چاونەترسـانەی کـرد، کـە گرنگـی و بوێـری لـە ژیانـدا بـۆ خەڵـک ڕوون کـردەوە.

پەیامی من:

لـە ژیانمانـدا زۆرێـک لـە ئێمـە لـە ئاسـوودەیی خۆمانـدا دەمێنینـەوە، بـەڵام بـۆ گەیشـتن بـە شـتێکی گـەورە پێویسـتمان بـە هـەوڵ و بوێـری زیاتـر هەیـە.

هەرگیـز نابێـت بوەسـتین، بوێـری ئەوەمـان هەبێـت خۆمـان لـە قەرەباڵغـی دەربهێنین.

کۆبیـر (تەرکیـز) لـە سـەر ئـەو کۆمەڵـە کەسـە بکـە، کـە خەڵکەکـە ناویـان لـێ نابـوو خەڵکـی ئـازا و بوێـر و چاونەتـرس.

٥ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤

# تەنیایی لەماڵەوە



ڕۆژێک دایک و باوکێک بە مەبەستی بەشداری کردن لە ئاهەنگی هاوڕێیەکیان چوونە دەرەوە، دوو کوڕەکە تەمەن ١٢ و ١٣ ساڵانەکەیان بە تەنیا لە ماڵەوە بەجێ هێشت، تا دەرس بخوێنن، باوکەکە نهێنی ئەو چوونە دەرەوەی لە لای چەند هاوڕێیەک باس کردبوو، نیوەشەو زەنگی دەرگا لێدرا، کوڕە بچووکەکە ڕای کرد و دەرگاکەی کردەوە، چونکە باوەڕی وا بوو دایک و باوکی لە ئاهەنگ گەڕاونەتەوە، کاتێک دەرگاکەی کردەوە، کەسێکی نامۆی لە بەردەم دەرگا بینی، کە لە ڕاستیدا دز بوو.

کوڕەکە گوتی: فەرموو جەنابت کێن؟ دزەکە دەستی ڕاکێشا تا تۆقە لەگەڵ کوڕەکە بکات، لەو کاتەدا دزەکە دەستی گرت و پلاستەرێکی گەورەی لە دەمیدا و بەستییەوە، ئەوجا

چووە ژوورەوە تا بە دوای کەلوپەلی بەنرخدا بگەڕێت، بەڵام ئاگاداری کوڕەکەی دیکەی نەبوو، کە لەماڵەوەیە.

کاتێک کوڕە تەمەن ١٣ ساڵەکە بینی دزەکە بە دوای کەلوپەلی ناو ماڵدا دەگەڕێت، بە هێمنی ماڵەکەی جێ هێشت و چووە لای پۆلیس، تا سکاڵا تۆمار بکات، پۆلیس بە خێرایی بە هانای ئەو کوڕەوە چوون و دزەکەیان لە کاتی گەڕان بە دوای کەلوپەلی بەنرخدا دەستگیر کرد.

لە کاتی گەشتکردن بۆ هەر شوێنێک پێویستە نهێنییەکانی خۆت بپارێزیت و لە لای کەس باسی نەکەیت.

کورد گوتەنی: «زمان بەڵای سەرە»، تکایە ئاگاداری خۆت بە.

٣ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤

# کاتی منیش دێت



لە یەک کاتدا فیل و سەگێک دووگیان بوون، پاش سێ مانگ سەگەکە شەش بەچکە گوجیلەی لەدایکبوو. دوای شەش مانگ دووبارە سەگەکە دووگیان بووەوە. نۆ مانگ تێپەڕی چەندین بەچکە سەگی دیکەی لەدایکبوون. سەگەکە بەم شێوەیە بەردەوام بوو، لە مانگی هەژدەیەمدا سەگەکە لە فیلەکە نزیک بووەوە و پرسیاری لێکرد و گوتی: ئەی فیل دڵنیایی کە تۆ دووگیانیت؟ ئێمە بە یەکەوە دووگیان بووین، من سێ جار و دەیان بەچکە سەگم لەدایکبووە، تەنانەت ئێستا گەورە بوون، کەچی تۆ هێشتا هەر دووگیانیت؟ چی ڕوودەدا، بۆچی تا ئێستا

بەچکە فیل لەدایک نەبوو؟

لە وەڵامدا فیلەکە گوتی: شتێک هەیە و پێم خۆشە بیزانیت و تێ بگەیت، ئەوەی من هەڵم گرتووە وەک ئەوەی تۆ بێچووە سەگ نییە، بەڵکوو فیلە. لە دوو ساڵدا تەنیا یەک بێچووم لەدایک دەبێت، کاتێک کۆرپەکەم لە دایک دەبێت و بەر زەوی دەکەوێت زەوی هەستی پێدەکات، کاتێک کۆرپەکەم بە ڕێگادا دەڕوات، مرۆڤەکان بە سەرسامییەوە دەوەستن و سەیری دەکەن، ئەوەی من هەڵی دەگرم سەرنج ڕادەکێشێت، ئەوەی من بەهێز و گەورەیە.

واتە: ئیمان و باوەڕت بەهێز بێت؛ ئومێد لەدەست مەدە، کاتێک دەبینیت تۆ هەندێک شتت نییە و خودای گەورە پێی نەبەخشیویت هەرگیز نا شوکر مەبە.

ئەگەر نیعمەتەکانی خۆت وەرنەگرتووە، بێ هیوا مەبە.

بە خۆت بڵێ: کاتی منیش دێت، نیعمەتەکانی خودا ئەوەندە خۆشن، هەر شوکرانەی دەوێت. بۆیە هەرگیز لە شکۆمەندی و گەورەی خودا و نیعمەتەکانی نا ئومێد مەبە.

٢ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤

# مارێکی تووڕە لە دارتاشێک





کابرایەک دارتاشێکی هەبوو، ئێوارە دوای داخستنی وەرشەکەی گەڕایەوە ماڵ، کاتێک دارتاشەکە وەرشەکەی جێهێشت مارێکی برسی و تووڕە چووە ناو وەرشەکەی، لەو کاتەدا مارەکە برسی بوو، هیوای خواست ئێوارە خوانێکی دەست بکەوێت، لەم سەر بۆ ئەوسەری وەرشەکە دەگەڕا، لە کۆتاییدا مارەکە کەوتە بەر ئامێرێکی ناو وەرشەکە و بە سووکی بریندار بوو، لە تووڕەیی و وەک تۆڵەسەندنەوە بە تەواوی هێزییەوە قەپاری لە ئامێرەکە گرت، هەم دیسان دەمی بریندار بوو و خوێنی لێ دەچۆڕا. مارەکە لە تووڕەیی

و لووتبەرزی خۆیەوە بە هەموو توانایەکییەوە هەوڵیدا تۆڵەی خۆی لە ئامێرەکە بکاتەوە، بەڵام توورەبوونەکەی وای لە مارەکە کرد بە تەواوەتی عەقڵ و هۆشی لە دەست بدات، خوێن بەربوونەکە وای لێکرد مارەکە لە ناو وەرشەکە بتۆپێت.
ئەو شتەی کە ئازاری بە مارەکە گەیاند ئامێری ناو وەرشەکە بوو، ئەمەش لە ئەنجامی توورەیی وای لێهات. دیارە هیچ کەسێک ئازاری بە مارەکە نەگەیاند، تەنیا بە هۆی توورەیی خۆی رووبەری مەرگ بووەوە.

ڕۆژی دواتر دارتاشەکە هاتەوە ناو وەرشەکە و مارە مردووەکەی دۆزییەوە، کە بە دەوری ئامێرەکە خۆی لوول داوە.

هەندێک جار لە کاتی توورەبووندا هەوڵدەدەین زیان بە کەسانی دی بگەیەنین. بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا تێ دەگەین کە زیانی زیاترمان بە خۆمان گەیاندووە، مەرج نییە ئێمە کاردانەوەمان بەرامبەر بە هەموو شتێک هەبێت.

هەندێک جار پێویستە لە خۆمان بپرسین ئایا بەڕاستی بابەتەکە شایەنی ئەو توورە بوونەیە؟

٢ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤

# هاوڕێی بەڕاستی



سەردەمانێک شێرێک لە دارستانێکدا دەژیا، ڕۆژێک دوای ژەمە خواردنێکی قورس، شێرەکە لە ژێر دارێکدا خەوتبوو، دوای ماوەیەک مشکێک هات و لە چواردەوری شێرەکە دەستی بە یاری کردن کرد، لە پڕ شێر بە تووڕەیی هەستا و بە دوای ئەو کەسانەدا گەڕا، کە خەوە خۆشەکەی لێ تێکدا، پاشان مشکێکی بچووکی بینی کە وەستاوە و لە ترسان دەلەرزی، شێرەکە بازێکی بەسەردا و گرتی، ویستی بیکوژێ. مشکەکە داوای لە شێرەکە کرد کە لێی خۆش بێت. شێر بەزەیی پێدا هاتەوە و جێی هێشت و مشکەکەش ڕزگاری بوو و ڕای کرد.

ڕۆژێـک لـە ڕۆژانـە شـێر کەوتـە نـاو تـۆڕی ڕاوچییانـەوە و گیـری خـوارد، لـەو کاتـەدا مشـک بـە هانـای شـێرەوە هـات و بـە ددان تۆڕەکـەی بـڕی، لـە ئەنجامـدا شـێرەکە ڕزگاری بـوو، لـە دوای ئـەوە مشـک و شـێر بـوون بـە هاوڕێـی یەکتـری، بـە یەکەوە بە خۆشی لە داستانەکەدا دەژیـان، مشـک پشـتیوانییەکی گـەورەی لـە دارسـتان بـۆ پەیدا بـوو.

مشـک و شـێر ببنـە هاوڕێـی یەکتـری، دەکـرێ ئێمـە و ئـەو حیزبانـە نەبینـە هاوڕێـی یەکتـری؟

یەکی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤

# تاوس و کەروێشک



کەروێشکێک بە بێ ئومێدی لە دارستانێکدا دەژیا، ڕۆژێک تاوسێکی بینی، بیری کردەوە و لە خەیاڵی خۆی گوتی: ئەم تاوسە زۆر سپییە، منیش ڕەشم، کەواتە ئەم تاوسە بەختەوەرترین باڵندەی جیهانە.

کەروێشکەکە بیروڕای خۆی بۆ تاوسەکە بەیانکرد، لە وەڵامدا تاوسەکە گوتی: لە ڕاستیدا هەستم دەکرد کە تۆ دڵخۆشترین و بەختەوەرترین ئاژەڵی دەوروبەرمی، چونکە تۆ دوو ڕەنگت هەیە. ئێستاش پێم وایە لە شکڵ و شێوە کەروێشک

بەختەوەرترین ئاژەڵە، پاشان کەروێشکەکە لە تاوسەکە نزیک بووەوە و ڕوونی کردەوە و گوتی: ژیانێکی زۆر خۆشم بەسەر دەبرد، تا ئەو کاتەی تاوسێکم بینی، سەیری خۆم کرد تەنیا دوو ڕەنگم، کەچی تاوسە چەندین ڕەنگی هەیە.


پاشان کەروێشکەکە لە باخچەی ئاژەڵان سەردانی تاوسێکی کرد و بینی سەدان کەس بۆ بینینی تاوس کۆبوونەتەوە، دوای ئەوەی خەڵکەکە ڕۆیشت کەروێشکەکە لە تاوس نزیک بووەوە، کەروێشک گوتی: تاوسی ئازیز، تۆ زۆر جوانیت. ڕۆژانە هەزاران کەس بۆ بینینی تۆ سەردانی ئێرە دەکەن، کەچی کاتێک خەڵک منی کەروێشک دەبینێت یەکسەر تەقەم لێ دەکەن و دەمکوژن، زۆر جاریش سەگ و تاژیم تێ بەردەدەن، پێم وایە تۆ دڵخۆشترین باڵندەی لە سەر ئەم هەسارەیە. لە وەڵامدا تاوس گوتی: هەمیشە پێم وا بوو کە من جوانترین و دڵخۆشترین باڵندەی هەسارەم، بەڵام بە هۆی جوانی خۆمەوە لەم باخچەی ئاژەڵانە گیرم خواردووە، من زۆر بە وردی پشکنینی باخچەی ئاژەڵانم کردووە، بۆم دەرکەوتووە کە کەروێشک تاکە ئاژەڵە کە لە قەفەسدا نییە و بەند نەکراوە. بۆیە لە چەند ڕۆژی ڕابردوو بیرم لەوە کردەوە، کە ئەگەر کەروێشک بوومایە، دەمتوانی بە خۆشحاڵییەوە لە هەموو شوێنێک بگەڕێم.

لە ڕاستیدا ئەوە کێشەی ئێمەیە، ئێمە بەراوردی ناپێویست لەگەڵ ئەوانی دی دەکەین و دڵتەنگ دەبین. ئێمە بەهای ئەو شتانە نازانین کە خودا پێی بەخشیوین، ئەمانە هەمووی دەبنە هۆی نەخۆشی و نیگەرانی بۆ مرۆڤ. فێر بە، دڵخۆش بە

بەوەی هەتە، نیگەران مەبە بەوەی نیتە، هەمیشە کەسێک هەیە لە تۆ زیاتر یان کەمتری هەیە، بەوەی هەتە دڵخۆش بە، تا ببیتە بەختەوەرترین کەس لە جیهان.

٣٠ کانوونی یەکەمی ٢٠٢٣

# ورچێک و دوو هاوڕێ



ڕۆژێک دوو هاوڕێ بە ناو دارستانێکدا دەڕۆیشتن، ئەو دوو هاوڕێیە دەیانزانی کە لەوانەیە لە هەر کاتێکدا ڕووبەڕووی شتێکی مەترسیدا ببنەوە، بۆیە بەڵێنیان بە یەکتریدا کە لە هەر حاڵەتێکی مەترسیدا بە یەکگرتوویی بمێنەوە و یەکتری بەجێ نەهێڵن.

لە ناکاو ورچێکی گەورە لێیان نزیک بووەوە و زۆر ترسان، یەکێک لە هاوڕێکان یەکسەر سەرکەوتە سەر دارێکی بەرزی نزیک لە خۆیان، بەڵام ئەوی دیکەیان نەیدەزانی چۆن بچێتە سەر دارەکە، بۆیە بە ژیری و عەقڵی خۆی، بێ هەناسە

لـه سـەر زەوییەکـە پاڵکـەوت و خـۆی وەک مـردوو نیشـاندا.

ورچەکـە هاتـە نزیـک ئـەو پیـاوەی لـە سـەر زەوی پاڵکەوتبـوو، بۆنـی کـرد و لـە چـواردەوری سـوڕایەوە و بۆنـی گوێیەکانـی دەکـرد، هێـواش هێـواش شـوێنەکەی بەجـێ هێشـت، چونکـە ورچـەکان دەسـت لـە بوونـەوەرە مـردووەکان نـادەن، کاتێک ورچەکە ڕۆیشت هاوڕێی سەر دارەکە هاتە خوارەوە و لـە هاوڕێکـەی پرسـی و گوتـی: هـاوڕێ ورچەکـە چـی بـە گوێـی تۆدا گوت؟ برادەرەکەی لـە وەڵامدا گوتـی: ورچەکە ئامـۆژگاری کـردم کـە بـاوەڕ بـە هاوڕێـی درۆزن نەکـەم.

ئەخلاقـی هاوڕێـی ڕاسـتەقینە ئـەو کەسـەیە کـە هەمیشـە و لـە هەمـوو بارودۆخێکدا پشـتگیریت دەکات و لـە تەنیشـتتەوە دەوەسـتێت، هیـچ کاتێـک و لـە هیـچ تەنگانەیـەک بەجێت ناهێڵێـت.

٢٠ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٣

# هاوڕێیەتی باش



جارێک خوێندکارێک هاتە لای مامۆستاکەی و لێی پرسی: مامۆستا مرۆڤ پێویستی بە چەند هاوڕێیە؟ یەک، یان چەند هاوڕێ؟

لە وەڵامدا مامۆستا گوتی: پرسیارەکەت زۆر سادەیە... خۆت دەزانی!

پاشان مامۆستا، خوێندکارەکەی بردە باخێک و ئاماژەی بە دار سێوێک کرد و گوتی: لە بەرزترین لقی ئەم دارە سێوێکم بۆ بێنە خوارەوە تا بیخۆین. خوێندکار سەری بەرز کردەوە و بە نیگایەکی خەمناکی سەر ڕووخساری گوتی: مامۆستا ئەوە زۆر بەرزە... ناتوانم پێی بگەم تا ئەو سێوە بێنمە خوارەوە.

مامۆستا گوتی: بۆچی داوای یارمەتی لە هاوڕێکەت ناکەیت؟

خوێندکارەکە داوای لە یەکێک لە هاوڕێکانی کرد تا لەگەڵی بێت، لە سەر شانی وەستا، بەڵام هەر نەیتوانی بگاتە

بەرزترین لقی ئەو دارە تا سێوەکە لێ بکاتەوە.
خوێندکار هەستی بە نائومێدی کرد و گوتی: مامۆستا، هێشتا ناتوانم بگەمە ئەو سێوە چونکە زۆر بەرزە.
لە وەڵامدا مامۆستا گوتی: هاوڕێی زیاترت نییە؟
قوتابی گەڕایەوە و داوای لە هاوڕێکانی دیکەی کرد کە لەگەڵیدا بێن.
هاوڕێیان هاتن و دەستیان بە فشە و گاڵتە و پێکەنین کرد، بە وەستان لە سەر پشت و شانی یەکتر هەوڵیان دەدا سێوەکە بە ساغی لێ بکەنەوە، بەڵام سێوەکە زۆر بەرز بوو، هەتا سێوەکەیان لێ کردەوە، سێوەکە ورد بوو و بە کەڵکی خواردن نەما، واتە خوێندکارەکە نەیتوانی سێوەکە بە ساغی لێ بکاتەوە.
دوای ئەوە مامۆستا بانگی خوێندکارەکەی کردو  گوتی: ئێستا تێگەیشتی مرۆڤ پێویستی بە چەند هاوڕێ هەیە؟
خوێندکارە گوتی: بەڵێ... مرۆڤ پێویستی بە هاوڕێی زۆرە، کە پێکەوە هەوڵی چارەسەرکردنی هەموو کێشەیەک بدەن.
مامۆستا بە نا ئومێدییەوە سەری لەقاند و گوتی: بێگومان نەخێر، پێویستت بە هاوڕێی زۆر بۆر و بێکەڵک نییە، مرۆڤ پێویستی بە هاوڕێی باش هەیە، گرنگ نیە چەند هاوڕێت هەیە، گرنگ ئەوەیە چەند هاوڕێی باش و دڵسۆزت هەیە؟

۲۹ی کانوونی یەکەمی ۲۰۲۳

# کۆمپانیایەکی خراپ




پیرە پیاوێـک چـوار کـوڕی هەبـوو، کـە کەوتبوونـە نـاو کۆمپانیایەکـی خراپـەوە و تێکـەڵ بـە قومارچییـەکان بووبـوون، باوکەکە ئامـۆژگاری کـردن کـە تێکـەڵ بـەو جـۆرە کەسـانە نەبن، چونکە شـوێنی خـراپ پیـاو لـە ڕەگ و ڕیشـەوە لـە نـاوت دەبـات، بـەڵام ئامـۆژگاری باوکەکـە هیـچ کاریگەرییەکـی لـە سـەریان نەبـوو، هەمیشـە لەسـەر کارە خراپەکان بەردەوام بـوون. ڕۆژێک پیرەمێـرد سـەبەتەیەکی پـڕ بامیـەی کـڕی، بـە کوڕەکانـی گـوت: ڕۆڵەکانـم بەیانـی بـۆ نیـوەڕۆ وەرنـە ماڵـی خۆمـان و بـە یەکـەوە نانـی نیـوەڕۆ دەخۆیـن، دایکتـان شـلەی بامیەی بـۆ ئامادە کردوون.

پیـرە پیاوەکـە یـەک بامیـەی ڕزیـوی خسـتە نـاو بامیـەکان،

بەیانی کوڕەکان بۆ نان خواردن هاتن، لە کاتی نان خواردن کوڕەکان بۆیان دەرکەوت کە بامیەکە ڕزیوە، باوکەکە هۆکارەکەی بۆ گێڕانەوە و گوتی: کوڕەکانم هەر شتێکی ڕزیو بکەوێتە ناو شتی ساغ، ئەوا شتە باشەکانیش لە داهاتوو دەڕزێن، کوڕەکان تێگەیشتن و وانەیەک لە باوکیان فێربوون، یەکسەر کۆمپانیا خراپەکەیان بەجێ هێشت.

بزانە: یەک بامیەی ڕزیو دەتوانێت هەموو ئەوانی دی تێک بدات، بۆیە ئاگاداری خۆت بە، کارکردن و تێکەڵ بوونت لەگەڵ خەڵکی خراپ هەموو باشیەکانت دەشێوێنێت و لە ناوت دەبات.

٢٨ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٣

# پیاوێک و پشیلەیەک



پیـرە پیاوێـک لـە دارسـتانێکدا خەریکـی سـەیران بـوو، لـە ناکاو پشیلەیەکی بینی کە لە کونێکدا گیری خواردووە، ئاژەڵە هەژارەکە لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە خۆی ڕزگار بکات، لەبەر ئەوە پیاوەکە دەستی پێدا هێنا تا دەری بهێنێت و ڕزگاری بکات، بەڵام پشیلەکە لە ترسان چڕنۆکێکی لە دەستی کابرادا و دەستی بریندار کرد، دەستی دەرهێنا و بە ئازارەوە هاواری کرد، کەچی لە ڕزگار کردنی پشیلەکە نەوەستا و دووبارە و سێبارە هەوڵیدا پشیلەکە ڕزگار بکات. لە هەمان کاتدا پیاوێکی دی سەیری دیمەنەکەی دەکرد، بە سەرسووڕمانیەوە هاواری دەکرد، لە پێناو خودا واز لە یارمەتیدانی ئەو پشیلەیە بهێنە! ئەو خۆی لەوێ ڕزگار دەکات.

کەچی پیاوەکە گرنگی بەو قسەیە نەدا و لە هەوڵدانی بۆ ڕزگارکردنی پشیلەکە بەردەوام بوو، تا دواجار سەرکەوتوو بوو و پشیلەکەی ڕزگار کرد، ئینجا چووە لای پیاوەکە و گوتی:

کـورِم ئـەوە غـەریـزەی پشـیلەکە وای کـرد دەسـت بوەشـێنێت و ئـازار بـدات، ئـەوە کاری منـە بـۆ خـۆشویسـت و گرنگیـدان بـەو ئاژەڵـە بەسـتەزمانە.

کەواتـە بـە سروشـت و میهرەبانـی خـۆت مامەڵـە لەگـەڵ هەمـوو دەوروبـەرت بکـە، نـەک بـە سروشـتی ئـەوان. بـەو شـێوەیە مامەڵـە لەگـەڵ خـەڵـک بکـە کـە خـۆت دەتـەوێـت. لـە کۆنـەوە گوتوویانـە چاکـە بکـە و پەشـیمان مەبـەوە. چاکـە و پیاوەتـی هەمیشـە باشـە، بـەر هەمـوو کـەس ناکەوێـت.

٢٧ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٣

# ئێواره خوانی کوڕ و باوکێک



کوڕێک بۆ نانی ئێواره باوکێکی پیری خۆی برده چێشتخانه، باوک زۆر پیر و لاواز بوو، له کاتی نانخواردندا کراس و پانتۆڵەکەی به خواردن پیس بوو، کەسانی دیکەی که خواردنیان دەخوارد به بێزەوه سەیرییان دەکرد، بەڵام کوڕەکه زۆر هێمن و ئارام بوو.

کوڕەکه شەرمەزار نەبوو، دوای ئەوەی باوکی خواردنەکەی تەواو کرد، به هێمنی بردییه ژووری دەست شۆرین و به جوانی باوکی پاک کردەوه و قژی شانەی کرد، ئینجا چاویلکەکەی کردەوه چاوی و به جوانی ئامادەی کرد، کاتێک هاتنه دەرەوه، هەموو چێشتخانەکه و کارمەندەکان و گەشتیارەکان سەرسام

بوون و سەیری ئەوانیان دەکرد، دواتر کوڕەکە پارەی خۆی و باوکیدا و بەخشیشی بە شاگردەکاندا و دەستی باوکی گرت و پێکەوە چوونە دەرەوە.

لەو کاتەدا پیرە پیاوێک لە نێو چێشتخانەکەدا بانگی کوڕەکەی کرد و لێی پرسی: هەست ناکەیت لێرە شتێکت بیر چووە؟ لە وەڵامدا کوڕەکە گوتی: نا باوەڕ ناکەم، لێرە هیچم بەجێ نەهێشتووە.

پیرەمێردەکە وەڵامی دایەوە و گوتی: کوڕی خۆم تۆ وانەیەکی گەورەت بۆ هەموو کوڕێک و ئومێدێکیشت بۆ هەموو باوکێک بەجێ هێشت. بەم جۆرە تەواوی کارمەند و ڕێبوارەکانی چێشتخانەکە بێدەنگ بوو.

ئەخلاقی ژیان: گرنگیدان بەو کەسانەی کە سەردەمانێک گرنگییان پێ دەداین، یەکێکە لە بەرزترین شەرەفەکان، هەموومان دەزانین، چۆن دایک و باوکمان گرنگییان پێ دەداین، خۆشت بوێن و ڕێزیان لێ بگرە و گرنگییان پێ بدە. بە هیچ شتێک و کەموکوڕی دایک و باوک و ئازیزانت شەرمەزار مەبە. خزمەتی دایک و باوک و ئازیزانت شەرەفێکی گەورەیە.

**٢٧ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٣**

# پیرە پیاوێک و بووک و کوڕ



پیرە پیاوێکی بەساڵاچوو لەگەڵ کوڕ، بووک و نەوە چوار ساڵانەکەی چوونە گەشت، پیرە پیاوەکە زۆر لاواز بوو؛ دەستەکانی دەلەرزین؛ چاوەکانی کز بووبوو؛ قاچەکانی دەلەرزین، خێزانەکە بەیەکەوە لە سەر مێزەکە نانیان خوارد، بەڵام دەستە لەرزۆکەکانی باپیرە بەساڵاچووەکە و شکستی بینین خواردنی قورس کردبوو، بۆ ئەوەی خواردن بخوات دەستی لە کەوچکەکە دەدا، کەچی کەوچکەکەی لە دەست بەردەبووەوە و دەکەوتە سەر زەوی، کاتێک شووشە شیرەکەی گرت، شیرەکە بە سەر پەڕۆی مێزەکەدا ڕژا.

کوڕ و بووکەکە بەو ڕەفتارەی پیرە پیاو تووڕە بوون،

کوڕەکە گوتی: دەبێت شتێک لە باوکم بکەین، چونکە باپیرە دوو قاپی شکاندبوو، بۆیە ژن و مێرد مێزێکی بچووکیان لە گۆشەکەدا دانا، لەوێ باپیرە بە تەنیا خواردنی خوارد، لە کاتێکدا باقی خێزانەکە چێژیان لە ژەمی ئێوارە وەرگرت، بەو پێیەی باپیرە قاپێک یان دوو قاپێکی شکاندبوو، خواردنەکەی لە ناو قاپێکی دار پێشکەش کرا! کاتێک خێزانەکە چاویان بە ئاراستەی باپیرەدا سووڕاند و بینییان تەنیا دانیشتووە و فرمێسک لە چاویدا دێتە خوارەوە، کەچی ئەو دوو هاوسەرە تاکە وشەیان قسەی ناخۆش و توندوتیژ و ناخۆش بوو، ڕێزی پیرە پیاوەکەیان نەدەگرت، تەنیا لەبەر ئەوەی کە شتی لە دەست کەوتووەتە خوارەوە.

منداڵە چوار ساڵانەکە بە بێدەنگی سەیری هەمووانی دەکرد.

ئێوارەیەک پێش نانخواردنی ئێوارە، باوکەکە سەرنجی منداڵەکەی خۆیدا، کە لە سەر زەوی یاری بە پاشماوەی دارەکان دەکات، بە شیرینییەوە لە منداڵەکەی پرسی: چی دروست دەکەیت؟ هەر بە هەمان شێوە شیرین، منداڵەکە وەڵامی دایەوە و گوتی: ئای باوکە! قاپێکی بچووک بۆ تۆ و دایکم دروست دەکەم، کاتێک ئێوە پیر دەبن و من گەورە دەبم، تا ئێوە خواردنی لە ناودا بخۆن، هەر وەک باپیرە! ئیدی منداڵەکە زەردەخەنەی کرد و چووەوە سەر کارەکەی.


منداڵەکە زۆر ڕقی لە دایک و باوکی بووەوە کە بێدەنگ بوون، پاشان فرمێسک بە ڕوومەتیاندا هاتنە خوارەوە و هیچ وشەیەکیان بۆ نەگوترا، بەڵام هەردووکیان دەیانزانی کە دەبێت چی بکرێت.

ئەو ئێوارەیە منداڵەکە دەستی باپیرەی گرت و بە نەرمی

بردییـەوە سـەر مێـزی خێزانەکەیـان، تـا هەمـوو ژەمێک لەگـەڵ خێزانەکـەی نـان بخـوات.
پێویسـتە هـاوکاری کەسـانی بـە تەمـەن بکەیـن، کاتێـک کـە چنگاڵ دەکەوێتـە خـوارەوە، یـا شـیر دەڕژێت و پەڕۆی مێزەکە پیـس دەبێـت پێـی نارەحـەت نەبیـن.
ئەخلاقی ژیان ئەوەیە: ئەوەی بیچێنیت هەر ئەو دەدوورییەوە، بـە بـێ گوێدانـە پەیوەندیت لەگـەڵ دایـک و باوکت، کاتێـک لـە ژیانـدا نەمـاوە بیریـان دەکەیت، لەبـەر ئـەوە هەمیشـە ڕێزیـان لـێ بگرە و گرنگییـان پـێ بدە، خۆشـت بوێـن، دوای مـردن پەشـیمانی دادت نـادات، زینـدوو پەرسـت بـە و ڕێـز لـە مـردووەکان بگـرە، چونکـە کاروانـی ژیانـی هەموومـان هـەر ئـەو ڕێگایەیـە.

٢٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٣

# نێری سەرسەخت



دوو نێری لە کاتی پەرینەوەیان بە سەر پردێکی تەسکدا ڕووبەڕووی یەکتربوونەوە. یەکێکیان گوتی: ڕێگام بدە با تێپەڕم، نێرییەکەی دی گوتی: هەرگیز، ڕێگات نادام تۆ لەم ڕێگایە دەربچیت و بپەڕیتەوە. کار گەیشتە ئەوەی شەڕ لە نێوان هەرووکیان ڕوویدا، تا وای لێ‌هات هەردووکیان لە جەنگەکە هاوسەنگی خۆیان لە دەستدا. لە ئەنجامدا هەردووکیان لە سەر پردەکە کەوتنە ناو چەمەکە و گیانیان لە دەستدا.

دوای چەند ڕۆژێکی دی دوو نێری دیکە لە کاتی تێپەڕبوونی هەمان پرد ڕووبەڕووی یەکتربوونەوە، بەڵام ئەو دوو نێرییە ژیر و لێزان و لەسەرخۆ بوون. ڕێگەیان بۆ یەکتر کردەوە و تەنازولیان بۆ یەکتری کرد تا لە سەر پردە تەسکەکە تێپەڕن و بپەڕنەوە، لە ئەنجامدا هەردووکیان بە سەلامەتی گەیشتنەوە

ماڵەوە.

کەواتـە: هەمـوو شـتێک بـە تێگەیشـتن و چارەسـەر کـردن و تەنـازول کـردن بۆ یەکتری باشترە، لـە شکاندن و شـەڕ و ئاژاوە و تێکدان و لەناوبردنـی یەکتـری.

٢٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٣

# گوڵێک بۆ دایکم




پیاوێک لە لای گوڵ فرۆشێک وەستا، تا گوڵ بۆ دایکی بکڕێت، کە دوو سەد میل لە دووری ئەو دەژیا، لە کاتی ڕۆیشتنی بە ئۆتۆمبێلەکەی سەرنجی کچێکی گەنجیدا کە لە سەر شەقام دانیشتووە و دەگریا. ئۆتۆمبێلەکەی ڕاگرت و هاتە خوارەوە و چووە لای کچەکە، لێی پرسی چی ڕووی داوە و بۆ دەگریت؟ لە وەڵامدا گوتی: ویستم گوڵێکی جوان بۆ دایکم بکڕم، بەڵام من تەنیا حەفتا و پێنج سەنتم هەیە، گوڵیش بە دوو دۆلارە، بۆیە نیگەران و غەمبارم، کە ناتوانم ئەم گوڵە بۆ دایکم بکڕم.

پیاوەکە زەردەخەنەی کرد و دڵنەوایی دایەوە و گوتی: لەگەڵم وەرە ژوورەوە، گوڵێکی جوانت بۆ دەکڕم و بیبە بۆ

دایکت، کچە بچووکەکە بەمە دڵخۆش بوو، لە کاتی ڕۆیشتنیاندا بە کچەکەی گوت: دەتبەمەوە ماڵەوە، نیگەران مەبە، ئەویش گوتی: بەڵێ، تکایە! دەتوانی بمبەیت بۆ لای دایکم، ئەویش گوتی: بەسەرچاو ئاراستەی ئۆتۆمبێلەکەی گۆڕی بۆ گۆڕستانێک کە گۆڕی دایکی لێ بوو. لەوێ گوڵەکەی لە سەر گۆڕێکی تازە هەڵکەندراو دانا، کە گۆڕی دایکی بوو.

ئەوجا پیاوەکە بە ڕێگادا بەرەو لای دایکی دەڕۆیشت، میلی ئۆتۆمبێلەکەی گەیشتە سەر دوو سەد، کاتێک سەردانی دایکی کرد، دەستی لە ملی کرد و ماچی کرد، دەسکە گوڵەکەی پێشکەش بە دایکی خۆشەویستی کرد.

ئەخلاق: ژیان کورتە، تا دەتوانی کاتێکی زۆر خۆش و بە سوود بەسەر ببە، بە خۆشەویستی و خەمخۆری ئەو کەسانەی کە خۆشیان دەوێیت، پێش ئەوەی درەنگ بێت چێژ لە هەموو ساتێک وەربگرە، هیچ شتێک لە خێزان و خۆشەویستانت گرنگتر نییە.

٢٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٣

# کەشتی و هاوڕێیەتی



کەشتییەکی گەشتیاری بە هۆی زریانەوە ژێر ئاو کەوت و وێران بوو، تەنیا دوو سەرنشینی پیاو بە ڕێی مەلەکردنەوە ڕزگاریان بوو و خۆیان گەیاندە دوورگەیەکی بچووک و بیابانێک. ئەو دوو ڕزگار بووە کە هاوڕێی دڵسۆزی یەکتری بوون، نەیانزانی چی بکەن، بەڵام هەردووکیان کۆک بوون لەوەی کە جگە لە نزا و پاڕانەوە لە خودا هیچ ڕێگەیەکی دیکەیان نییە، بەڵام بۆ ئەوەی بزانن نزا و پاڕانەوەی کامیان بەهێزترە لە سەر ئەوە ڕێککەوتن کە زەوییەکە لە نێوان خۆیان دابەش بکەن.

یەکەم شت دوعای خواردنیان کرد، بەیانی ڕۆژی دواتر درەختێکی میوەیان لە نزیکی خۆیان بینی و میوەکەیان خوارد، بەڵام پارچە زەوی هاوڕێکەی بێ بەرهەم بوو و هیچ درەختێکی لێ پەیدا نەبوو.

دوای هەفتەیـەک، پیـاوی یەکـەم، کـە تەنیـا بـوو، بڕیاریـدا دوعـا بـۆ ژنێـک بـکات، ڕۆژی دواتـر کەشـتییەکی دیکـە ژێـر ئـاو کـەوت و تەنیا ژنێک ڕزگاری بوو و بە مەلەکردن خۆی گەیاندە لای پیـاوی یەکـەم، ئـەو ژن و پیـاوە بوونـە هاوسـەری یەکتـر، کەچـی لـە لای هاوڕێکـەی هیچـی لـێ نەبـوو.

زۆری نەخایاند پیاوی یەکەم دوعـای بۆ مـاڵ، جلوبـەرگ و خواردنـی زیاتـر کـرد، ڕۆژی دواتـر وەک سـیحر، هەمـوو ئەوانـەی داوای کـرد پەیدا بـوو، کەچـی پیـاوی دووەم هـەر هیچـی نەبـوو، هەر بە تەنیا بوو.

لـە کۆتاییـدا پیـاوی یەکـەم دوعـای بـۆ کەشـتییەک کـرد، تـا خـۆی و هاوسـەرەکەی دوورگەکـە بەجـێ بهێڵـن، بەیانـی کەشـتییەکی لـە دوورگـەی لای خۆیـەوە بینـی، خێـرا خـۆی و هاوسـەرەکەی چوونـە نـاو کەشـتییەکە و بڕیاریـدا هاوڕێکـەی جـێ بهێڵێـت، چونکـە پیاوەکـەی دی بـە شایسـتەی نیعمەتەکانـی خـودا نەدەزانـی، بـەو پێیـەی هیـچ یـەک لـە دوعاکانـی جێبەجـێ نەبـووە.

کەشـتییەکە خەریـک بـوو بـڕوات، پیـاوی سـەر کەشـتییەکە گوێـی لـە دەنگێـک بـوو کـە لـە ئاسـمانەوە هـات و گوتـی: بۆچـی هاوڕێکـەت لـەو دوورگەیـە جـێ دەهێڵیـت و بەرامبـەر هاوڕێکـەت بـێ وەفـا دەبیـت؟ خـۆ ئێـوە هاوڕێـی یەکتـرن.

پیـاوی نـاو کەشـتییەکە وەڵامـی دایـەوە و گوتـی: نیعمەتەکانـم بـە تەنیـا هـی منـن، مـن ئـەو کەسـەم کـە دوعـام کـردووە و داواکارییەکانـم هاتوونـە دی، بـەڵام دوعاکانـی هاوڕێکـەم بـێ وەڵام بـوون، واتـە شـایەنی هیـچ نییـە.

دەنگی ئاسـمان سەرزەنشـتی کـرد و پێـی گـوت: تـۆ هەڵەیـت!

ئەو، تەنیا یەک دوعای هەبوو، منیش وەڵامم دایەوە. ئەگەر ئەو نەبووایە هیچ نیعمەتێکی منت وەرنەدەگرت. پیاوی ناو کەشتی لە دەنگەکەی پرسی: پێم بڵێ، ئەو چ دوعایەکی کردووە و قبووڵ بووە؟ تا من قەرزداری بم؟

واتە: هیچ شتێک بە دوعا و پاڕانەوە نایەتە دی، تەنیا هەوڵ و تێکۆشان و کار کردن زۆربەی هیوا و ئاواتەکانت دەهێنێتە دی. خودای گەورە پێمان دەڵێت: لە تۆ هیممەت لە من بەرەکەت.

هەوڵ بدە لە هیچ کاتێک، چ خۆشی، یان ناخۆشی، هاوڕێکانت هەرگیز بەجێ مەهێڵە.

٢٥ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٣

# کەروێشکەکان لە باخچەی شانشینی پاشایەتی



بەیانییەکی خۆشی هاوین، ئیمپراتۆر ئەکبەر و بیرباڵ لە باخەکانی کۆشکدا پیاسەیان دەکرد، سەیریان کرد کەروێشکەکان بە خۆشحاڵییەوە لە دەوروبەری باخەکە یاری دەکەن، لەو کاتەدا پرسیارێک هاتە مێشکی ئەکبەر و سەری سوڕما لەوەی کە هەزاران کەروێشک لە باخەکەدا هەیە، پرسیاری لە بیربال کرد و گوتی: چەند کەروێشک لە باخەکەدا هەیە؟ لە وەڵامدا بیربال گوتی: لێرە ٩٥٤٦٣ نەوەد و پێنج هەزار و چوار سەد و شەست و سێ کەروێشک هەیە، ئەکبەر بەو وەڵامە خێرایە سەرسام بوو، هەوڵیدا جارێکی دی تاقی بکاتەوە، لەبەر ئەوە گوتی: ئەی ئەگەر کەروێشکێکی دیکە بێتە ناو ئەو کەروێشکانە

ڕێژەکە دەبێتە چەند؟ بیربال بێ دوودڵی گوتی: ئەگەر کەروێشک زیاتر بێت، ئەوە کەروێشکی شانشینی دراوسێیە هاتووە بۆ ئێرە. ئەکبەر پرسی: ئەی ئەگەر کەروێشکەکانی ئێمە کەمتر بێ؟ بیربال گوتی: واتە: ژمارەیەک لە کەروێشکی ئێمە بۆ جەژن چوونەتە دەرەوە.

ئەگەر بە ئاسانی بیر بکەیتەوە، هەمیشە ڕێگایەک هەیە، زۆر جار پرسیاریش وەڵامدانەوەی خۆی دەوێت، هەر چەند قورسیش بێت.

۲٥ی کانوونی یەکەمی ۲۰۲۳

# پایسکیلەکە



مایک، تاکە کوڕی دایک و باوکی بوو، تەمەنی تەنیا ١١ ساڵ بوو، باوکی بە دارتاشییەوە خەریک بوو، دایکی کابانی ماڵ بوو، ئەگەرچی ئەو خێزانە دەوڵەمەند نەبوون، بەڵام ژیانێکی خۆش و مامناوەندییان هەبوو.

قوتابخانەکەی مایک، یەک میل لە ماڵیانەوە دوور بوو. مایک بەر لە هاتنی ڕۆژی لەدایکبوونی داوای لە باوکی کرد پایسکیلێکی بۆ بکرێت، تا بە پایسکیل بچێتە قوتابخانە، بەمەش چی دیکە بە پێ ناچێتە قوتابخانە، یان پشت بە باوکی نابەستێت بۆ چوونە قوتابخانە، باوکی بەڵێنی پێدا کە پایسکیلی بۆ بکڕێت، ئەمەش مایکی دڵخۆش کرد.

مایک لە ڕۆژی لەدایکبوونی بە خۆشییەوە لە خەو هەستا، دایک و باوکی بە زەردەخەنەوە هیوایان بۆ خواست، لە

بەرامبەردا مایک هەستی بە دڵخۆشی زۆر دەکرد و چاوەڕێی ئەوە بوو باوکی بە دیاری پایسکیلی بۆ بکڕێت، لە جیاتی پایسکیل باوکی دیارییەکی دیکەی پێشکەش بە مایک کرد، کە ژمارەیەک کتێبی وەک دیاری ڕۆژی لەدایک بوونی تێدا بوو، ئەگەرچی کەمێک ناڕازی و دڵتەنگ بوو، چونکە پایسکیلی بۆ نەکڕاوە، بەڵام سوپاسی باوکی کرد.

باوکی مایک زۆر نیگەران و خەمبار بوو، چونکە پارەی پێویستی بۆ کڕینی پایسکیل نەبوو، بەڵام بەڵێنی بە کوڕەکەیدا کە بەم زووانە پایسکیلی بۆ دەکڕێت.

هەفتەیەک دوای ڕۆژی لەدایک بوون، مایک بە پێ لە قوتابخانە دەگەڕایەوە ماڵ، لە ڕێگادا بینی کوڕێک پایسکیل لێ دەخوڕێ، بەڵام سەرنجی ئەوەیدا کە پایسکیلەکە لە چاو ئەو کەسەی لێی دەخوڕێ بچووکە، لەو کاتەدا و لە ناکاو پایسکیلەکە خۆی بە شۆستەیەکدا کێشا و کەوتە سەر زەوی، مایک بە پەلە خۆی گەیاندە لای و سەیری کرد سامی هاوڕێی قوتابخانەیەتی، سام بە سەختی برینداربوو، جگە لە مایکیش کەسی لە نزیک نەبوو تا یارمەتی بدات. مایک یارمەتیدا هەڵی ستاندەوە، هاوکاری کرد و ئاوی پێدا.

سام بە خێرایی پایسکیلەکەی لێ دەخوڕی، بۆیە قاچی چەپی و دەستەکان بریندار بوون، مایک داوای لە سام کرد لە گۆشەیەک دابنیشێ، تا نەخۆشخانە ئاگادار دەکاتەوە، بە پایسکیلەکەی سام خۆی گەیاندە نەخۆشخانە، لەوێوە ئەمبولانس هات و سامی بردە نەخۆشخانە، دواتر مایک چووە ماڵی سام و دایک و باوکی لە ڕووداوەکە ئاگادار کردەوە.

سام و دایک و باوکی سوپاسی مایکیان کرد، لە بەرامبەر یارمەتیدانی سام، لە وەڵامدا مایک گوتی: هەموو شتێک ئاساییە و ئەوە ئەرکی سەرشانمە، چونکە سام هاوڕێی قوتابخانەمە.

هەروەها مایک بە دایک و باوکی سامی گوت: ئەو پایسکیلە زۆر بچووکە و بۆ سام نابێت، هەر لەبەر ئەوەش بوو کە سام نەیتوانی کۆنترۆڵی خۆی بکات، لەوە بەدواوە سام و مایک بوونە هاوڕێی نزیکی یەکتر، هەموو ڕۆژێک مایک سەردانی نەخۆشخانەی دەکرد و سامی دەبینی، تا چاک بووەوە و لە نەخۆشخانە دەرچوو.

دوای ئەوە پایسکیلێکی نوێیان بۆ سام کڕی، کاتێکیش سام زانی کە مایک پایسکیلی نییە، پایسکیلە کۆنەکەی بە مۆڵەتی دایک و باوکی وەک دیاری پێشکەش بە مایک کرد.

لەوە بەدواوە مایک و سام بوونە هاوڕێی گیانی بە گیانی یەکتر.

زۆربەی جار لە کاتی تەنگانە هاوڕێی دڵسۆزت بۆ بە دەردەکەوێت.

٢٧ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢

# گەنجینەی شاراوە




پیاوێکی پیر چوار کوڕی هەبوو، کوڕەکانی تەمبەڵ و ئیشنەکەر بوون، ڕۆژێک پیرە پیاو نەخۆش کەوت و لە سەر جێگا خەریکی ژماردنی دوا ڕۆژەکانی ژیانی بوو، لە داهاتووی منداڵەکانی زۆر نیگەران بوو، چونکە دەیزانی چەند تەمبەڵن! ئەگەرچی کوڕەکان باوەڕیان وا بوو کە بەخت لە بەرژەوەندی ئەواندایە.

ڕۆژێک پیرەمێردەکە بڕیاریدا لەگەڵ کوڕەکان باسی داهاتوو بکات، کەچی کوڕەکانی گوێیان لێ نەگرت، لە کۆتاییدا پیرەمێردەکە بڕیاریدا فێڵێک بکات، تا کوڕەکانی درک بە گرنگی کارکردن و ئەرک و ماندووبوونی خۆیان بکەن.

هەموو کوڕەکانی بانگ کرد و لە نزیک خۆی دای نیشاندن، ئەوجا گوتی: سندووقێکی گەنجینەی پڕ لە زێڕ و دراو هەیە، گەوهەری گرانبەهای زۆری لە ناو داناوە، دەیەوێت بە یەکسانی

لە نێوان ئەو چوار کوڕەی دابەش بکات.
کوڕەکانی زۆر دڵخۆش بوون، پرسیاریان کرد و گوتیان: باوکە گیان گەنجینەکەت لە کوێ داناوە؟ پیرەمێردەکە لە وەڵامدا گوتی: بە تەواوی ئەو شوێنەم بیر نایەتەوە، کە گەنجینەکەم لێ داناوە، بەڵام سندووقی گەنجینەکەم لە ژێر زەویدا شاردووەتەوە، هەرچەندە کوڕە تەمبەڵەکانی دڵخۆش بوون بە گەنجینەکە، بەڵام دڵتەنگیش بوون کە پیرەمێردەکە شوێنی گەنجینەکەی بیر نەماوە، دوای چەند ڕۆژێک پیرەمێردەکە مرد، کوڕەکان بڕیاریاندا زەوییەکە هەڵبکەنن تا سندووقی گەنجینەکە دەدۆزنەوە.
کوڕەکان دەستیان کرد بە هەڵکەندنی زەوی، سەرەڕای ئەوەی زۆر ماندووبوون، کەچی سندووقەکەیان نەدۆزییەوە، لەبەر ئەوە بڕیاریاندا شوێنێکی دیکەی زەوییەکە هەڵکەنن، کوڕەکان باوەڕیان وا بوو گەنجینەکەی لەو زەوییە شاردووەتەوە، چەند مەترێک زەوییەکەیان هەڵکەند، بەڵام جگە لە ئاو هیچی دیکەیان نەدۆزییەوە.
ڕێبوارێک بەوێدا هات و سەرنجی زەوی و ئاوەکەیدا، کە ئاوێکی زۆر و سازگار لە زەوییەکەدا دێتە دەرێ، لەگەڵ کوڕەکاندا دەستی بە قسە کرد و باسی کشتوکاڵی بۆ کردن و کە کشتوکاڵ بۆ ژیان چەند سوودبەخشە. لە سەر ئامۆژگاری ڕێبوارەکە ئەو چوار کوڕە جۆرەها تۆوی سەوزەیان چاند، سەوزە و ڕووەکی بەرداریان چاند، بەو پێیەی زەوییەکە زۆر بەپیت بوو و ئاوی زۆری تێدا بوو، لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا بووە باخچەیەکی بەپیت، سەوزە و میوەی بە سوود، چوار

کوڕەکە سەوزەواتەکانیان بە نرخێکی باش فرۆشت و بڕێکی باشیان پارە و داهات دەستکەوت.

پاشان بۆیان دەرکەوت کە کار کردن گەوهەرێکی بە سوودە، وردە وردە چوار کوڕەکە بە سەر تەمبەڵی خۆیان زاڵ بوون، ماندووبوون و پارەی زیاتریان دەستکەوت و بە خۆشی ژیانیان بەسەر برد.

کارکردن هەمیشە بەختەوەریت بۆ دەهێنێت، دوور دەکەویتەوە لە تەمبەڵی و کاری خراپ، کارکردن هەمیشە سوودی هەیە بۆ ژیانی خۆت و خانەوادەکەت هەیە.

٢٧ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢

# یەک کیلۆ کەرە



جووتیارێک ڕۆژانە کیلۆیەک کەرەی بە نانەوایەک دەفرۆشت، نانەواکە ڕۆژێک بڕیاریدا کەرەکە بکێشێت، تا بزانێت کێشی ئەو کەرەیە چەندە کە لە مام جووتیاری دەکڕێت، هەروەها بۆ ئەوەی بزانێت ڕۆژانە چەند نان دەفرۆشێت، کاکی نانەوا کەرەکەی تاقی کردەوە و سەیری کرد کیلۆیەک نەبوو، لەبەر ئەوە لە کاکی جووتیار زۆر تووڕە بوو، ڕۆژی دواتر نانەواکە چووە دادگا و سکاڵای لە سەر کاکی جووتیار تۆمار کرد.

دادوەر پرسیاری لە جووتیارەکە کرد و گوتی: ئایا هیچ پێوەرێکت بۆ کێشانی کەرە هەیە؟ لە وەڵامدا جووتیارەکە گوتی: گەورەم، جەنابی دادوەر، من هیچ پێوەرێکی دروست و کێشێکم نییە تا بزانم ئەو کەرەیە چەندە، بەڵام تەرازوویەکی

باشم هەیە، بە ڕاستی من هیچ فێڵێک نازانم و نایکەم، چونکە باوەڕم پێی نییە.

دادوەر پرسی: ئەدی چۆن کەرەکە دەکێشیت؟

جووتیارەکە گوتی: گەورەم، جەنابی دادوەر، بەر لەوەی من کەرەکە بە نانەواکە بفرۆشم، ڕۆژانە کیلۆیەک نانم لێ کڕیوە، ئینجا کیلۆ نانەکەم لە لایەکی تەرازووەکە داناوە، لە بەرامبەریشدا کەرەم بە هاوسەنگی نانەکە داناوە، من بەم جۆرە کەرەم کێشاوە، ئەگەر تاوانبارێک هەبێت ئەوە نانەواکەیە، نەک من!

جا لە ژیاندا ئەوەی دەیدەیت هەر ئەوەش بە دەست دەهێنیت. هەوڵ مەدە و فێڵ لە کەسانی دی بکەیت، چونکە چ بچێنیت هەر ئەوە دەدوورییەوە.

٢٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢

# چیرۆکی سەربازێک




دەگێڕنەوە سەربازێک لە دوای شەڕی ڤێتنام دەیویست بگەڕێتەوە ماڵ، خانەوادەکەیان لە سانفرانسیسکۆی ئەمریکا دەژیان، بەڵام بەر لەوەی بگەڕێتەوە تەلەفۆنی بۆ دایک و باوکی کرد و گوتی: من دەگەڕێمەوە، بەڵام پێم خۆشە هاوڕێیەکم لەگەڵ خۆش بهێنم، دایک و باوکی گوتیان: بە دڵنیاییەوە ئێمە پێمان خۆشە و زۆر بە خێر بێن، کوڕەکە لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: شتێک هەیە دەمەوێت بە ئێوەی ئازیزی بڵێم، هاوڕێکەم لە شەڕ بە سەختی بریندار بووە، دەست و قاچێکی لەدەستداوە، ئازاری زۆری هەیە، هیچ شوێنێکی نییە تا ڕووی لێ بکات،

دەمەوێت لەگەڵ ئێمە بژیت و هاوکاری بکەین، لە ڕاستیدا کوڕەکە خۆی لە شەڕ بریندار بووبوو، بەڵام نەیدەویست بڵێ برینداره‌کە خۆمم!

دایک و باوک گوتیان: کوڕم ببووره، ڕەنگە تەنیا بتوانین یارمەتی بدەین لە دۆزینەوەی شوێنێک تا تێیدا بژیت، چونکە ناکرێت و زۆر قورسە لەگەڵ ئێمە بە بەردەوامی ژیان بەسەر بەرێت.

باوکەکە گوتی: کوڕم، تۆ نازانیت پرسیاری چی دەکەیت، کەسێک بەم شێوەیە کەمئەندام بێت، بارگرانییەکی ترسناکی لە سەر ئێمە دەبێت، ئێمە تەنیا ژیانی خۆمان هەیە تا بژین، ناتوانین ڕێگە بدەین کەسێکی لەو شێوەیە لەگەڵماندا بژیت، لەبەر ئەوە هەر خۆت وەرەوە ماڵەوە و ئەو هاوڕێیە لە یاد بکە، با بۆ خۆی ڕێگایەکی دیکە بدۆزێتەوە و بیر لە ژیان بکاتەوە.

لەو کاتەدا کوڕەکە تەلەفۆنەکەی داخست، دایک و باوکەکە لەوە زیاتر هیچیان نەبیست، چەند ڕۆژێک دواتر لە لایەن پۆلیسی سانفرانسیسکۆ پەیوەندی بە دایک و باوکییەوە کرا و ڕایان گەیاند: کوڕەکەیان بە هۆی کەوتنە خوارەوە لە بینایەکدا گیانی لە دەست داوە، پۆلیس گوتیشی: پێ دەچێت خۆکوژی بێت.

دایک و باوک بە خەمبارییەوە بە مەبەستی ناسینەوەی کوڕەکەیان خۆیان گەیاندە مردووخانەی شوێنی ڕووداوەکە، ڕەنگ و شێوەی مردووەکە زۆر نەگۆڕا بوو، بە ئاسانی ناسییانەوە، بەڵام تووشی شۆک بوون کاتێک بینییان کوڕەکەیان

قـاچ و دەسـتێکی نەمـاوە!

دایـک و باوکـی نـاو ئـەم چیرۆکـە وەک زۆرێـک لـە ئێمـەن، ئێمـە بـە ئاسـانی کەسـانی دەوروبـەری خۆمانمـان خـۆش دەوێـت، کاتێـک جـوان، سـاغ و خۆشـگوزەران، بـەڵام حەزمـان لـەو کەسـانە نییـە کـە نارەحەتمـان دەکـەن، یـان کەمئەندامـن و لـە ژیـان بێزارمـان دەکـەن. ئێمـە پێمـان باشـە لـە کەسـانێک دوور بکەوینـەوە کاتێـک وەک ئێمـە تەندروسـت و جـوان و ڕێـک نیـن.

سـوپاس بـۆ خـودا، کەسـێک هەیـە بـەو شـێوەیە مامەڵەمـان لەگـەڵ نـاکات. کەسـێک بـە خۆشـەویستی بـێ مـەرج خۆشـی دەوێیـن، پێشـوازیمان لـێ دەکـەن، ئەویـش خێزانـی هەمیشـەییمانە.

ئەمشـەو پێـش ئـەوەی بخەویـت مێشـک و دەروونـت خـاو بکـەوە، کەمێـک نـزا بکـە، کـە خـودا ئـەو هێـزەت پـێ ببەخشـێت، تـا مرۆڤـەکان وەک خۆیـان قبـووڵ بکەیـت، یارمەتـی هەمووومـان بدەیـت، تـا جیـاوازی خۆمـان نیشـان بدەیـن.

٢٥ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢

# باڵندەی سەیروسەمەرەی دوو سەر



سەردەمانێک باڵندەیەکی نامۆی دوو سەرە لە دارستانێک دەژیا، سەرێکیانی ڕوو لە چەپ و سەرەکەی دیکەی ڕوو لە ڕاست بوو، سەرەتا ئەو دوو سەرە شەڕ و دەمەقاڵێیان لەگەڵ یەکتر دەکرد، تەنانەت بە هۆکارێکی زۆر سادەش لە یەکتری تووڕە دەبوون، هەرچەندە یەک جەستەیان هەبوو، بەڵام ئەو دوو سەرە وەک ڕکابەر ڕەفتاریان دەکرد!

ئەو باڵندە نامۆیە لە دارستانێکی گەورەی کەنار ڕووبارێک دەژیا. ڕۆژێک لە کاتی فڕینی بە سەر ڕووبارەکەدا سەری چەپی باڵندەکە دارێکی جوانی بینی کە میوەیەکی سووری

گەشاوەی لە شێوەی سێو پێوە بوو. باڵندەکە شەقەی باڵی لێدا و ویستی میوەکە لێ بکاتەوە، دوای ئەوەی میوەکەی بۆن کرد لێی کردەوە و بردی، ئینجا لە کەناری ڕووبارەکە نیشتەوە و دەستی بە خواردنی کرد، ئەو کاتەی خەریکی خواردن بوو، سەری ڕاست لێی پرسی: دەتوانی پارچەیەکم پێ بدەیت؟ تا منیش تامی ئەو خواردنە بکەم؟

سەری چەپ گوتی: ئێمە تەنیا یەک گەدەمان هەیە، لەبەر ئەوە من دەیخۆم و دەچێتە گەدەی هەردووکمانەوە، پێویست ناکات تۆ بیخۆیت.

سەری ڕاست گوتی: وایە، بەڵام من دەمەوێت تامی میوەکە بکەم، بۆیە پێویستە پێمی بدەیت.

سەری چەپ بە تووڕەییەوە وەڵامی دایەوە و گوتی: من میوەکەم بینی، کەواتە هەر من مافی ئەوەم هەیە بیخۆم، پێویست ناکات کەس بکەمە هاوبەش. سەری ڕاست هەستی بە دڵتەنگی کرد، کەچی بێدەنگ بوو.

دوای چەند ڕۆژێک جارێکی دیکە باڵندەکە بە سەر ڕووبارەکەدا فڕی، سەری ڕاستی باڵندەکە میوەیەکی زەردی لە شێوەی هەرمێ بە دار درەختێکەوە بینی. باڵندەکە لە نزیک دارەکە بۆ لێ کردنەوەی میوەکە نیشتەوە، هەوڵیدا هەڵی بگرێت و بیخوات، لەو کاتەدا باڵندەکانی دی کە لە سەر درەختەکە دەژیان گوتیان مەیخۆ، میوەیەکی ژەهراوییە و دەتکوژێت.

سەری چەپ هاوارێکی کرد و گوتی: مەیخۆ، مەیخۆ ئەو میوە دەمانکوژێت.

سەری ڕاست گوێی لە سەری چەپ نەگرت، سەری ڕاست

گوتـی: دەیخـۆم، چونکـە بینیومـە، تـۆ کـە خواردنـت دەخـوارد گوێت لـە مـن نەدەگـرت و بەشـی منیشـت نـەدەدا، کەواتـە مافـی ئـەوەت نییـە ڕێگریـم لـێ بکەیـت.

سـەری چـەپ هاوارێکـی کـرد و گوتـی: تکایـە مەیخـۆ، هەردووکمـان یـەک جەسـتەمان هەیـە، پێکـەوە دەمریـن.

سـەری ڕاسـت گوتـی: مـن ئـەو میوەیـەم بینیـوە و مافـی خواردنیـم هەیـە، هـەر دەیخـۆم. بـە ڕوونـی دیـار بـوو کـە سـەری ڕاسـت هەوڵـی تۆڵەکردنـەوەی لـە سـەری چـەپ دەدا.

لـە کۆتاییـدا سـەری ڕاسـت میـوە ژەهراوییەکـەی خـوارد و لـە ماوەیەکـی کـورت باڵنـدە دوو سـەرەکە بـە مردوویـی کەوتـە خـوارەوە.

شـەڕ و ناکۆکـی نێـوان تاکەکانـی نـاو خێـزان، یـان پارتێکـی سیاسـی، یـان میللەتێکـەوە کاریگـەری خراپـی لـە سـەر هەمـوو لایـەک هەیـە.

٢٥ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢

# خەونی گەورە



لیندە، کچێکی بچووک، ڕۆح سووک و شەرمن بوو، لە هەمان کاتدا بە توانا بوو، ئارەزووی لە یاری تۆپی پێ بوو، هاوڕێ و هاوپۆلەکانی گاڵتەیان بە لیندە دەکرد، بە هۆی ئەوەی حەزی لە تۆپی پێیە، سەرەڕای ئەوەش بڕیاریدا بە دوای خولیای خۆیدا بگەڕێت و ببێتە یاریزانێکی سەرکەوتووی تۆپی پێ.

هەموو ڕۆژێک دوای گەڕانەوەی لە قوتابخانە، لیندە بە خێرایی ئەرکەکانی قوتابخانە و ماڵەوەی تەواو دەکرد، ئینجا مەشقی تۆپی پێ زۆر بە باشی دەکرد، دایکی لەو خۆشەویستییە تێ دەگەیشت کە لیندە بۆ وەرزش هەیەتی، بۆیە لە هەموو

ڕووپەکەوە پشتگیری دەکرد.

کاتێک پێشبڕکێی نێوان قوتابخانەکان ڕاگەیەنرا، لیندە بڕیاری بەشداری کردنیدا، ئەگەرچی هاوڕێکانی گاڵتەیان پێ دەکرد، بەڵام هەموو هاوڕێکانی تووشی شۆک کرد، کاتێک لە تاقیکردنەوەی هەڵبژاردن ئاستێکی زۆر باش و بێ وێنەی پێشکەش بە دادوەران کرد، لە ئەنجامدا لیندە وەک نوێنەری قوتابخانە هەڵبژێردرا.

پابەندبوون و ماندووبوونی لیندە هەموو ئەو کەسانەی سەرسام کرد، کە گاڵتەیان پێ دەکرد، لە پێشبڕکێ لیندە بووە خاوەن چەندین میدالیا و نازناو هەم بۆ خۆی و هەم بۆ قوتابخانەکە، ئەمەش وای کرد ناو و ناوبانگێکی باش بۆ خۆی و خانەوادەکەی پەیدا بکات.

لەو هەوڵانە بەردەوام بە، کە باوەڕت پێی هەیە.

بە هیوای سەرکەوتن بۆ هەمووان.

٢٤ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢

# گورگێکی زیرەک



لە دارستانێکی چڕ گورگێکی زیرەک دەژیا، ڕۆژێک لە کاتی گەڕان بە دوای خواردندا، فیلێکی مرداربووەوەی لە ناو دارستانەکەدا بینی، ویستی گۆشتەکەی بخوات، بەڵام ددانەکانی ئەوەندە بەهێز نەبوون کە پێستی بەهێزی فیلەکە ببڕێت، بۆیە بە هێمنی چاوەڕێی ئەوە تا ئاژەڵێکی دی بێتە ئەو دەوروبەرە. لەو کاتەدا شێرێک هاتە، گورگەکە پێی گوت: جەنابی شێر، تکایە تامی ئەو فیلە بکە و هەندێکی لێ بخۆ، من تەنیا پاسەوانیم بۆ تۆ کردووە.

شێرەکە گوتی: من تەنیا ئاژەڵە تازەکان دەخۆم، نەک ئەوانەی کۆنن، من کەلەشی مرداربووەوە ناخۆم، بەمە گورگەکە دڵخۆش بوو، چونکە کەلاشی فیلەکە هەر لە ژێر دەستیدا بوو.

دوای ماوەیەک پڵنگێک هات، گورگەکە ترسی لێ نیشت و لە دڵی خۆیدا بیری لەوە دەکردەوە کە ڕەنگە پڵنگەکە هەموو فیلەکە بخوات، بۆیە بە پڵنگەکەی گوت: ڕاوچییەک ئەم فیلەی بە تیرێکی ژەهراوی کوشتووە، هەر کەسێک گۆشتەکەی بخوات، دەمرێت، من پاسەوانی دەکەم تا ژیانی ئەوانی دیکە ڕزگار بکەم. پڵنگەکە ترسا، زۆری نەخایاند لە ناو دارستانە چڕەکەدا ون بوو.

لە پاش ڕۆیشتنی پڵنگەکە دوو کەروێشک هاتن و لە سەر تەرمی فیلەکە دانیشتن، گورگە زیرەکەکە نەیدەویست فیلەکە بخۆن، بۆیە پێی گوتن: من ئەو فیلەم ڕاو کردووە و پێستەکەیم بە دوو ڕاوچی فرۆشتووە، ئەگەر بتانەوێت ئەو فیلە بخۆن، من هەردووکتان دەکوژم و دەتانخۆم. کەروێشکەکان ترسیان لێ نیشت و یەکسەر هەڵاتن و ون بوون.

گورگەکە هەر بە دوای کەسێکدا دەگەڕا، تا پێستە بەهێزەکەی مام فیل بدڕێنێت تا گۆشتەکەی بە ئاسانی بخوات.

لە کۆتاییدا پڵنگێک هات، گورگەکە دەیزانی کە پڵنگەکە ددانێکی تیژی هەیە، دەتوانێ پێستی فیلەکە بدڕێنێت، گورگ بە پڵنگی گوت: هاوڕێ گیان وا دیارە برسییتە، بفەرموو هەندێک لە گۆشتی ئەو فیلە بخۆ، بۆ تۆم داناوە، ئاگادارم کە شێرێکی برسی دەیەوێ بیخوات، بەڵام سەرەتا چووە خێزانەکەی بهێنێت تا بە هەمووان بیخۆن، تا ئەوان نەهاتوون بەشی خۆت بخۆ. پڵنگەکە ڕازی بوو، دانیشت تا پێستی فیلەکە هەڵبدڕێت، کاتێک گورگەکە بینی پڵنگەکە پێستی فیلەکەی دڕیوە یەکسەر هاواری کرد کاک پڵنگ ڕاکە، وا شێرەکە بە خێرایی دێ، ئەگەر لێرە بت

بینیٚ ئازارت دەدات، لە ترسان پڵنگەکە بە خێرایی هەڵات و لە دارستانەکەدا ون بوو.

ئینجا گورگەکە بە خۆشحاڵییەوە دەستی بە خواردنی گۆشتی فیلەکە کرد و چەندین ڕۆژی چێژی لەو گۆشتە زۆرە وەرگرت.

٢٣ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢

# پەیامی سێبەری تاریک بۆ پاشا



پاشایەک خەونێکی بینی، لە خەودا سێبەرێکی تاریکی بینی و دەستی خستە سەر شانی پاشا. پاشاکە بە بینینی ئەو سێبەرە تووشی شۆک و دڵەڕاوکێ بوو. لە ناکاو سێبەر قسەی لەگەڵ پاشا کرد و گوتی: پێویست ناکات بترسیت و نیگەران بیت، ئێمە هەمیشە بە بێ ئاگادارکردنەوە دێین، بەڵام چونکە تۆ پاشایەکی گەورەیت، من هاتووم تا ئاگادارت بکەمەوە. پاشا پرسیاری لە سێبەرەکە کرد و گوتی: تۆ کێیت؟ سێبەر پێکەنی و لە وەڵامدا گوتی: من کەسێکم هاتووم ڕۆحی تۆ بکێشم، واتە تۆ بۆ مردن ئامادەکراوی، سبەی ئێوارە لە کاتی خۆر ئاوا بوون دێم و ڕۆحت دەکێشم.

پاشا زۆر ترسا و لە خەو هەستا، سەرەڕای ئەوەی تەنیا خەونێکی دیتبوو، بەڵام هەموو گیانی دەلەرزی و دەترسا، دەستبەجێ تەلەفۆنی بۆ ئەنجوومەنی ڕاوێژکاران و پیاوە داناکانی کرد و بانگهێشتی کۆشکی کردن، خەونەکەی بۆ هەموو ئامادەبووان گێڕایەوە، ئینجا پرسیاری کرد و داوای کرد کە مانای خەونەکەی بۆ لێک بدەنەوە، بەگوێرەی ئەو خەونە بێت من دەمرم؟ کەسانی ئامادەبوو نەیانتوانی مانای خەونەکەی بۆ لێک بدەنەوە، چونکە هەر یەکێک لە ئامادەبووان قسەی جیاوازیان لە بارەی خەونەکەوە دەکرد، بەم جۆرە پاشا زیاتر سەری لێ شێوا؛ هەر لە نیوەی شەوەوە و تا ڕۆژ هەڵاتن بارودۆخەکە هەر بەو شێوەیە بوو.

پیرەمێردێک هەبوو، هەر لە منداڵییەوە خزمەتی شای دەکرد و لە پاشا نزیک بوو، وەک باوک ڕێزی لێ دەنرا، کاتێک خۆر هەڵات، پیرەمێرد چووە لای پاشا و بە گوێیەکانیدا چرپاندی و گوتی: ئەم ڕاوێژکار و دانایانە هەرگیز ناگەنە ئەنجام، پێت وایە لە ماوەی ١٢ کاتژمێردا دەگەنە ئەنجام؟ باوەڕ ناکەم. پاشا لێی پرسی: کەواتە پێشنیازی چی دەکەیت؟ لە وەڵامدا پیاوە پیرەکە گوتی، بە پێی تێگەیشتنی من، پێویستە ئەو دانایانە گفتوگۆ بکەن، بەڵام تۆ بە خێراترین ئەسپ بڕۆ و تا دەتوانی لە کۆشک دوور بکەوە، چونکە مانەوەی تۆ بۆ ١٢ کاتژمێری داهاتوو مەترسیدار دەبێت، دەکرێت دوای خۆرئاوا بوون بگەڕێیتەوە. هەروەها گوتی: ئەو پیاوە دانایانە بە هەر ئەنجامێک گەیشتن، من لە دوای تۆ دێم و لە ئەنجام ئاگادارت دەکەمەوە.

بەم جۆرە پاشا گەیشتە باوەڕ و بە باشترین ئەسپ، بە هێمنی کۆشکەکەی جێ هێشت، بە تەواوی ڕۆژ ئەسپەکە بە خێرایی دەڕۆیشت، تەنانەت پاشا بۆ ئاو و خواردنیش نەوەستا، تەنانەت هەر کاتی بیرکردنەوەی لە خواردن و خواردنەوە نەبوو. پاشا گەیشتە شوێنی مەبەست، کە تەنیا پیرە پیاوەکە دەیزانی کوێیە.

پاشا لە ژێر دارێکدا وەستا و دەستی لە ئەسپەکەیدا و گوتی: تۆ سەلماندت کە هاوڕێیەکی گەورە و دڵسۆزی، لە هەموو شتێک دەمپارێزی و ڕێگە لە مردنم دەگریت، چونکە پێشتر هەرگیز بەو خێراییە ڕاتنەکردووە، لە بارودۆخی من تێگەیشتی و بە درێژایی سەد میل هەنگاوت نا.

لەگەڵ ئاوابوونی خۆر پاشا هەستی بە هەمان دەستی سێبەر کرد، کە لە سەر شانیەتی، هەر وەک ئەوەی لە خەونەکە هەستی پێ دەکرد، سێبەر زەردەخەنەی کرد و گوتی: دەبێت منیش سوپاسی ئەسپەکەت بکەم، نیگەران بووم لەوەی کە ئایا لە کاتی خۆیدا دەگەیتە ئەم شوێنە، یان نا. هەر بۆیە هاتووم تا ئاگادارت بکەمەوە، کە ئەمە شوێنی قەدەر و مردنی تۆیە، ئەسپەکەت تۆی بە ئێرە گەیاند.

چەند پێت دەکرێت ڕاستگۆ و باش بە، چونکە چۆن لەدایک دەبیت، ئەوهاش دەڕۆیت و کەس ناتوانێت لە مردن ڕزگارت بکات.

٢٣ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢

# تێگەیشتن



دوو کوڕی دووانە لە لایەن باوکێکی لاسار و شەڕ فرۆشەوە پەروەردە دەکران، یەکێکیان گەورە بووە و وەک باوکی لاسار و شەڕ فرۆش بوو، ئەوەی دیکەیان زۆر ژیر و عاقڵ و تێگەیشتوو بوو، کاتێک لە کوڕە گەورەکەیان پرسی چی ڕووی داوە، بۆ وا دەکەیت؟ گوتی: سەیری باوکمم دەکرد.

لە بەرامبەردا خەڵک شانازی بە کوڕەکەی دیکەوە دەکرد، کە کوڕێکی عاقڵ و تێگەیشتوو بوو، کاتێک پرسیاری لێکرا چی ڕووی داوە، چۆنە وا عاقڵ و تێگەیشتوویت؟ هەموو خەڵکت سەرسام کردووە، لە وەڵامدا گوتی: سەیری باوکمم دەکرد.

دوو کوڕ، دوو برا، یەک باوک، دوو دیدگای جیاواز، جا مەرج نییە کە باوک خراپەکار بوو، منداڵیش هەر وا بێت، یان

کە باوک باش بوو، منداڵ وەک باوکی بێت.

دیدگای تۆ لە ژیاندا شوێنی مەبەستت دیاری دەکات.

سڵاو بۆ کەسە باش و تێگەیشتووەکان، هیوای باشبوونیش بۆ کەسە بزێوەکان دەخوازین.

٢٠ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢

# تەندروستی سامانێکی گەورەیە



پاشـایەکی بەخشـندە و دڵسـۆز لـە گوندێـک دەژیـا، بـەڵام خەڵک بە پاشـاکەیان دڵخۆش نەبوون، چونکە پاشا زۆر تەمبـەڵ بـوو، جگـە لـە خـواردن و خەوتـن هیچـی دی نەدەکـرد. ڕۆژ و هەفتـە و مانـگ لـە سـەر جێگاکـەی، یـان شـتێکی دەخـوارد، یـان دەخـەوت. واتـە پاشـا بـوو بـە خەفەتێکـی گـەورە و پەتایەکـی کوشـندە بـۆ خەڵکـی ئاوایـی، بـە گشـتی خەڵکیـش کەوتنـە خەمـی پاشـا.

ڕۆژێـک پاشـا تـێ گەیشـت کـە ناتوانێـت جەسـتەی خـۆی

بجووڵێنێت، تەنانەت پێکانیشی، چونکە زۆر قەڵەو بووبوو، دوژمنەکانی گاڵتەیان پێ دەکرد و پێیان دەگوت: پاشا قەڵەو، یان پاشا تەمبەڵەکە و هتد... لەبەر ئەوە پاشا پزیشکە شارەزاکانی ناوچە جیاوازەکانی وڵاتەکەی بانگهێشت کرد و پاداشتی بەخشندەیی پێشکەش کردن، بۆ ئەوەی لە دۆخێکی باشدا بێت، بەداخەوە هیچیان نەیانتوانی یارمەتی پاشا بدەن، تا تەندروستییەکی باش و جەستەیەکی جوانی هەبێت، ئەگەرچی پاشا بڕە پارەیەکی زۆری خەرج کرد، بەڵام بێ سوود بوو.

بەیانییەکی زوو، پیاوێکی پیرۆز سەردانی وڵاتی کرد و هەواڵی ناڕەحەتی پاشای بیست، ئەویش وەزیری کۆشکی ئاگادار کردەوە، کە بە ئاسانی دەتوانێت پاشا چارەسەر بکات. وەزیر بەو قسەیە دڵخۆش بوو، داوای لە پاشا کرد کە چاوی بەو پیاوە پیرۆزە بکەوێت.

پاشا هێندە قەڵەو بوو، کە نەیدەتوانی بۆ لای پیاوە پیرۆزەکە بچێت، لەبەر ئەوە پاشا داوای لە وەزیر کرد کە پیاوە پیرۆزەکە بهێنێتە کۆشک، بەڵام ئەو پیاوە ڕەتی کردەوە و گوتی: ئەگەر پاشا دەیەوێت چاک بێتەوە، دەبێت ئەو بێتە لام. پاش هەوڵێکی زۆر، پاشا سەردانی پیاوە پیرۆزەکەی کرد، پیاوە پیرۆزەکە دەستخۆشی لە پاشا کرد و گوتی: فەرمانڕەوایەتی باشیت، مژدەی ئەوە دەدەم کە بەم نزیکانە تەندروستیت باش دەبێت، بەڵام دەبێت سبەی دیسان بێیتەوە ئێرە، تۆ تەنیا لێرە چاک دەبیت، نەک من بێمە کۆشک!

ئەگەرچی پاشا نەیتوانی چەند هەنگاوێکیش لە سەر ڕێگاکە

بڕوات، بەڵام بە یارمەتی کەسانی دەوروبەری جارێکی دیکە چووە شوێنی پیاوە پیرۆزەکە، بەڵام لەوێ نەبوو، هەوادارانی پیاوە پیرۆزەکە داوایان لە پاشا کرد کە سبەی بێتەوە تا پیاوە پیرۆزەکە ببینێت.


بەم جۆرە ماوەی دوو هەفتە هەموو ڕۆژێک پاشا سەردانی شوێنی پیاوە پیرۆزەکەی دەکرد، بەڵام بەردەست نەبوو، هەرگیز چاوی پێ نەکەوت و هیچ چارەسەرێکی وەرنەگرت. وردە وردە پاشا تێ گەیشت کە هەست بە لاوازبوون و سووکبوونی کێشی خۆی دەکات، بڕێکی بەرچاو کێشی دابەزیوە و هەست بە چالاکی زیاتر دەکات، ئینجا درکی بەوە کرد کە بۆچی پیاوە پیرۆزەکە داوای لێ کرد بە پێ بێتە شوێنەکەی.

بەم شێوەیە پاشا تەندروستی جێگیر بوو، تەندروستی باشی بۆ گەڕایەوە، خەڵکەکەش زۆر دڵخۆش بوون.

کەواتە: تەندروستی سامانێکی زۆر گەورەیە، تکایە ئاگاداری تەندروستی خۆتان بن.

١٩ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢

# شاخەوان و گوریسێک



پیاوێک گوریسەکەی هەڵگرت و بۆ گەشتی شاخەوانی ڕۆیشتە ناو شاخ، ئێوارەیەک بە سەر شاخ سەرکەوت و لە بەرزایی شاخەکە نزیک بووەوە، شاخەوان هیچی نەبینی و ئاستی بینینی نەما، مانگ و ئەستێرە بە هەور داپۆشرا، هەور و تەمتومانێکی زۆر تاریک بوو، تەنیا چەند هەنگاوێکی مابوو تا بگاتە سەر لووتکەی شاخەکە کەوتە خوارەوە، لە کاتی کەوتنی تەنیا پەڵەی ڕەشی دەبینی و هەستی بە ترسناکی کەوتنە خوارەوەی دەکرد. لەو ساتانە لە ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆردا بوو، هەموو کارە باش و خراپەکانی ژیانی هاتەوە مێشک و بەرچاوی، بیری لەوە دەکردەوە کە مردن چەند نزیکە!

شاخەوانەکە زۆر بە توندی گوریسەکەی لە کەمەری خۆی

ئاڵاندبـووە؛ لـە بەرزایـی مابـووەوە، واتـە تەنیـا پەتەکـە یارمەتـی دەدا و لـە دەسـتیدا بـوو، لـەو کاتـەدا جگـە لـە هـاوار کـردن بـۆ خـودا هیچـی دیکـە نییـە، هـاواری کـرد و گوتـی: خودایـە گیـان یارمەتیـم بـدە!

لـە نـاکاو دەنگێکـی قـووڵ لـە ئاسـمانەوە هـات و گوتـی: دەتەوێـت چـی بکـەم؟

- ڕزگارم بکە، خودایە هەر تۆ پشت و پەنامی.
- بە ڕاستی پێت وایە دەتوانم ڕزگارت بکەم؟
- بێگومان باوەڕم وایە و دەتوانیت.
- پاشـان پێـی گـوت: ئـەو پەتـە ببـڕە، کـە بـە کەمەرتـەوە بەسـتراوە.

سـاتێک بێدەنگی هەڵبژارد، ئینجا کابـرا بڕیاریـدا بـە هەمـوو هێـزی خۆیـەوە دەسـت بـە پەتەکـەوە بگرێـت. ڕۆژی دواتـر شـاخەوانەکە بـە مردوویی و بەستەڵەکی دۆزرایـەوە، تەرمەکـەی بـە پەتێکـەوە هەڵواسـرا بـوو، کـە تەنیـا یـەک پـێ لـە زەوی دوور بـوو!

بە ڕاست، تا چەند بە پەتەکانمانەوە گرێ دراوین؟

هەرگیز گومان لە خودا مەکە.

پێویسـتە ئەوەنـدە ئیمانمـان هەبێـت، کـە پەتەکـە ببڕیـن، ئـەوەی لـە خوداوەیـە پێویستە بیکەیـن، هەرگیـز خـودا فەرامـۆش مەکـە و هەمـوو کات بیـر و خەیاڵـت لای خـودای پـەروەردگار بێـت.

١٩ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢

# هاوڕێیەتی بێ کەڵک



ئاسکێکی شاخ تیژ لە دارستانێکدا دەژیا، هاوڕێی زۆری هەبوو، شانازی بە هاوڕێکانییەوە دەکرد، ڕۆژێک ئاسکی شاخ تیژ گوێی لە قیژەی بەرزی گورگ بوو، زۆر ترسا. بڕیاریدا داوای یارمەتی بکات، خێرا چووە لای ئاسکی هاوڕێی و گوتی: هاوڕێی ئازیز، هەندێک گورگی برسی دەیانەوێت ڕاوم بکەن و بمخۆن، تکایە دەتوانی بە شاخە تیژەکانت لێیان بدەیت و هاوکارم بیت؟ لە دەست ئەو گورگە برسییانە ڕزگارم بکەیت؟ ئاسکەکە گوتی: ڕاستە شاخم تیژە، دەتوانم یارمەتیت بدەم و ڕزگارت بکەم. بەڵام ئێستا سەرقاڵم، ناتوانم یارمەتیت بدەم، بۆ داوای یارمەتی لە ورچ ناکەیت؟

ئاسکەکە بۆ لای ورچ ڕای کرد و داوای لە ورچەکە کرد و گوتی: هاوڕێی ئازیزم، تۆ زۆر بەهێزیت، تکایە یارمەتیم بدە، هەندێک گورگی برسی دەیانەوێت بمخۆن، تکایە ڕاویان بکە. لە وەڵامدا ورچەکە گوتی: ببوورە، برسی و ماندووم، پێویستە هەندێک خواردن بدۆزمەوە، تکایە داوای یارمەتی لە مەیموون بکە.

ئاسکە هەژارەکە چووە لای مەیموون، فیل، بزن، ئەسپ و هەموو هاوڕێکانی دیکە، بەڵام هیچ یەک لە هاوڕێکانی یارمەتییان نەدا، لەبەر ئەوە هەستی بە دڵتەنگی و نا ئومێدی زۆر کرد، چونکە کەس ئامادە نییە لە دەست گورگە برسییەکان ڕزگاری بکەن.

ئەوجا تێ گەیشت لەوەی کە پێویستە بە تەنیا بیر لە ڕێگایەکی دی بکاتەوە و خۆی ڕزگار بکات، لەبەر ئەوە چووە ژێر دارێک و زۆر بە هێمنی خۆی شاردەوە، گورگە برسییەکان زۆر گەڕان و ئاسکەکەیان نەدۆزییەوە، بە ناچاری بە دوای ئاژەڵی دیکەدا ڕۆیشتن. بەم جۆرە ئاسکەکە تێ گەیشت کە هیچ هاوڕێیەک و پشت و پەنایەکی نییە، پێویستە بە تەنیا بژیت نەک پشت بە هاوڕێی بێ وەفا و بێ کەڵک ببەستێت.

کەواتە: باشترە پشت بە خۆت ببەستیت، نەک پشت بە کەسانی دی و هاوڕێی بێ کەڵک ببەستیت.

١٩ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢

# پیاوێکی دەوڵەمەند و کوڕەکەی



کوڕی دەوڵەمەندێک لە کۆتایی خوێندن بوو، هێندەی نەمابوو کۆلێژ تەواو بکات، لەو کاتەدا داوای لە باوکی کرد کە ئۆتۆمبێلێکی بۆ بکڕێت، چونکە دەیزانی باوکی پارەی هەیە.

ڕۆژی دەرچوونی لە زانکۆ، باوک، کوڕە گەنجەکەی بۆ ژووری دانیشتن بانگ کرد، دیارییەکی پێچراوی پێدا و پیرۆزبایی لە کوڕەکەی کرد، هەروەها دڵخۆش بوو کە خەریکە بەرهەمی خوێندن و ماندووبوونەکەی دەست دەکەوێتەوە.

کوڕەکە بە نا ئومێدی لە ژوور چووە دەر، دیارییەکەی کردەوە، سەیری کرد گۆڤارێکی بە چەرم داپۆشراو بوو، کە

نـاوی گەنجەکـە لـە سـەر بەرگەکـەی دانرابـوو، بـە تووڕەییـەوە دەنگـی بـەرز کـردەوە و گۆڤارەکـەی فڕێدایـە خـوارەوە، ئینجـا هاتــە دەر.

لـەو ڕۆژەوە گەنجەکـە باوکـی نەدیتـەوە، چونکـە نیگـەران و دڵتەنـگ بـوو، دیارییەکـەی بـە دڵ نەبـوو، ڕۆژان هـات و ڕۆژان ڕۆی، کوڕەکـە سـەرکەوتوو بـوو، وەک باوکـی دەوڵەمەنـد بـوو، مـاڵ و خێزانـی هەبـوو، لـەو کاتـەدا بیسـتی باوکـی پیـر بـووە، بۆیـە کوڕەکـە گوتـی کاتـی ئـەوە هاتـووە کـە ڕابـردوو لـە یـاد بکـەم، بـەڵام هێنـدەی نەبـرد پەیامێکـی پـێ گەیشـت کـە باوکـی کۆچـی دوایـی کـردووە، کوڕەکـە بـە پەشـیمانی و ماتەمییـەوە چووە ماڵـەوە، دەستی کرد بە گەڕان لە ناو کاغـەزە گرنگەکانی باوکی، ئەو گۆڤارەی بەرچاو کـەوت کە کاتی خۆی باوکی بە دیـاری پێـی دابـوو، بـەڵام ئـەوەی بـە لایـەوە جێـی سـەرنج بـوو، هـەر وەک خۆیەتـی و کـۆن نەبـووە! کاتێـک گۆڤارەکـەی کـردەوە کلیلی ئۆتۆمبێلێک لە پشتی گۆڤارەکە کەوتـە خـوارەوە، هەروەهـا لێـی نووسـرابوو: بـە تـەواوی پارەکـەی دراوە.

گرنـگ نییـە چاوەڕوانـی چـی دەکەیت، سوپاسگوزاری ئـەوە بـە کـە پێـت دەدرێـت، لەوانەیـە زیاتـر لـەوە بێـت کـە بیـری لـێ دەکەیتـەوە، یـان نیعمەتێـک بێـت، لـە ژیـان ناشـوکر مەبـە.

١٩ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢

# هەستەکان لە دوورگەیەک دەژین



هەموو هەستەکان لە دوورگەیەک دەژیان، وەک: خۆشبەختی، خەم، زانین و خۆشەویستی و زۆری دیکە، ڕۆژێک بیستییان کە دوورگەکە نوقم دەبێت، بۆیە هەموویان بەلەمیان دروست کرد و ڕۆیشتن، تەنیا خۆشەویستی مایەوە، خۆشەویستی تاکە کەس هەوڵی دەدا تا دوا سات خۆی ڕابگرێت.

دوورگەکە خەریک بوو نوقم بێت، ئەو کاتە خۆشەویستی بڕیاریدا داوای یارمەتی بکات، دەوڵەمەندێک بە بەلەمێکی گەورە تێپەڕی، خۆشەویستی گوتی: ئەی دەوڵەمەند لەگەڵ خۆتم دەبەیت؟ لە وەڵامدا دەوڵەمەند گوتی: هیچ شوێنێک بۆ تۆ نییە، وەک من پێشتر زێڕ و زیوێکی زۆرم هەیە، ئەوانە لەگەڵ خۆم دەبەم.

خۆشەویستەکە چاوی بە بێهودەیی کەوت، کاتێک لێی

نزیک بووەوە گوتی: تکایە یارمەتیم بدە. لە وەڵامدا بێهودەیی گوتی: ببوورە، ناتوانم یارمەتیت بدەم، چونکە تۆ هەموو گیانت تەڕە، لەوانەیە زیان بە بەلەمەکەم بگەیەنیت.

دواتر خۆشەویستی، خەم و پەژارەی بینی، بە هەمان شێوە داوای لێ کرد و گوتی: من لەگەڵ خۆت ببە، بەڵام خەم ڕەتی کردەوە و گوتی: خۆشەویست، من ئێستا زۆر دڵتەنگم و پێویستە هەر خۆم بە تەنیا بم.

بەم جۆرە هەموو هەستەکان تێپەڕین و هەموویان ڕەتیان کردەوە یارمەتی خۆشەویستی بدەن. لە پڕدا خۆشەویست گوێی لە دەنگێک بوو، کە گوتی: وەرە خۆشەویست، من دەتبەم. ئەویش مەعریفە بوو، کاتێک گەیشتنە سەر زەوییەکی وشک، خۆشەویست پرسی: بۆ یارمەتیت دام؟ مەعریفە بە حیکمەتێکی قووڵەوە زەردەخەنەی کرد و گوتی: چونکە تەنیا کات توانای ئەوەی هەیە تێ بگات کە خۆشەویست چەندە بەنرخە.

تەنیا بە تێپەڕبوونی کات دەتوانین لە بەهای خۆشەویستی تێ بگەین. بۆیە هەرگیز بە شەڕی گەمژانە، یان هۆکاری لابەلا مەهێڵە خۆشەویستی لە نێوانتاندا لەناو بچێت.

١٩ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢

# تۆپی بلووری



لـە باشـووری ئیسـپانیا گوندێکـی بچـووک هەبـوو، کـە خەڵکەکـەی زۆر دڵخـۆش بـوون، منداڵـەکان لـە ژێـر سـێبەری درەختـەکان یارییـان دەکـرد.

کورێکـی شـوان بـە نـاوی ناسـر لەگـەڵ بـاوک و دایکـی و داپیـرەی لـە نزیـک گوندەکـە دەمانـەوە، هەمـوو بەیانییـەک مـەڕ و بزنەکانـی دەبـردە سـەر گـردەکان، تـا شـوێنێکی گونجـاو بـۆ لەوەڕانـدن بدۆزێتـەوە. هەروەهـا پـاش نیوەڕۆیـان لەگەڵیـان دەگەڕایـەوە گونـد، شـەوانە داپیـرە چیرۆکێکـی بـۆ دەگێڕایـەوە، یەکێـک لـە چیرۆکـەکان، چیرۆکـی ئەسـتێرە بـوو، کـە سـەرنجی ناسـری ڕاکێشـا.

ڕۆژێـک لـە ڕۆژان ناسـر سـەیری مەڕەکانـی دەکـرد، لـە هەمـان کاتـدا فلووتـی دەژەنی، لـە نـاکاو ڕووناکییەکـی نایابی لـە پشـت دار گوڵێکـەوە بینـی، کاتێـک لێـی نزیـک بـووەوە، تۆپێکـی

بلـووری شـەفاف و زۆر جوانـی دیـت.

تۆپی بلووری وەک کەوانەیەکی ڕەنگاوڕەنگ دەدرەوشایەوە. ناسر بە وریایی و سەرسووڕمانیەوە هەڵی گرت، لە پڕدا گوێی لـە دەنگێکـی نـاوازە بـوو، کـە لـە تۆپـە بلوورییەکـەوە هاتـە دەر: دەتوانـی ئاواتێـک بخوازیـت کـە دڵـت ئـارەزووی دەکات، منیـش بۆتـی بەدی دەهێنـم.

ناسـر بـاوەڕی نەکـرد کـە گوێـی لـە دەنگێـک بـووە، کاتێـک دڵنیا بوو لەوەی کە بەڕاستی ئەو دەنگەی لە تۆپەکە بیستووە، سـەری لـێ شـێوا، ئاواتیشـی ئەوەنـدە زۆر بـوو، کـە نەیدەتوانـی بڕیـار بدات و کام ئاواتـە داوا بکات، لـە دڵی خۆیدا گوتـی: ئەگـەر تـا سبەی چاوەڕێ بکـەم، زۆر شـتی دیکـەم دێتـەوە خەیـاڵ، ئـەو کاتـە ئاواتەکـەم دەڵێـم.

تۆپەکـەی خسـتە نـاو کیسـەیەکەوە، ئەوجـا مەڕوماڵاتەکـەی کۆکـردەوە و بـە خۆشـحاڵییەوە گەڕایـەوە گونـد، هەروەها بڕیاریدا کـە باسـی ئـەو تۆپـە بـۆ کـەس نـەکات.

ناسـر لە ڕۆژی دواتریشـدا نەیتوانی بڕیار بدات و ئاواتەکەی بۆ دیـاری نەکـرا، چونکـە پێویسـتی بـە هەموو شـتێک هەبـوو، ڕۆژ هـەر تـێ دەپـەڕی و ناسـر بـە ئەنجـام نەگەیشـت، بـەڵام دڵخـۆش بـوو، خەڵکـی دەوروبـەر بـە دڵخۆشـی ئـەو کـوڕە سەرسـام بـوون.

ڕۆژێـک کوڕێـک بـە دوای ناسـر و مەڕەکانیـدا ڕۆیشـت؛ لـە پشـت دارێکـەوە خـۆی شـاردەوە، وەک هەمیشـە ناسـر لـە گۆشـەیەک دانیشـت و تۆپـی بلـووری دەرهێنـا و بـۆ چەنـد سـاتێک سـەیری کـرد، کوڕەکـە چاوەڕێـی بـوو، تـا ناسـر خـەوت، ئەوجـا تۆپەکـەی بـرد و ڕای کـرد.

کاتێک کوڕەکە گەیشتەوە گوند، بانگی هەموو خەڵکی کرد و تۆپی بلووری نیشاندان، هاووڵاتییانی گوندە تۆپی بلوورییان بە دەستەوە گرت و بە سەرسوڕمانەوە لێی وردبوونەوە، لە ناکاو گوێیان لە دەنگی ناو تۆپەکە بوو، کە دەیگوت: دەتوانم ئاواتەکەت بهێنمە دی، کەسێک تۆپەکەی برد و هاواری کرد و گوتی: یەک جانتای پڕ لە زێڕم دەوێت، یەکێکی دی تۆپەکەی وەرگرت و بە دەنگی بەرز گوتی: دوو سنگی پڕ لە زێڕینگەرییم دەوێت، بەشێکی دیکە ئاواتیان دەخواست کە کۆشکێکی تایبەت بە خۆیان هەبێت و دەرگایەکی گەورەی تێدا بێت، کە لە زێڕی پاک دروستکرابێت، ژمارەیەکی دیکە ئاواتی جانتای پڕ لە زێڕیان خواست.

هەموو خەڵکی ئاوایی ئاواتەکانیان هاتە دی، کەچی دڵخۆش نەبوو، ئیرەییان دەبرد، چونکە ئەو کەسەی کۆشکی هەبوو، زێڕی نەبوو، ئەو کەسەی زێڕی هەبوو، کۆشکی نەبوو، لەبەر ئەوە هاووڵاتییانی گوندەکە لە یەکتر تووڕە بوون و قسەیان لەگەڵ یەکتر نەدەکرد، ئەو باخچەیەش نەما، کە منداڵەکان یارییان لێ دەکرد.

لە هەموو شوێنێک کۆشک و زێڕ هەبوو، کەچی منداڵەکان ناڕازی بوون، لەو نێوەدا تەنیا ناسر و خێزانەکەی دڵخۆش و ڕازی بوون، وەک هەمیشە هەموو بەیانی و پاش نیوەڕۆیەک فلووتی دەژەنی.

ڕۆژێک منداڵانی گوندەکە تۆپە بلوورییەکەیان بردە لای ناسر، منداڵەکان بە ناسریان گوت: کاتێک گوندێکی بچووکمان هەبوو، هەموومان دڵخۆش بووین، دایک و باوکی منداڵەکانیش

گوتیان: هەر یەکەمان بە جۆرێک نارازین، کۆشک و زێڕ تەنیا ئازارمان پێ دەگەیەنێت.

کاتێک ناسر هەستی کرد کە خەڵکەکە پەشیمانن، گوتی: تۆپی بلووری داوای لێ کردم ئاوات بۆ شتێک بخوازم، بەڵام تا ئێستا نەمتوانیوە بڕیار بدەم، ئەگەر بەڕاستی دەتانەوێت هەموو شتێک وەک پێشتری لێ بێتەوە، ئەو ئاواتە دەخوازم. هەمووان بە خۆشحاڵییەوە ڕازی بوون، ناسر تۆپی بلووری بە دەستەوە گرت و ئاواتی خواست کە گوندەکە وەک جارانی لێ بێتەوە، لە چرکە ساتێکدا کۆشکەکان نەمان، باخچە سەوزەکان دەرکەوتن و گوندەکە وەک پێشتری لێ هاتەوە.

بەم شێوەیە خەڵک دەستیان کردەوە بە ژیان، منداڵەکان لە ژێر سێبەری دارەکاندا یارییان دەکرد، ناسر هەموو ڕۆژێک درێژەی بە ژیانی خۆی دەدا، لە کاتی خۆرئاوابووندا فلووتی دەژەنی، دەنگە شیرینەکەی لە هەموو گوند دەبیسترا.

پێویستە دڵخۆش بین، گرنگ نییە چیمان هەیە، تەماح کوشندەیە.

١٩ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢

# جووتیارێک و هاوسەرەکەی



جووتیارێک بە ژنەکەی گوت: تۆ تەمبەڵی، بە هێواشی و بێ هێزی کار دەکەیت، کاتت بە فیڕۆ دەدەیت، لە بەرامبەردا ژنەکە بەو قسانە تووڕە بوو و بە مێردەکەی گوت: تۆ هەڵەیت، سبەی تۆ لە ماڵ بمێنەوە، من دەچمە کێڵگە، من لەوێ کار دەکەم، تۆش لە ماڵەوە کارەکان ئەنجام بدە.

جووتیارەکە بە خۆشحاڵییەوە گوتی: زۆر باشە، من کارەکانی ماڵەوە ئەنجام دەدەم، ژنەکە گوتی: تۆ مانگاکان بدۆشە، خۆراک و ئالیک بە بەرازەکان بدە، ئاگاداری مریشکەکان بە، و گەنم و خۆراکیان پێ بدە.

ژنەکە چووە کێڵگە و جووتیارەکە لە ماڵ مایەوە، سەتڵێکی برد و چووە لای مانگاکە، تا بیدۆشێت، لەو کاتەدا مانگاکە لووشکەیەکی باشی لێدا، پاشان چووە خانەی بەرازەکان،

لەوێشدا سەری خۆی بە تیشکەکەدا کێشا، دواتر چوو خواردنی مریشکەکان بدات، کەچی لە بیری چوو دەرگاکە بکاتەوە.

ئێوارە ژنەکە لە کێڵگەکە گەڕایەوە، بەڵام جووتیارەکە بە شەرمەوە سەری خۆی بەرز کردەوە و داوای لێبوردنی لە ژنەکەی کرد. ئینجا زانی ئەرکی ژنەکە چەند قورسە. دوای ئەوە گلەیی لە ژنەکەی نەکرد.

ماوەیەکی زۆر بە خۆشی پێکەوە دەژیان و لەزەتی باشتریان لە ژیان وەرگرت.

ئەرکی ژنان لەماڵەوە زۆر قورسە، تا بۆتان دەکرێت لە ژیان هاوکاری یەکتری بن.

١٨ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢

# دایکێکی دڵسۆز



ڕۆژێـک مراوییـەک لەگـەڵ بێچـووە بچووکەکانـی ڕووەو دەریاچەیـەک دەڕۆیشـتن، فەرخـە بچووکـەکان زۆر دڵخۆش بوون کـە بـەدوای دایکیانـدا دەڕۆن، لـە ڕێـگا کـواک- کواکیـان دەکـرد. لـە نـاکاو مراوییـە دایکەکـە لـە دوورەوە ڕێوییەکـی بینـی، ترسـا و هـاواری کـرد: منداڵان بۆ دەریاچەکـە پەلـە بکـەن، ڕێـوی لێـرە هەیـە.

مراوییـە بچووکـەکان بەپەلـە بـەرەو دەریاچەکـە ڕۆیشـتن، دایکی مراوییەکان بیری لـەوە دەکردەوە کە چی بکات، دایکەکە کشـایەوە دواوە و باڵێکی لـە سـەر زەوی ڕاکێشـا، کاتێـک ڕێـوی ئـەو دیمەنـەی بینـی دڵخـۆش بـوو، لـە دڵـی خـۆیدا گوتـی: وا دیـارە ئـازاری هەیـە و ناتوانێـت بفڕێـت، کەواتـە بـە ئاسـانی دەیگـرم و دەیخـۆم، بـە خێرایـی بـەرەو ڕووی دایکەکـە ڕای کـرد، لـە

هەمـان کانـدا مراوییەکـە بـە پێچەوانـەی دەریاچەکـە ڕای کـرد، بـەم شـێوەیە ڕێوییەکـەی لـە دەریاچەکـە دوور خسـتەوە، ئەوجـا دایکەکـە سـەیری بێچووەکانـی کـرد و دڵنیـا بـووەوە لـەوەی کـە گەیشـتوونەتە دەریاچەکـە، ئەوسـا ئـارام بـووەوە و هەناسـەیەکی قووڵـی هەڵمـژی.

دواتـر دایکەکـە باڵەکانی لێک کـردەوە و خـۆی بـەرز کردەوە، لە ناوەڕاستی دەریاچەکە نیشتەوە و بە فەرخەکانی شاد بووەوە، ڕێوی بە بێ باوەڕییـەوە سـەیری مراویـی و بێچووەکانـی کـرد، کە دایکەکە بە زیرەکی فێڵی لێ کرد.

بـەم جـۆرە مراوییەکـە خـۆی و فەرخەکانـی ڕزگار کـرد و ڕێـوی نەیتوانـی خـۆی بگەیەنێتـە ناوەڕاسـتی دەریاچەکـە.

هیچ کاتێک دایک پێناسە ناکرێت، سڵاو لە هەموو دایکان.

۱۸ی کانوونی یەکەمی ۲۰۲۲

# درەخت و گەشتیار



داریکی گەورەی زۆر جوان، پڕ و پان لە ناوەڕاستی زەوییەکی وشکدا هەبوو، لقە بێشومارەکانی سەرنجی ڕادەکێشایت، دارەکە شوێنی پشوو و پەناگەی بە سەدان و هەزاران ڕێبوار بوو، چونکە کەوتبووە نزیک چوار شارۆچکە و دەیان گوند، دارەکە شوێنی باش بوو بۆ کۆبوونەوە و پشوودان، بە تایبەتی بۆ گەشتیاران.

ڕۆژێک دوو ڕێبوار، دوای ماندووبوون و ڕێ کردنێکی زۆر، گەیشتنە لای درەختەکە، کە دەیانویست بگەنە یەکێک لە شارۆچکەکان، ڕێبوارەکان بە پشووی ژێر دارەکە دڵخۆش بوون، لەوێ پشوویاندا و ماوەیەکیش خەوتن و چێژییان لە سێبەری فێنک و هەوای نەرم دەبینی.

دوای ماوەیەک یەکێک لە ڕێبوارەکان برسی بوو؛ هیچ خواردنێکیشی پێ نەبوو، ئەو ڕێبوارە برسییە ڕوو لە دارەکە سەری بەرز کردەوە، تا بزانێت هیچ میوەیەکی پێوەیە؟ یان نا؟ هیچی نەدۆزییەوە، لەبەر ئەوە جنێوی بە دارەکەدا و گوتی: ئەمە تەنیا درەختێکی بێ کەڵکە و هیچ شتێکی نییە، نە میوەیەک، نە گوێزێک، هیچی پێوە نییە، ئەوە چ سوودێکی هەیە!

ڕێبوارەکەی دی دڵنەوایی دایەوە و داوای لێ کرد ئارام بگرێت، هێندەمان نەماوە بگەینە شوێنی مەبەست، بەڵام پیاوە برسییەکە لە جێنودان بەردەوام بوو.

درەختەکە بەرگەی قسەی جنێوەکانی ڕێبوارەکەی نەگرت، بە دەنگێکی خەمناک و لە هەمان کاتدا بەهێزەوە گوتی: ناتوانیت بەرامبەرم ئەوەندە بێ منەت بیت، تەنیا بیر لە بارودۆخی خۆت بکەوە، بەو گەرمایە و لە تینی هەتاودا هاتوویتە ئێرە، من شوێنێکی فێنک و ئاسوودەم پێشکەش کردوویت، لێرەدا پشووتدا و خەوتی، ئەگەر من لێرە نەبوومایە ئێستا دەمردیت! ژیانی تۆم لە خۆری گەرم ڕزگار کردووە، کەچی زەلیلم دەکەیت!

ڕێبوارەکە درکی بە هەڵەی خۆی کرد و داوای لێبوردنی لە دارەکە کرد.

خودایە گیان سوپاسگوزاری نیعمەتەکانتم.

۱۸ی کانوونی یەکەمی ۲۰۲۲

# سێ مانگاکە



سێ مانگا لە لەوەڕگەیەکی سەوز و تازەی نزیک دارستانێک دەژیان، مانگایەکی سپی، مانگایەکی ڕەش و مانگایەکی قاوەیی سوورباو، مانگاکان لەگەڵ یەکتر میهرەبان بوون، پێشتریش هەر بەیەکەوە بوون و لە نزیک یەکتری دەخەوتن.

ڕۆژێک بە ڕێککەوت شێرێکی قاوەیی سوورباو لە دارستانەکەدا پیاسەی دەکرد و برسی بوو، بە دوای نێچیر دەگەڕا، لەگەڵ بینینی مانگاکان دڵخۆش بوو، بەڵام نەیتوانی هێرش بکاتە سەریان، چونکە هەر سێکیان بەیەکەوە بوون. لەبەر ئەوە شێرەکە لە پشت بەردێکەوە دانیشت و بە سەبرەوە چاوەڕێی دەکرد تا مانگاکان لە یەکتری جیا بنەوە.

مانگاکان زۆر زیرەک بوون و لە یەکتر جیانەبوونەوە، دەیانزانی ئەگەر پێکەوە بن، هیچ نێچیرێک ناتوانێت هێرش

بکاتە سەریان، شێرەکە ماوەی دوو سێ ڕۆژ لە نزیکەوە لە بۆسەدا بوو، بەڵام مانگاکان بەردەوام لە لای یەکتری بوون، ئیدی شێر تاقەتی نەما و بیری لە پیلانێک کردەوە، چووە لای مانگاکان و سڵاوی کرد و گوتی: هاوڕێکانم چۆنن؟ باشن؟ ئەم ماوەیە سەرقاڵم بۆیە نەمتوانی بێمە سەردانتان، ئەمڕۆ دەرفەتم هەبوو و سەردانم کردن.

مانگا قاوەیی سووورباوەکە گوتی: بەڕاستی هاتنی تۆ دڵخۆشی کردین و لەوەڕگاکەمانی گەشاوە کرد. هەردوو مانگاکەی دیکە بەو قسەیە دڵتەنگ و خەمبار بوون، بە یەکتریان گوت: بۆچی ئەو مانگایە باوەڕ بە شێر دەکات؟ نازانێت شێر تەنیا بە دوای نێچیردا دەگەڕێت؟

بە تێپەڕبوونی ڕۆژ مانگا قاوەیی سووورباوەکە زیاتر بە شێرەوە پەیوەست بوو، دوو مانگاکەی دیکە ئامۆژگارییان کرد و داوایان لێ کرد واز لە دۆستایەتی شێر بهێنێت، بەڵام هەوڵەکان بێ ئەنجام بوون.

ڕۆژێک شێر بە مانگای هاوڕێی گوت: دەزانیت ڕەنگی جەستەمان کاڵە، ئەو دوو مانگایەی دیکە یەکیان سپی ڕووناکە، ئەوەی دیکەش ڕەشی تاریکە، کەواتە پێویستە مانگە سپییەکە بخۆم، بۆ ئەوەی جیاوازی ڕەنگ نەمێنێت و بتوانین بە باشی بەیەکەوە بژین، مانگا قسەی شێرەکەی قبووڵ کرد و دەستی کرد بە قسە کردن لەگەڵ مانگا ڕەشەکە و بەم شێوەیە سەرقاڵی کرد، بەم شێوەیە مانگا سپییەکە بە تەنیا مایەوە و ئەمەش دەرفەتی بۆ شێر ڕەخساند تا مانگا سپییەکە بخوات.

دوو سێ ڕۆژ دوای خواردنی مانگا سپییەکە، شێر دیسان برسی بووەوە، بۆیە گوتی: مانگای هاوڕێ، ئەویش لە وەڵامدا گوتی: بەڵێ کاکە!

شـێر گوتـی: ڕەنگـی جەسـتەی مـن و ڕەنگـی جەسـتەی تـۆ هەردووکـی وەک یەکـن، واتـە ڕەنگـی ڕەشـیش لەگـەڵ ئێمـەدا ناگونجێـت، وا باشـە مانـگا ڕەشـەکەش بخـۆم، بـۆ ئـەوەی لـەم دارستانەدا هەمووماـن یـەک ڕەنـگ بیـن! مانگاکە گوتـی: باشـە و لـە مانـگا ڕەشـەکە دوور کەوتـەوە.

لـەو کاتـەدا شـێرەکە هێرشـی کـردە سـەر مانـگا ڕەشـەکە و بـە زوویـی خـواردی، لـە بەرامبـەردا مانـگا قاوەیـی سـووربـاوەکە بـە دڵخۆشـی دەگـەڕا و لـە دڵـی خۆیـدا دەیگـوت: تەنیا مـن ڕەنگـی شـێرم هەیـە!


چەنـد ڕۆژێـک دواتـر دیسـان شـێر برسـی بـوو، هاوارێکـی کـرد و گوتـی: ئـەی مانـگای هاوڕێـم لـە کوێـی؟ مانـگا بـە خێرایـی و بـە تـرس و لـەرزەوە چـووە پێشـی شـێر و گوتـی: بەڵـێ کاکـە! شـێر گوتـی: ئەمـڕۆ نۆبەتـی تۆیـە، خـۆت ئامـادە بکـە، دەتخـۆم. مانگاکـە بـە ترسـێکی زۆرەوە گوتـی: کاکـە مـن هاوڕێـی تـۆم، هەرچـی داوات لـێ کـردم ئەنجاممـدا، ئێسـتا دەتەوێـت مـن بخۆیـت؟ شـێرەکە هاوارێکـی کـرد و گوتـی: مـن هیـچ هاوڕێیەکـم نییـە، چـۆن دەکرێـت شـێر هاوڕێیەتـی لەگـەڵ مانـگادا بـکات؟

مانگاکـە زۆر داوای لـە شـێر کـرد کـە نەیخـوات، بـەڵام شـێر قبووڵـی نەکـرد، شـێر زۆر بـە خێرایـی مانگاکـەی خـوارد، پاشـان لـە دڵـی خۆیـدا گوتـی: کاری مـن لـەو دارسـتانە تـەواو بـوو، ئێسـتا پێویسـتە بچمـە دارسـتانێکی دیکـە!

هـەر گـرووپ و میللەتێـک یەکگرتـوو نەبێـت، وەک ئـەو مانگایانـە بـە ئاسـانی لەنـاو دەچێـت.

١٨ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢

# گورگ و بەرخ



THE WOLF AND THE LAMB.

بەرخێکی بچووک و مەڕێک لە چۆڵەوانییەکدا دەلەوەڕین، بە هۆی ئەوەی بەرخە بچووکەکە زۆر خراپەکار بوو، تا ڕادەیەک لە مەڕەکانەوە دوور بوو، بۆ خۆی دەستی کرد بە چێژ وەرگرتن لە گیای تازە و بەتام، بێ ئاگا لەوەی کە لە گرووپەکەی زۆر دوور کەوتووەتەوە، هەروەها بێ ئاگا لەوەی کە گورگێک لە نزیکەوە بەدوایدا دەگەڕێت، کاتێک بەرخەکە بە ئاگا هاتەوە و تێ گەیشت لە گرووپەکەی دوور کەوتووەتەوە، یەکسەر بڕیاریدا بگەڕێتەوە و پەیوەندی بە هاوڕێکانییەوە بکات، بەڵام بە بینینی گورگێکی برسی و فێڵباز سەری سوڕما،

کە لە پشتییەوە وەستاوە، بەرخەکە گەیشتە ئەو باوەڕەی کە جگە لە خۆڕادەست کردن بە گورگ هیچ بژاردەیەکی دیکەی نییە.

بەرخەکە لە گورگەکەی پرسی: بڕیارە من بخۆیت؟

گورگ گوتی: بەڵێ، بە هەر نرخێک بێت.

بەرخەکە دیسانەوە گوتی: تکایە دەتوانی ماوەیەکی دی چاوەڕێ بکەیت؟ ئێستا زۆر گیام خواردووە و گەدەم پڕ بووە لە گیا، ئەگەر ئێستا من بخۆیت، وا هەست دەکەیت کە گیا دەخۆی، تکایە چاوەڕێ بە، تا گیاکە هەرس دەبێت.

گورگەکە ڕازی بوو و گوتی: ئۆهـ بەڵێ چاوەڕوان دەبم، دەتوانم چاوەڕێ بکەم. لە بەرامبەردا بەرخەکە سوپاسی گورگەکەی کرد.

دوای ماوەیەک گورگەکە بۆ خواردنی بەرخ خۆی ئامادە کرد، بەڵام بەرخەکە جارێکی دیکە ڕێگری لێ کرد و گوتی: گورگی بەڕێز، تکایە کەمێکی دیکە چاوەڕێ بکە، هێشتا گیاکە هەرس نەبووە، ئەگەر ئێستا من بخۆیت، گیای زۆر لە گەدەمدا دەبینیت! با هەندێک سەما بکەم، تا لەو ڕێگەیەوە گیاکە هەرس بێت. بە هەمان شێوە دیسان گورگ ڕازی بوو.

بەرخە بچووکەکە ماوەیەک شێتانە سەمای کرد، لە ناکاو وەستا. گورگ پرسیاری کرد و گوتی ئەوە چی ڕووی داوە؟ بەرخەکە گوتی: ناتوانم بە باشی سەما بکەم، چونکە هیچ مۆسیقایەک نییە، ئەم زەنگەی ملی من دەبینیت؟ ئەو زەنگە لێ بکەوە و بە دەنگی بەرز لێی بدە، تا بە خێرایی سەما بکەم و گیای ناو گەدەم هەرس بکەم.

گورگەکە ئارەزووی خواردنی بەرخەکە بوو، واتە ئامادە بوو هەموو شتێک بکات، زەنگۆڵەکەی ملی بەرخەکەی لێ

کردەوە و بە هەموو هێزی خۆی لێیدا. لەو کاتەشدا شوانەکە بە دوای بەرخە بچووکەکەدا دەگەڕا، کە گوێی لە دەنگی زەنگەکە بوو، گورگ و بەرخی بینی، بە دارێکەوە بەرەو گورگەکە ڕای کرد، گورگەکەش بە بینینی شوانەکە ترسا و ڕای کرد. بەم جۆرە بەرخەکە ڕزگار بوو!

لە ڕاستیدا بە تەنیا هێزی جەستەیی بەس نییە، هەندێک جار کەسانی لاوازتر و خاوەن عەقڵی زیرەک، دەتوانن بە سەر ئەو کەسانەدا زاڵ بن، کە لە ڕووی جەستەییەوە بەهێزن. عەقڵ و ژیری بۆ هەموو میللەتێک، پارتێک و کەسێک پێویستە، بە تایبەت بۆ گەلی کورد، چونکە لە نێو چەندین گورگی ناوخۆیی و دەرەکییە.

بەسە کەمێک بە خۆتاندا بچنەوە، کەمێک ئەزموون لە ڕابردوو وەربگرن، خۆتان لەو هەموو گورگە ڕزگار بکەن.

١٧ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢

# کوڕێکی تەماحکار



سام و تۆم دووانەیەکی یەکسان بوون، هێندە یەکسان بوون، تەنانەت دایکیشیان بە ئەستەم لە یەکدی جیا دەکردنەوە، بە تایبەتی لە سەرەتای تەمەنیان، لە ڕاستیدا تەنیا لە ڕوخساردا زۆر لە یەک دەچوون، ئەگەر نا لە هیچ شتێکی دیکە هاوشێوە نەبوون.

سام هیچ هاوڕێیەکی نەبوو، لە کاتێکدا تۆم هاوڕێی زۆری هەبوو. سام شیرینی پێ خۆش بوو، کەچی تۆم بەهاراتی لا خۆش بوو، بە پێچەوانەوەش ڕقی لە شیرینی بوو. سام

هۆگری ماڵی دایکی بوو؛ تۆم هۆگری ماڵی باوکی بوو. سام بەخشندە و خۆنەویست بوو، تۆم تەماحکار و خۆپەرست بوو!

کاتێک سام و تۆم گەورە بوون، باوکی ویستی سەروەت و سامانەکەی بە یەکسانی لە نێوانیان دابەش بکات، بەڵام تۆم ڕازی نەبوو، گوتی: کێ زیرەکتر و بەهێزتر بێت، پشکی ئەو لە سامانەکە زیاتر دەبێت. سام بەوە ڕازی بوو، باوکیشیان بڕیاریدا پێشبڕکێیەک لە نێوان ئەو دووانەیەدا ڕێک بخات. داوای لە دوو کوڕەکەی کرد، تا دەتوانن بە پێ بڕۆن و پێش خۆرئاوابوون بگەڕێنەوە ماڵەوە، سامانەکە بە ڕێژەی ئەو مەودایە دابەش دەکرێت، پێشبڕکێکەش یاسایەکی هەبوو، ئەویش ئەوە بوو کە نەیاندەتوانی کاتژمێر هەڵبگرن، بۆ ئەوەی ئاگاداری کات نەبن.

ڕۆژی دواتر سام و تۆم بە پێ ڕۆیشتن، ئەو ڕۆژە تا ڕادەیەک خۆرگیر بوو، سام بە هێواشی و بە جێگیری ڕۆیشت، بەڵام تۆم بە مەبەستی بردنەوەی سامانی زیاتر زۆر خێرا دەڕۆیشت. لە لایەکی دیکەوە سام دەیزانی کە تا نیوەڕۆ توانای هەیە، لەبەر ئەوە بڕیاریدا لە نیوەڕۆوە ڕوو لە ماڵ بگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی لە کاتی خۆیدا بگاتەوە.

لە بەرامبەردا تۆم تەماحی بەدەستهێنانی سامانی زیاتری هەبوو، بۆیە دوای نیوەڕۆش هەوڵی گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە نەدا، هەڵبەتە دوو هێندە زیاتر لە سام بە پێ ڕۆیشت، پێی وا بوو هێشتا دەتوانێت پێش خۆرئاوابوون بگەڕێتەوە ماڵەوە، ئینجا بەپەلە ڕووەو ماڵ گەڕایەوە، کاتێک بینی خۆر پرتەقاڵی بووە، تەنانەت نەیتوانی بگاتە نیوەی ڕێگای ماڵەوە، چونکە خۆر لە ئاوابووندا بوو، هێواش هێواش دونیا تاریک بوو.

لە کۆتاییدا تۆم لە پێشبڕکێیەکە دۆڕا، ئەمەش تەنیا لەبەر تەماح بوو.

لە ڕاستیدا تەماح دەبێتە هۆی لەدەستدانی جوانییەکانی مرۆڤ.

۱۷ی کانوونی یەکەمی ۲۰۲۲

# سێ کوڕ و حوشترێک



پیرە پیاوێک لەگەڵ سێ کوڕەکەی لە گوندێکی چۆڵ دەژیا، گوندەکە دەکەوێتە دەوروبەری بیابانێک، ئەو پیرە پیاوە ١٧ حوشتری هەبوو، کە سەرچاوەی سەرەکی داهاتەکەی بوو، پێشتر حوشتری بە مەبەستی گواستنەوە بە کرێ دەدا، هێندەی نەبرد پیرە پیاو کۆچی دوایی کرد و لە دوای خۆی وەسیەتنامەیەکی بەجێ هێشت و سامانەکەشی بۆ ئەو سێ کوڕە جێ هێشت.

دوای تەواوبوونی پرسە و ئەرکەکانی دیکە، سێ کوڕەکە وەسیەتنامەکەیان خوێندەوە، باوک موڵکەکانی بە یەکسانی بە سەر ئەو سێ کوڕە دابەش کردبوو، ١٧ حوشترەکەی بە شێوەیەکی جیاواز دابەش کردبوو، چونکە ئەو ژمارەیە بە سەر سێ کەس دابەش نابێت.

پیرەمێردەکـە ڕایگەیاندبـوو کـە کـوڕە گەورەکـەی دەبێتـە خاوەنـی نیـوەی حوشـترەکان، کـوڕە بچووکەکـەش یـەک لـە سـەر نۆی حوشـترەکان وەردەگرێت. کوڕەکان لـە خوێندنـەوەی وەسـیەتنامەکەدا سـەریان سـوڕما و پرسـیاریان لـە یەکتـر کـرد، چـۆن ئـەو ١٧ حوشـترە دابـەش بکەیـن، بـەو شـێوەیەی لـە وەسـیەتنامەکەدا هاتـووە. ١٧ حوشـتر دابـەش ناکرێـت، تـا نیـوەی ١٧ حوشـترەکە بـە گەورەتریـن بدرێت، هەروەهـا حوشـترەکان بـۆ دوو کوڕەکـەی دی دابـەش ناکرێـت.

چەند ڕۆژێکیان بە بیرکردنەوە بەسـەر برد، هەرچی کردیان بـە ئەنجـام نەگەیشـتن و هیـچ وەڵامێکیـان دەسـت نەکـەوت، بـەو شـێوەیەی لـە وەسـیەتنامەکەدا هاتـووە. دواجـار ئـەم بابەتەیـان بـردە لای کەسـێکی ژیـری گونـد و باسـەکەیان بـە وردی بـۆ گێڕایـەوە، پیـاوە ژیرەکـە گوتـی: هـەر ١٧ حوشـترەکە بهێنـن، دوای هێنانـی حوشـترەکان، حوشـترێکی خـۆی خسـتە سـەر ١٧ حوشـترەکە و ڕێژەکـە بـوو بـە ١٨ حوشـتر.

ئینجـا داوای لـە کـوڕی یەکـەم کـرد کـە وەسـیەتنامەکە بخوێنێتـەوە، وەک لـە وەسـیەتنامەکەدا هاتبـوو: کـوڕە گەورەکـە نیوەی حوشـترەکانی بەردەکـەوێ، ١٨ حوشـتر دابەش ٢ بکرێت، دەبێتـە ٩ حوشـتر، بـەم جـۆرە کـوڕی گـەورە ٩ حوشـتری وەک پشـکی خـۆی وەرگـرت.

ئێسـتا تەنیـا ٩ حوشـتر مـاوە، ئەمجـارە داوای لـە کـوڕی دووەم کـرد کـە وەسـیەتنامەکە بخوێنێتـەوە، کـە تێیـدا هاتبـوو: یـەک لـە سـەر سێی کۆی حوشـترەکانی بۆ دیاری کرابوو، واتـە ١٨ دابـەش ٣ دەکاتـە ٦ حوشـتر، کوڕی دووەم شـەش حوشـتری

وەک پشکی خۆی وەرگرت، تا ئەو کاتە ٩ حوشتری کوڕی یەکەم و ٦ حوشتری کوڕی دووەم کردی بە ١٥ حوشتر.

دواتر کوڕی سێیەم پشکی خۆی لە وەسیەتنامەکەدا خوێندەوە، کە تێیدا هاتبوو: یەک لە سەر نۆی ژمارەی حوشترەکان، واتە ١٨ دابەشی ٢ دەکرێت و بەم جۆرە دەبێتە ٢ حوشتر، واتە کوڕی سێیەم دوو حوشتری بەرکەوت.

حوشترەکان بەم جۆرە بە سەر براکاندا دابەش بوون: ٩+ ٦+ ٢= ١٧، ئینجا کابرای ژیر حوشترەکەی خۆی بردەوە.

پیاوی دانا بە زیرەکی خۆی ئەم کێشەیەی چارەسەر کرد.

هەواڵگری هیچ نییە، جگە لە دۆزینەوەی زەمینەیەکی هاوبەش بۆ چارەسەرکردنی پرسێک، بە کورتی هەموو کێشەیەک چارەسەری هەیە.

١٧ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢

# مەملەکەتی درۆ



ژنێک بە نهێنی شووی بە پیاوێک کرد، لەو نێوەدا تەنیا دوو هاوڕێی پیاوەکە وەکوو شایەت ئاگادار بوون، پاش دوو ساڵ نێوانی ئەو هاوسەرە تێک چوو، ژنە لای قازی شکایەتی لە هاوسەرەکەی کرد و داوای مافی خۆی کرد.

پیاوەکە چووە بەردەمی قازی و گوتی: جەنابی قازی، من ئەو ژنە ناناسم و نازانم کێیە!

ژنەکە کردی بە شین و گریان، ئەوجا گوتی: جەنابی قازی دوو پیاو شایەتی ئەم هاوسەرگیرییەن.

دوو پیاوەکەش لە بەردەم قازی حاشا لە ناسینی دەکەن و دەڵێن هەر نازانین کێیە، دیارە دەیەوێت ماڵی هاوڕێکەمان

داگیر بکات.

قازی، بە ژنەکە دەڵێت: ئەو ماڵەی تۆ لێی دەژیایت سەگی تێدا بوو؟ ژنەکە دەڵێت: بەڵێ.

قازی، ژنەکە و پۆلیسێک دەنێرێتە ماڵەکە، لە دوورەوە سەگەکە بەرەو پیری ژنەکە چوو و کلکە لەقەی بۆ کرد.

قازی بڕیار دەدات: دەبێت هاوسەرەکەی هەموو مافەکانی ژنەکە بدات، بە تاوانی شایەتی درۆ هەردوو پیاوەکە بەند دەکات، خۆشی بڕیار دەدات ئەو مەملەکەتە بەجێ بهێڵێت.

پۆلیسەکە لە قازی پرسی بۆ دەڕۆیت؟

قازی گوتی: لە مەملەکەتێکدا سەگ لە هاوسەر بە وەفاتر بێت؛ سەگ لە مرۆڤەکان ڕاستگۆتر بێت، پێویستە بە زوویی ئەو شوێنە جێ بهێڵیت.

ئەریٚ بە ڕاست ئەم مەملەکەتەی خۆشمان وای بەسەر نەهاتووە؟

٤ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢

# دزێکی نامۆ لە باخچەیەکدا



پیاوێـک باخچەیەکـی گـەورەی هەبـوو، باخچەکـە پـڕ بـوو لـە داری میـوە و گرنگـی زۆری پـێ دەدا، تـا بەرهەمێکـی باشـی دەسـت بکەوێت، بەرهەمەکـەی بفرۆشـێت و پـارە بـۆ خێزانەکـەی پەیـدا بـکات. لـە ڕۆژێکـی خۆشـدا، لەگـەڵ کوڕەکـەی خەریکـی کۆکردنـەوەی میـوە بـوو، بینـی کـە دزێکـی نامـۆ لـە سـەر لقـی دارێـک دانیشـتووە و میـوە لـێ دەکاتـەوە. کابـرا تـووڕە بـوو و هـاواری کـرد و گوتـی: هێـی کابـرا، ئـەوە لـە سـەر ئـەو دار میوەیـە چـی دەکەیت؟ شـەرم ناکەیت دزی دەکەیت؟ بـە بـێ پـرس بـە نـاو

ئـەو میوانـە کەوتوویـت؟
دزەکە سەیری باخەوانەکەی دەکرد، بەڵام وەڵامی نەدایەوە، بەڵکـوو لـە لێکردنـەوەی میـوە بـەردەوام بـوو، باخەوانەکـە زۆر تـوورە بـوو، دیسـان هـاواری کـرد و گوتـی: سـاڵێکی تـەواوە ئـاگاداری ئـەم دارانـەم، تـۆ مافـی ئـەوەت نییـە بـێ پرسـی مـن میـوە بدزیـت، لەبـەر ئـەوە وەرە خـوارەوە!
دزەکـە لـە سـەر دارەکـەوە وەڵامـی دایـەوە و گوتـی: بۆچـی بێمـە خـوارەوە؟ ئەمـە باخچـەی خودایـە و مـن بەنـدەی خـودام، مافـی ئـەوەم هەیـە ئـەم بەرهەمانـە هەڵبگـرم، نابێـت ڕێگـری لـە کاری خـودا و بەندەکـەی بکـەیت. بـەم وەڵامـە باخـەوانەکە سـەری سـوڕما و بیـری لـە پیلانێـک کـردەوە، بـە دزەکـەی گـوت: لـە درەختەکـە دابـەزە. کاتێـک دزەکـە هاتـە خـوارەوە، باخـەوانەکـە دەسـتگیری کـرد و لـە دارێکـی بەسـتەوە، ئینجـا بـە دار دەسـتی کـرد بـە لێدان.
دزەکـە دەسـتی بـە هـاوار کـردن کـرد و گوتـی: بۆچـی لێـم دەدەیـت؟ مافـی ئـەوەت نییـە ئەمـە بکـەیت. باخـەوانەکـە هیـچ بایەخێکـی نـەدا و لـە لێدانـی بـەردەوام بـوو، جارێکـی دیکـە دزەکە هـاواری کـرد و گوتـی: تـۆ لـە خـودا ناترسـیت؟ تـۆ لـە پیاوێکـی بـێ تـاوان دەدەیـت، باخـەوانەکە وەڵامـی دایـەوە و گوتـی: بۆچـی بترسـم؟ ئـەو دارەی لـە دەسـتمە داری خودایـە و مـن بەنـدەی خـودام، نابێـت ڕێگـری لـە کاری خـودا و بەندەکـەی بکـەیت.
دزەکە دوای دوودڵـی گوتـی: چاوەڕوان بـە، لێـم مـەدە، داوای لێبـوردن دەکـەم، بـەر لـەوەی میوەکان لـێ بکەمـەوە دەبـوو پـرس بـە تـۆ بکـەم، مۆڵەتت لـێ وەربگـرم. تکایـە لێـم خـۆش بـە و ئـازارم

مـەدە. باخەوانەکـە زەردەخەنـەی کـرد و گوتـی: نـاوی خـودا بـۆ کارە خراپەکانت بـەکار مەهێنـە.

دواتـر باخەوانەکـە بـە بەخشـندەیی خـۆی لـە دارەکـەی کـردەوە و لـە ڕاهی خـودا ئـازادی کـرد و ڕێگـەی پێـدا بـڕوات.

کاتـی خـۆی ئێمـە باخچەمـان هەبـوو، دەمـان گـوت: هەرچـی لـە بەرەکـەی خـوارد، گەردنـی خـۆش و ئـازاد بێت، بـەڵام دزینـیماڵـی خەڵکـی بـەو شـێوەیە نـا!

دزینـی ماڵـی خەڵـک و سـامانی خەڵـک کارێکـی قێزەونـە، بۆیـە حـەزت لـە هەر چییـەک بـوو، پـرس بکـە و ڕوخسـەت وەرگـرە، ئـاوا زۆر باشـترە، دڵنیا بـە پرسـکردنەکەت گرنگـی پـێ دەدرێـت و بـە هەنـد وەردەگیرێـت و ڕەت ناکرێتـەوە.

١١ی نیسانی ٢٠٢٤

# پاشایەکی عیناد و کەلە ڕەق



پاشایەک لە دوورگەیەک دەژیا، جگە لە خۆی بە قسەی کەسی نەدەکرد، دەی گوت: یەکەم و کۆتا قسە هەر قسەی خۆمە.

پاشا بە تەمەن و هاوسەرەکەی زۆر یەکتریان خۆش دەویست، بە دەگمەن شەڕ و ئاژاوەیان دەکەوتە نێوان، چونکە ڕێزی یەکتریان لا زۆر پیرۆز بوو. پەیوەندییەکانیان بە جۆرێک بوو، هەموو خەڵکی شانشینەکە ئیرەییان بەو خۆشەویستییەی پاشا و شاژن دەبرد.

خەڵکی پرسیاریان لە پاشا کرد و گوتیان: نهێنی ئەو

پەیوەندییە باشەی تۆ و شاژن لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟ دەتوانی پێمان بڵێی؟ پاشا زەردەخەنەیەکی کرد و پێکەنی، ئەوجا گوتی: لەو ڕۆژەوەی هاوسەرگیریم لەگەڵ شاژن کردووە، ئەو بە من دەڵێت سیرم بۆ بێنە، منیش پیازی بۆ دەبەم، یاخود دەڵێت بڕۆ بۆ لای ڕاست من دەچم بۆ لای چەپ. خەڵکەکە لە وەڵامی پاشا سەریان سوڕما، گوتیان: جەنابی پاشا ئێوە هەموو شتەکانتان پێچەوانەی یەکترییە، چۆن توانیوتانە یەکترتان خۆش بوێت و لە ژیان بەختەوەر بن؟ ئەدی چۆن دڵخۆشن و لەگەڵ یەکتری دەگونجێن؟ لە وەڵامدا پاشا گوتی: کەشتی دەبێت یەک سەرکردەی هەبێت، ئەگەر نا نقوم دەبێت، یان تووشی هیلاکەتی گەورەت دەکات.

یەکەم قسە و کۆتا قسە هەر دەبێت قسەی من بێت، ئەگەر نا خێزان و هەرێمەکەمان و شانشینەکەمان بە دەست و پیلانی داگیرکەران لە ناو دەچێت.

خەڵکەکە کاتێک پرسیاریان لە شاژن کرد و گوتیان: شاژنی بەڕێز، ئێوە هەموو شتەکانتان پێچەوانەی یەکترییە، چۆن دەتوانن لەگەڵ یەکتری بگونجێن؟ لە وەڵامدا شاژن گوتی: ئەو ڕۆژەی هاوسەرگیریم لەگەڵ پاشای ئەو شانشینە کرد، تێ گەیشتم و درکم بەوە کرد کە پیاوێکی زۆر کەلە ڕەق و عیناد و خۆبەگەورەزانە، هەر قسەیەک و بڕیارێک بدات، بە قسەی خۆی نەبێت، بە قسەی هیچ کەسێک ناکات، تەنانەت گوێ لە باوک و هۆز و نەتەوەکەی خۆشی ناگرێت، قسە دەبێت هەر قسەی خۆی بێت.

هەر کاتێک هەر شتێکم بویستایە، یاخود داوای هەر شتێکم

لێ کردبا، پێچەوانەکەیم پێ دەگوت. پاشاش ڕێک ئەو شتەی دەکرد، یاخود بۆی دەهێنام، کە من مەبەستم بوو، ئەگەرچی پاشا پێی وا بوو ئەوە پێچەوانەکەیەتی. بەو جۆرە پاشا وای دەزانی دەستی بە سەر هەموو شتەکاندا گرتووە و جڵەوی شاژنی لە دەستدایە.

لە کاتێکدا پاشا بێ ئاگا بوو لەوەی کە هەموو شتێک بە ئارەزووی شاژن جێبەجێ دەکرێت، بەم جۆرە و بە بێ ئەوەی خۆم ماندوو بکەم، یان ئەو قسەی ناخۆش بکات و دڵمان لە یەکدی بڕەنجێ ئەوەی دەمویست جێبەجێم دەکرد.

ئەوەش جۆرێکە لە هونەری کەسی عاقڵ و تێگەیشتوو، کەواتە شاژن زیرەک بووە، چونکە بەو جۆرە مامەڵەی لەگەڵ پاشای عیناد و کەلە ڕەق کردووە.

لەو نێوەدا پاشا هەرچی بکردایە، ئەوا خاتوونی شاژن کێشەی نەبوو، بە بڕیارەکانی قایل دەبوو. لە هەمان کاتدا پاشاش وای دەزانی خۆشی دەوێت و گوێڕایەڵی هەموو فەرمانەکانیەتی.

بەم جۆرە ژیانێکی خۆش و ئارام و بێ کێشەیان بەیەکەوە بەڕێ کرد.

زۆر جار عینادی و کەلە ڕەقی کارەساتی بەدوادا دێت.

٨ی نیسانی ٢٠٢٤

# قرژاڵێکی زیرەک و باڵندەیەک



باڵندەیـەک لـە لای دەریاچەیەکـی گـەورە دەژیـا، ماسـی دەگـرت و دەیخـوارد، ڕۆژان هـات و ڕۆژان تێپـەڕی، باڵندەکـە پیـر بـوو، نەیدەتوانـی وەک جـاران ماسـی بگرێـت، چەندیـن ڕۆژ لـە ڕۆخـی دەریاچەکـە بـە بێ خـواردن مایـەوە. باڵندەکـە گوتـی: دەبێـت بیـر لـە پیلانێـک بکەمـەوە، ئەگـەر نـا لـە برسـان دەمـرم. باڵنـدە پیلانێکـی زیرەکانـەی بـە خەیاڵـدا هـات و ڕۆیشـتەوە ڕۆخ دەریاچەکـە.

باڵندەکـە لـە لێواری ئاوەکـە بـە خەمۆکـی دانیشـت، وا خـۆی نیشـاندا کـە خەمـی ئـەو ماسـییانەیەتی کـە لـە نـاو ئاوەکـە دەژیـن، لـە هەمـان دەریاچـەدا قرژاڵێـک دەژیـا، کـە زیـرەک و بیرمەنـد بـوو، کاتێـک بـە لای باڵندەکـە تێپـەڕی و سـەرنجی لێدا، پرسـیاری بۆ

دروست بوو، لەبەر ئەوە لێی پرسی: بۆچی غەمگین دیاریت؟ خۆ نەخۆش نیت؟

باڵندەکە بە دەنگێکی خەمناکەوە گوتی: چی بڵێم؟ شتێکی ترسناک لەو دەریاچەیە ڕوو دەدات، بۆ ئەوە خەم دەخۆم. قرژاڵەکە گوتی: هاوڕێم ئەو شتە چییە؟ پێم بڵێ؟ باڵندەکە گوتی: ئەم بەیانییە ڕوو لێرە دەهاتم، گوێم لە ئەستێرەناسێک بوو، دەی گوت: دوازدە ساڵی داهاتوو لەم ناوچەیە باران نابارێت؛ دەریاچەکە وشک دەبێت و هەموومان دەمرین، من خەمی ئێوەمە، ئێوە هەمووتان زۆر گەنجن، زۆر شت هەیە تا ببینن و چێژی ژیان وەربگرن، بەڕاستی من خەمی خۆم نییە، چونکە پیر بوومە.

قرژاڵەکە بەپەلە چووە لای ماسییەکانی ناو دەریاچەکە و ئەوەی لە باڵندەکەی گوێ لێ بوو، بۆ ماسییەکانی گێڕایەوە، هەموو ماسییەکان نیگەران بوون؛ ترس و دڵەڕاوکێیان بۆ دروست بوو، ماسییەکان گوتیان: ئەدی چی بکەین؟ ئەگەر ئاوەکە بمرێت هەمووومان دەمرین.

لەو نێوەدا باڵندەکە گوتی: نیگەران مەبن، لە دووری ئێرە دەریاچەیەکی زۆر گەورە هەیە، دەتوانم هەمووتان یەک بە یەک بۆ ئەوێ ببەم، تا لە دەریاچەکەی دیکە بە خۆشی بژین و ژیان بەسەربەرن، هەموو ماسییەکان دڵ خۆش بوون، بە پێشنیازی باڵندەکە ڕازی بوون، تا یەک بە یەک ببرێنە دەریاچەکەی دیکە.

ڕۆژانە باڵندەکە یەک بە یەکی ماسییەکانی دەبرد، بەڵام لە جیاتی ئەوەی بیانباتە ناو دەریاچەیەکی دیکە، دەیبردنە شوێنێکی دوور و ماسییەکانی دەخوارد، دواتر تا ئێوارە پشووی دەدا، ئەوجا دەگەڕایەوە بۆ دەریاچەکە.

دوای چەند ڕۆژێک قرژاڵەکە لە باڵندەکەی پرسی، تۆ هەر ماسییەکان دەبەیتە دەریاچەکەی دیکە، کەی نۆبەتی من دێت؟ لە دڵی خۆیدا باڵندەکە گوتی: لە خواردنی ماسی بێزار بووم، با گۆڕانکارییەک بکەم و گۆشتی قرژاڵیش بخۆم، ئەوە شتێکی باشە!

باڵندەکە ڕازی بوو و ویستی قرژاڵەکە بباتە دەریاچەیەکی دیکە، بەڵام قرژاڵەکە زۆر گەورە بوو، لە دەمی باڵندەکە جێگای نەدەبووە، بە ناچاری چووە سەر پشتی باڵندەکە، ئینجا باڵندەکە هەڵفڕی، دوای ماوەیەک قرژاڵەکە بێ تاقەت بوو و پرسیاری لە باڵندەکە کرد و گوتی: دەریاچەکە چەند دوورە؟

باڵندەکە پێکەنی و گوتی: تۆ گەمژەی، تۆ نابەم بۆ هیچ دەریاچەیەک، من دەتبەمە سەر ئەو بەردانە و دەتخۆم، هەر وەک چۆن پێشتر هەموو ماسییەکانم خوارد.

قرژاڵەکە گوتی: من گەمژە نیم، ڕێگەت پێ دەدەم بمکوژیت. قرژاڵ ملی باڵندەکەی بە چنگە بەهێزەکانی گرت و باڵندە چاوچنۆک و خراپەکارەکەی خنکاند و تۆڵەی ماسییەکانی لێ کردەوە.

ئێستا ئێمەش وەک ماسییەکان و باڵندەکەمان لێ هاتووە، دەبێت چ ڕۆژێک قرژاڵێکی ئاوا بە هانامانەوە بێت و لە باڵندەی بێ ویژدان ڕزگارمان بکات.

٢٧ی ئازاری ٢٠٢٤

# کۆتر و مێروولە



لـە ڕۆژێکـی گـەرمـی هاویـن، مێروولەیـەک زۆری تینـوو دەبێت، بـەدوای ئـاو دەگـەڕا، ماوەیـەک ڕۆیشـت تـا گـەیشـتە سـەر کانییـەک، بـەڵام بۆ ئـەوەی بگاتـە سـەر کانییەکە دەبوو بە سـەر چیلکە دارێکدا بڕوات، بـەڵام مێروولەکە لـە سـەر چیلکە دارەکە خـزی و کـەوتـە نـاو ئاوەکـەوە، زۆری نەمـا مێروولەکە بخنکێت، بـەڵام کۆترێـک ئـەو دیمەنـەی بینـی، لەبـەر ئـەوە بـە خێرایـی گەڵایەتی دیتـەوە و هەڵـی گـرت و خستییە نزیـک مێروولەکـە لـە نـاو ئاوەکـەوە.

مێروولەکـە بـە خێرایـی بـەرەو گەڵاکـە جووڵـەی کـرد و سـەرکەوتە سـەری، زۆری نەخایانـد، گەڵاکـە گەیشـتە ڕۆخـی ئاوەکە، لـەو کاتـەدا مێروولەکە بازێکیدا، بـەم جـۆرە مێروولەکـە ڕزگاری بـوو.

هـەر لـەو کاتـەدا ڕاوچییـەک ویسـتی تـۆڕەکـەی بـە سـەر

کۆترەکـەدا فـڕێ بـدات، بـەو هیوایـەی کۆترەکـە بخاتـە تەڵـەوە و ببێتـە نێچیـر، کـە مێروولەکـە ڕاوچییەکـەی بینـی و تـێ گەیشـت لـەوەی کـە نیـازی بـاش نییـە و دەیەوێـت کۆترەکـە بگرێـت و لـە خۆشـی ژیـان بـێ بەشـی بـکات، بـە خێرایـی گازێکـی لـە پاژنـە پێـی ڕاوچییەکـە گـرت.

بـە هـۆی ئـازاری مێروولەکـە ڕاوچییەکـە تۆڕەکـەی خسـتە خـوارەوە و نەیتوانـی ئامانجەکـەی بپێکێـت، ئیـدی کۆترەکـە بـە خێرایـی بـەرەو شـوێنێکی دوور و سـەلامەت فـڕی و لـە پیلانـی ڕاوچییەکـە ڕزگاری بـوو.

ژیـان بـەو جۆرەیـە: چاکـە لەگـەڵ کەسـێک بکەیـت، چاکـە دێتـەوە ڕێـگات.

کـورد گوتەنـی: «چاکـە بکـە و بیـدە بـە ئـاودا». تـا دەتوانـن چاکـە بکـەن، هەمیشـە لـە چاکـە و کاری بـاش بـەردەوام بـن.

٢٤ی ئازاری ٢٠٢٤

## پێش بڕیاردان بیر بکەوە!



دوای ئاگادارکردنەوە لە نەشتەرگەرییەکی بەپەلە، پزیشکێک بەپەلە گەیشتە نەخۆشخانە و بە خێرایی جلی نەشتەرگەریی پۆشی و چووە بەشی نەشتەرگەری، باوکی کوڕەکە کاتێک کوڕەکەی لە هۆڵەکەدا بینی کە بە پێ دەڕوات و چاوەڕێی پزیشکەکە دەکات، هاواری کرد و گوتی: دکتۆر تا گەیشتیتە نەخۆشخانە بۆ هێندەت پێ چوو؟ نازانی ژیانی کوڕەکەم لە مەترسیدایە؟ تۆ هیچ هەستی بەرپرسیارییێتیت نییە؟

پزیشکەکە زەردەخەنەی کرد و گوتی: ببوورە، من لە نەخۆشخانە نەبووم، دوای ئەوەی پەیوەندییم پێوە کرا بە خێرایی هاتم، خۆزگە ئارام دەبوویت، تا بتوانم کارەکانم ئەنجام بدەم.

باوکەکە گوتی: ئارام بم؟ چی دەبوو ئەگەر کوڕی تۆ لەم ژوورە بووایە؟ ئەو کاتە تۆ ئارام دەبوویت؟ ئەگەر کوڕی تۆ لە چاوەڕوانی پزیشک بمرێت چی دەکەیت؟

دکتۆرەکە دیسانەوە زەردەخەنەی کرد و لە وەڵامدا گوتی:

بە فەزڵی خودا هەموو هەوڵێک دەدەین و تۆش دوعا بۆ ژیان و تەندروستی کوڕەکەت بکە، تەنیا ئارام بە.

باوکەکە مورەموری کرد و گوتی: ئامۆژگاری کردن لەو کاتەدا؟ کە ئێمە نیگەرانین و کوڕەکەمان ژیانی لە مەترسیدایە، ئارام بوون هێندە ئاسانە؟

نەشتەرگەرییەکە چەند کاتژمێرێکی خایاند، دواتر پزیشکەکە بە دڵخۆشییەوە چووە دەرەوە و گوتی: سوپاس بۆ خودا، نەشتەرگەری کوڕەکەت سەرکەوتوو بوو، هەروەها لە قسە کردن بەردەوام بوو، بە بێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵامی باوکەکە بکات، ئینجا گوتی: ئەگەر هەر پرسیارێکت هەیە، لە پەرستارەکان بپرسە، من هەموو ڕێنماییەکم بەوان داوە، پەلەمە و دەبێت بڕۆم.


باوکەکە گوتی: ئەو دکتۆرە بۆچی ئەوەندە بەفیزەوە قسەی کرد و ڕۆیشت؟ نەیتوانی چەند خولەکێک چاوەڕێ بکات، تا من پرسیار لە دۆخی کوڕەکەم بکەم؟ دواتر باوکەکە پرسیاری لە پەرستارەکە کرد، پەرستارەکەش بە فرمێسکەوە وەڵامی دایەوە، ئینجا گوتی: مامە! دوێنێ کوڕی دکتۆر لە ڕووداوێکی هاتووچۆ گیانی لە دەست داوە!

دکتۆر لە گۆڕستان بوو، لە مەراسیمی بە خاک سپاردنی کوڕەکەی بوو، کاتێک تەلەفۆنمان بۆ کرد، تا بێتە نەخۆشخانە و نەشتەرگەری کوڕی تۆ بکات، لە خودای گەورە بە زیاد بێت، ئێستا ژیانی کوڕەکەتی ڕزگار کرد؛ هەر بە ڕاکردن ڕۆیشتەوە گۆڕستان تا فریای ناشتنی کوڕەکەی بکەوێت.

ئەخلاقی ژیان وایە، هەرگیز بڕیار لە سەر کەس مەدە، کە زانیاریت لە سەری نییە، چونکە هەرگیز نازانیت ژیانی ئەو کەسە چۆنە و بە چ بارودۆخێکدا تێ دەپەڕێت.

**٢١ی ئازاری ٢٠٢٤**

# خەباتی ژیان




ڕۆژێک کچێک گلەیی لە باوکی کرد، کە بەدبەختە و نازانێت چۆن دەگاتە ئەو ئاستەی کە خۆی دەیەوێت، لە کاتێکدا بەردەوام لە شەڕ و خەباتدایە، جاروباریش بێزار دەبێت. وا دیار بوو لە دوای تێپەڕینی هەر کێشەیەک بە زوویی کێشەیەکی دیکەی ڕووبەڕوو دەبووەوە. باوک کچەکە چێشتلێنەر بوو، لەگەڵ خۆی بردییە چێشتخانە و سێ مەنجەڵی پڕ لە ئاو کرد، هەر یەکەیانی لە سەر ئاگرێکی بەرز دانا.

کاتێک سێ مەنجەڵەکە کوڵان، پەتاتەی خستە ناو مەنجەڵێک، هێلکەی خستە ناو مەنجەڵی دووەم و دانەوێڵەی قاوەی وردکراوی خستە ناو مەنجەڵی سێیەم، پاشان چاوەڕێی کوڵان بوو، تا ئێستا هیچ وشەیەکی بە کچەکە نەگوتووە، لە کاتی چاوەڕوانی کچەکە ناڵە ناڵە و بێ تاقەتی لێ پەیدا بوو، پێی سەیر بوو، نەیدەزانی چ دەگوزەرێت؟ دوای ٢٠ خولەک ئاگرەکەی کوژاندەوە، پەتاتەکانی لە ناو مەنجەڵەکە دەرهێنا و لە ناو قاپێکی دانا، دواتر هێلکەکانی دەرهێنا و خستییە ناو قاپێکی دیکەوە، ئینجا قاوەکەی دەرهێنا و خستییە ناو کووپێکەوە. دواتر ڕووی لە کچەکەی کرد و گوتی:

کچەکەم چی دەبینیت؟ کچەکە بە پەلە وەڵامی دایەوە و گوتی: پەتاتە، هێلکە و قاوە.
باوکەکە گوتی: لە نزیکەوە سەیر بکە و دەست لە پەتاتەکان بدە، ئەویش وای کرد و هەستی کرد پەتاتەکان نەرمن.
پاشان داوای لێ کرد هێلکەیەک بیشکێنێت، ئەویش توێکڵەکەی لێ کردەوە، ڕوونە کە هێلکە ڕەقە!
لە کۆتاییدا داوای لێ کرد قاوەکە بخواتەوە.
کچەکە پرسیاری کرد و گوتی: باوکە ئەمە مانای چییە؟ باوک گوتی: پەتاتە، هێلکە و دانەوێڵەی قاوە بەیەکەوە ڕووبەڕووی هەمان ناخۆشی بوونەوە، ئەویش ئاوی کوڵاو بوو، بەڵام کاردانەوەیان جیاواز بوو، پەتاتە بەهێز و ڕەقە، کەچی لە ئاودا کوڵا و نەرم لاواز بوو، هێلکەکە ناسک بوو، تەنیا توێکڵەکە دەیپاراست، کەچی هێلکەکە لە دوای کوڵان ڕەق بوو، بەڵام دانەوێڵەی قاوە وردکراوەکە ناوازە بوو، دوای ئەوەی بەر ئاوە کوڵاوەکە کەوت، شتێکی نوێ بەرهەم هات.
کچەکەم پێم بڵێ تۆ لە کامیانی؟ کاتێک ناخۆشی لە دەرگاکەت دەدات، چۆن وەڵام دەدەیتەوە؟ ئێستا پێم بڵێ: تۆ پەتاتەی، یان هێلکە، یان دانەوێڵەی قاوە؟
لە ژیاندا شتەکانی لە دەوروبەرمان ڕوو دەدەن، یان شتەکانی بەسەرماندا فەرز دەکرێن، چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین؟ کاردانەوەمان چۆن و چی دەبێت؟
ژیان هەمووی بریتییە لە بەخشین و وەرگرتن و گۆڕینی هەموو ئەو ململانێیانەی کە لە ئەزموونی کارکردندا ڕوو دەدەن، عاقڵی و نەرمی و زانینی پێویستە، هیچ شتێک بە کەلە ڕەقی و عینادی و خۆبەزلزانین نایەتە دی.
کچی خۆم پێویستە لەگەڵ خزم و کەس و هاوڕێکانت خۆت بگونجێنیت، ئەگەر نا لە ژیان دادەبڕێیت.

١٩ی ئازاری ٢٠٢٤

# چاڵ بۆ خەڵک هەڵکەنێ، خۆت تێی دەکەویت



لـە دوورگەیەکـی نزیـک لـە وڵاتـی ڕووسـیا، فەوجێکـی سـەربازی بـۆ پاسـەوانی کەشـتی و ڕێبـواران هەبـوو، تـا ڕێگـری لـە خەڵکـی بێگانـە بکـەن و نەهێڵـن بـە قاچـاغ بێنـە نـاو ئـەو دوورگەیـەوە.

سـەربازەکان ڕۆژی شـەممەیان دیـاری کـرد، تـا ئاهەنـگ و خۆشـی بگێـڕن، چونکـە دەمێـک بـوو سـەربازەکان نەچووبوونـەوە ماڵـەوە. هەشـت سـەرباز بـە جیـا لـە ناوچەیەکـی نزیـک لـە دانیشتووانی دوورگەکە ئاهەنگیان گێڕا، دوو لەو هەشت سەربازە ناویـان سـتیڤ و جـاک بـوو. ئـەو هەشـت سـەربازە زۆر هاوڕێـی یەکتـری بـوون، بـەڵام سـتیڤ بـۆ جـاک لـە پیـلان بـوو، جاکیـش ئـاگای لـە هیـچ نەبـوو؛ لـە ڕاسـتیدا بـۆ هاوڕێکانـی سـەربازێکی

زۆر دڵسۆز بوو. ستیڤ لەگەڵ شەش سەربازەکەی دی ڕێک کەوتبوون کە ئاهەنگێکی جیاواز بگێڕن، ستیڤیش هەموو ئەرکی ئاهەنگەکەی خستبووە سەر شانی خۆی.

لە ڕۆژی شەممەدا نیو کەلەش بەرخ، ئارەق، مەشرووب و مەزەیەکی زۆریان دانا، دەنگی تەسجیل و گۆرانی جمەی دەهات. مێز و سفرەیان ڕازاندەوە و هەشت پەرداخی پڕ لە ئارەق بۆ خواردنەوە ئامادە کرا.

لە ڕاستیدا ستیڤ پیلانەکەی ئامادە کرد، ئەو پەرداخەی بۆ جاک دانرابوو، نیوە خوێ و نیوە ئارەقی تێکەڵ کردبوو، تا لە کاتی ئاهەنگەکە جاک سەرخۆش بێت؛ دۆخی بە خراپ تێک بچێت، بەو هیوایەی فەرماندەکەیان بە چاوی خۆی ڕەوشی جاک ببینێت، ئینجا لە هەموو ئەرکێکی سەربازی دووری بخاتەوە، چونکە جاک ناو و ناوبانگێکی زۆر باشی هەبوو، ستیڤیش ئیرەیی بە جاک دەبرد و دەیویست تووشی بەزمێکی ئابڕووبەرانەی بکات.

ستیڤ هەمووانی بانگ کردە و گوتی: هاوڕێیان بفەرموون، وا مێزم ڕازاندووەتەوە، مێز ئامادەیە! هەشت سەربازەکە لە سەر مێزەکە دانیشتن و دڵیان خۆش بوو، هەمووشیان پەرداخێک ئارەقیان لە بەردەم دانرابوو.

ستیڤ گوتی: فەرموون، با دەستی پێ بکەین، ستیڤ و شەش هاوڕێکەی دیکە بەدەر لە جاک پەرداخەکەیان دەستدایە و فڕیان لێدا و گوتیان: بە خۆشی! بەڵام جاک دڵی بۆ ئەو خواردنەوەیە نەدەچوو، وەک بڵێی دڵی خورپەی کردووە، چەندی دەی کرد نەیتوانی ئەو پەرداخە ئارەقە بخواتەوە.

لە ناکاو بەرازێکی کێوی بە لایاندا تێپەڕی، جگە لە جاک هەموو سەربازەکان هەستانە سەر پێ، سەربازەکان چەپڵەیان لێ دەدا و سەیری بەرازیان دەکرد! لەو کاتەدا جاک ئاڵوگۆڕی بە پەرداخی ئارەقەکەی خۆی و پەرداخی ئارەقەکەی ستیڤ کرد، چونکە جاک دەیزانی هەر پیلانێک هەبێت ئەوا ستیڤ دای ڕشتووە.

دواتر بەرازەکە ڕۆیشت و سەربازەکان گەڕانەوە سەر مێزەکە، ئەو جارە هەموویان ئارەقەکەیان بەیەکەوە نۆش کرد. ئەو پیلانەی ستیڤ بۆ جاکی دانابوو، خۆی تێی کەوت، هەر لە دوای خواردنەوەی پەرداخە ئارەقەکە ستیڤ دەستی بە قسە کرد و گوتی: سەیری ئەو فیلە بکەن! لە کاتێکدا هیچ لە ئارادا نەبوو، تا وای لێ هات زۆر ڕشایەوە و بێ هۆش بوو.

فەرماندەی فەوج و تەواوی ئەفسەر و سەربازەکانی دیکە زانیان کە ستیڤ چی لێ بە سەر هاتووە، چۆن خۆی ڕیسوا کردووە و ئابڕووی چووە، چونکە لە کاتی ئەرک و فەرمانی سەربازییدا خواردنەوەی مەشرووبات قەدەغە بوو.

کورد گوتەنی: ئەوەی چاڵ بۆ خەڵک هەڵکەنێ، خۆی تێی دەکەوێت.

١٥ی نیسانی ٢٠٢٤

# کیلۆ و نیوێک گۆشت لە چێڵەکەی خۆمان!



حیزبی سۆسیالیست لە ڕێککەوتی ٢٤ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٧٩ شەڕێکی ئازایانە و نەبەردانەیان کرد، لەو نێوەدا ٣٦ سەربازی عێراقی بوونە قوربانی و دوو پێشمەرگەش بە ناوەکانی: سەید سەلیم و شینەی بۆڵی شەهید بوون.

مەبەستی من ناوەڕۆکی شەڕەکە و شەهیدبوونی ئەو دوو پێشمەرگە نییە، سەری ڕێز و نەوازش بۆ شەهیدان و سەربازەکان دادەنوێنم.

مەبەستی من چیرۆکی چێڵەکەمانە، کە لە شەڕدا بووە بەراگێری هەمووان.

لای ئێوارەی هەمان ڕۆژ، لە کاتی هاتنەوەی گاڕان و ئاژەڵان، قرمە قرمی تفەنگ خەڵکی ناو ئاوایی هەراسان کردبوو، دوای تاوێک دەنگی تەقە خاو بووەوە، ئەو کاتە من تەمەنم تەنیا حەوت بۆ هەشت ساڵ دەبوو، بەڵام ئیحسانی برام گەنج بوو، کاک ئیحسان چوو چێڵەکان بهێنێتەوە، بەداخەوە مانگایەکی ئێمە بە سەختی بریندار بوو، هەرچەندە مانگاکە ئاوس بوو، مێنگوێن بوو، یەکەم بێچووی بوو.

ئیحسان هاتەوە و گوتی: بابە چێڵەکەمان بریندارە، زۆر شڕە، نەیگەینێ مردار دەبێتەوە، کاک تەحسین و بابم و کاک ئیحسان و بەندە غارماندا تا سەری ببڕین و مردار نەبێتەوە. لە ناکاو مام حاجی سەعیدی مام حەمەدەمین هات و گوتی: وەڵاهی وەبیلاهی وەتیلاهی ئەوە چێڵەکەی ئێمەیە، چێڵی ئێمە و چێڵی مام سەعید لێک دەچوو، لە کوردەواری خۆمان کاتێک کەسێک سوێندی بە ناوی خودا خوارد، ئەو قسەیە تەواوە! هەموو قسەیەک دەبووە قسەی سوێند خۆر. بەهەرحاڵ مام سەعید بووە خاوەنی چێڵەکە و چێڵ کرا بە خێر، ئێمەش وە خەڵکی ئاوایی کیلۆ و نیوێک گۆشتمان بۆ هات!

دوو ڕۆژ دواتر، بابم گوتی: ڕۆڵە، تەحسین و ئیحسان بڕۆنە بایزبەگ و میکوکاو، بزانن ئەو چێڵە ماوە؟ یان گورگ خواردوویەتی؟ چی لێ هاتووە، ئەوان بۆ سۆراغی چێڵ ڕۆیشتن، کەچی هێندەی نەبرد چێڵە سوور هاتەوە ئاوایی و چووەماڵی مام سەعید!

بەم جۆرە ئێمە لە چێڵی خۆمان بێ بەش بووین و تەنیا بەشە خێریکمان بەرکەوت، مام سەعید کە زانی چێڵەکە هی ئێمە بوو، زۆر پەشیمان بوو، بە باوکمی گوتی: مام کێخوا ببوورە، وامزانی چێڵی خۆمانە، با چێڵەکەی ئێمە بۆ ئێوە بێت، چونکە من سوێندم خواردووە، باوکم گوتی: قەیناکە حاجی سەعید، گەردەنت ئازا بێت، ئێمە چێڵی خۆمان دەناسی، بەڵام تۆ سوێندت خوارد و گوێت لە ئێمە نەگرت، ئێستاش تۆ هەم برای منی و هەم خۆشەویستی ئێمەی. جا ئێمەش لە سەر حەق و مانگای خۆمان، هەم لە قەل و هەم لە کۆتریش بووین.

سڵاو و ڕێز بۆ گۆڕی مام سەعید و باوکم، سڵاو بۆ پێشمەرگە قارەمانەکانی حیزبی سۆسیالیستی ئەو کاتە.

١٧ی نیسانی ٢٠٢٤

# پەنجەرەی زێڕین



لە شارۆچکەیەکی بچووکی جوان، کچێکی بچووک بە ناوی لیندە دەژیا، خانوویەکی بچووکیان لە کەناری ڕووبارێکی جوان لە سەر شاخێک هەبوو، تاکە کچ بوو کە لەگەڵ دایک و باوکی دەژیا، هەرچەندە زۆر دەوڵەمەند نەبوون، بەڵام بە خۆشی دەژیان.

ماڵەکەی بە داری گەورە و ڕووەکی جوان دەورە درابوو، خانووەکەیان بە تەنیا لەو جێگایە بوو، کە لە دار دروست کرابوو، بەڵام لیندە حەزی لەو خانووە نەبوو، هەستی بە بچووکی ماڵەکە دەکرد، لە بەرامبەردا حەزی لە چیاکەی پشت ماڵی خۆیان بوو، کە شاخی بەرز و لووتکە و قەڵای جوانی لێ بوو، پەنجەرەی ماڵی سەر شاخەکە دەبریقایەوە و ڕەنگی وەک زێڕ دەدرەوشایەوە. لە ڕاستیدا لیندە عاشقی ئەو ماڵە بوو، کە لە دوورەوە دەدرەوشایەوە.

لیندە حەزی دەکرد بگاتە لای ئەو پەنجەرە زێڕینییە، بەڵام

بە هۆی بچووکی تەمەنییەوە نەیدەتوانی، بەم جۆرە زیاتر ڕقی لە خانووەکەی خۆیان بوو، بەڵام بێدەنگی هەڵبژارد، لە هەمان کاتدا ئارەزووی بینینی ئەو پەنجەرەی هەر لە گەشەکردندا بوو.

ساڵ هات و تێپەڕی، لیندە تەمەنی بووە ١٢ ساڵ، کچێکی زۆر جوان بوو، لە وێنەی شازادەی زێڕین بوو، پێی وا بوو دەبێت لە خانوویەکدا بژیت کە پەنجەرەکەی زێڕ بێت.

لەگەڵ گەورەبوونیدا دایکی لیندە ڕێگەی بە کچەکەی دەدا کە هاتووچۆ بکات، ڕۆژی جەژن لیندە داوای لە دایکی کرد کە ڕێگەی بدات لە نزیک ڕووبارەکە پیاسە بکات و ئازاد بێت، دایکی ڕەزامەند بوو، بەڵام پێی گوت دوور مەڕۆ، لەو کاتەدا لیندە بڕیاریدا کە بە سەر شاخەکە سەربکەوێت و سەیری ماڵەکە و پەنجەرە زێڕینییەکە بکات.

لیندە بەرەو شاخ هەنگاوی نا و بە باریکە ڕێیەکدا دەستی بە ڕۆیشتن کرد، دوای ململانێ و زەحمەتی گەیشتە سەر لووتکەی شاخەکە، کاتێک لە نزیکەوە خانووەکەی بینی تووشی شۆک بوو، خانوویەکی ناخۆش؛ پەنجەرەیەکی ناشیرین، ئەو پەنجەرەی عاشقی بوو، تاریک بوو، ئەو شەوق و ڕەونەقەی کە لە دوورەوە هەی بوو، واتە ئەوەی لە ماڵی خۆیانەوە دەی بینی، ڕەنگدانەوەی ئەو پەنجەرە ناشیرینە بوو! بەمە لیندە زۆر ناڕەحەت بوو، ماوەیەک بە هێمنی دانیشت، ئارەزووی پەنجەرەکەی لەناوچوو، لەو کاتەدا سەیری خانووەکەی خۆیانی کرد، بینی پەنجەرەیەک وەک زێڕ دەدرەوشێتەوە، ئینجا تێ گەیشت کە تیشکی خۆر لە ئاوەکە دەدات و لە پەنجەرەکەدا ڕەنگ دەداتەوە، بەم شێوەیە پەنجەرەکە دەدرەوشێتەوە.

ئەوەی لیندە ساڵانێک خەونی پێوە دەدیت، بە تەنیا بینینێک لەناوچوو، ئیدی لەو کاتەوە تێ گەیشت هەموو بریقە و شەوقەکان زێڕ نین، هەموو پایەدار و ساماندارەکان خۆشبەخت نین.

٢٢ی نیسانی ٢٠٢٤

## هاوڕێ عەبدوڵڵا حوسێن

- ناسراو بە هاوڕێ کێخوا عەبدەی سماقوڵی
- ساڵی ١٩٧٢ لە گوندی سماقوڵی سەروچاوە لەدایکبووە.
- لە گەنجییەوە چەکی پێشمەرگایەتی لەشان کردووە.
- بەشداری لە ڕاپەڕینی شاری هەولێر کردووە و بە سەختی بریندار بووە.
- ساڵی ١٩٩٩ بەشی کارگێڕی نووسینگەی لە پەیمانگای تەکنیکی کۆیە تەواو کردووە.
- لە ١١ی ئازاری ساڵی ٢٠٠٠ کوردستانی ڕووەو ئەورووپا بەجێ هێشتووە و لە سوید گیرساوەتەوە.
- مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٦ بووەتە بەرپرسی ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە سوید.
- لە کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٩ سویدی جێ هێشتووە و ڕووی لە بەریتانیا کردووە؛ ئێستا لە شاری مانچێستەر نیشتەجێیە.
- خێزاندارە و خاوەنی دوو گوڵ و چوار کوڕە.

بۆ هەر سەرنج و تێبینییەک سەبارەت بەم کتێبە بەم ناونیشانە خوارەوە بۆمان بنێرن:

hawresmaquly@hotmailcom